١

هەڵبژاردەیەک لە ئایدیا
بڵاوکراوەکانی فەیسبوک

# لە پوچییەوە
# تا بەرەنگاری

وەلید عومەر

# پێشەکی:

ئـەوەی لـەم کۆکراوەیـەدا هاتـووە، هەڵبژاردەیەکـە لـەو ئایدیایانـەی کـە لـە چـوار تـا پێنـج ساڵی ڕابـردوودا لـە فـەزای مەجـازی بڵاوبوونەتـەوە. ئامانـج لـە کۆکردنەوەیـان ڕوونـە: یەکـەم، پاراسـتنیان لـە فەوتـان و بیرچوونـەوە. دووەم، ئاسـانکاری و بەردەسـتبوونیان بـۆ خوێندنـەوە. سـێیەم، چوونـە ژێـر بەرپرسـیاریی زۆرێـك لـەو شـتانەی کـە دەیڵێـین و دەینوسـین(بەتایبەت لـە فـەزای مەجازییـدا کـە پـتر وەك کـەشی بێبـاکی دەردەکەوێـت). ئەکاونت(هەژمـار)ی فەیسـبوك، گەرچـی لەڕواڵەتـدا دەتوانێـت ڕۆڵـی ئەرشـیف بگێڕێـت، بـەڵام بـە حوکمـی ئـەوەی سـەر بـە فەزایـەکی قەرەباڵغـترە ئـەوا ڕۆڵەکـەی کاڵدەبێتـەوە. کۆکردنـەوەی هەندێـك لەوبۆچـوون و سـەرنج و ستاتوسـانە لـە کتێبێـکی ئەلیکترۆنییـدا، ئاسـانکارییەکی زیاتـرە بـۆ خوێندنـەوە.

لـە ئاسـتی شەخسییشـدا، فەیسـبوك بـۆ بنـوسی ئـەم بۆچوونانـە، جۆرێـك بـووە لـە مەشـق و تەمرینـی نوسـین(گەرچی پێشـتر دارشتن-انشـاء-ی قوتابخانـە ڕۆڵـی بـۆ هـەر کەسێك هەبـووە کـە عەشـقێکی بـۆ نوسـین هەبووبێـت). لـەم ماوەیـەدا کـە ئـەم فلاشـە کـورت و کەمتـازۆر درێژانـە نـوسراون، کۆمەڵێـك هەڵبەزودابـەز هەبـووە؛ جـا چ لـەڕووی فۆرمـەوە بووبێـت یـان نـاوەڕۆك. چ زمـان و دارشـتن و توانـای تەعبـیر بێـت، چ پاڵنـەری فیکـری و سیاسـییانە بووبێـت. لـە سـەرەتاکانەوە بیرێـکی کەمتـازۆر ڕەشـبینانە و نیهیلیسـتی هەیـە، پاشـان وەردەگەڕێـت بـۆ جۆرێـك لـە خوێ،دنـەوەی سیسـتەم و بەرەنـگاری. بـەڵام لەڕاسـتیدا ئـەم وەرگەڕانـە، گەرچـی

پلەپلـە بـووە، بـەڵام پەیوەندییـەکی دیالەکیتکییـان بەیەکـەوە هەیـە: بەرەنـگاری دەتوانێـت چـارەی ئـەو ڕیشـە نیهیلیسـتیانە بێـت کـە هەسـتماندەکرد بێچـارەن. وەرچەرخـان لـە بیرکردنـەوەدا لـە قۆناغـەکانی گەنجییـدا، ئەگـەر وەرچەرخانێـکی تەدریجـی و پەیوەسـت بێـت، دەتوانێـت ڕۆڵـی ئیجابیـی هەبێـت بـۆ تێگەیشـتن لـە ڕابـردوو و ئێسـتاش. بـە مانایـەکی تـر، لـەو زەمەنـەدا کـە ئـەم شـتانەی تیـا نـوسراوە، پرۆسـەی بەسـوبێکتبوون ئەزموونده‌کەیـن. سـوبێکت بەیـەك جـار نابێتـە سـوبێکت، بەڵکـو بـە گـۆڕان و صەیرورەیـەکی مێژوویـیدا دەبێتـە سـوبێکت و کۆتایـی ئـەم پرۆسـەیەش داناخرێـت. سـادەتر: بـە گەڕانـەوە بـۆ دواوە، تێدەگەیـن بەشـێك بوویـن لـە سـیناریۆی بەسـوبێکتبوون، بەشـێك بوویـن لـە پرۆسـەیەك کـە ملکەچـی هەلومـەرج بـووە و بەڕەهایـی ئـیرادەی ئێمـە ئیـشی تیـا نەکـردووە. لـە سـەرەتدا گـەر جۆرێـك لـە جەبـر لـە ئایدیـا و پۆسـتەکاندا ببینرێـت، ئـەوا دواتـر وەردەگەڕێـت بـۆ خوێندنـەوەی سیسـتەم و تەرحکـردنی بەرەنـگاری. بۆیـە بەشـێوەیەکی» ڕوولەپـاش» و ڕیترۆئەکتیـڤ، تێدەگەیـن هیچـکام لـە ئایدیـاکان زیـادە نەبـووە و دەتوانێـت بەشـێك بێـت بـۆ تێگەیشـتن لـە زەرورەتی بەرەنـگاری.

فیکـر دەبێـت لەسـەر هەمووشـت قسـەبکات. بەپێچەوانـەی ئـەو کلێشـە کوردییـەوە کـە دەڵێـت: نابێـت لەسـەر هەمووشـت قسـەبکەین. ئـەم (هەمـوو شـتە...) بـەو مانایـە نایـەت بـاسی فیزیـا و بـیرکاری بکرێـت، بەڵکـو بـەو مانایـە دێـت کـە هەمـوو دیاردەکان و شـتەکان قابیلی تێڕامانـن و فیکـر دەتوانێـت لێیـان وردبێتـەوە. ئـەم وردبونەوەیـە، بـە کەرەسـتەی تایبەتیـی فیکـر خـۆی ئەنجامەدرێـت. فیکریـش لێـرەدا ناوێـکی گشـتییە بـۆ فەلسـەفە و دەروونشـیکاری و تەنانـەت نیشـانەناسی و دەروونـاسی و کۆمەڵنـاسی. ڕەنگـە لـە ئایدیایـەکی کورتـدا، پشـکی هەریەکـە لەوانـەی تێکەوێـت؛ بەبـێ ئـەوەی ناویـان بهێنرێـت و بـواری باسـکردنیان هەبێـت. پاشـان قەبـارەی ستاتوسـەکانی فەیسـبوك، زیاتـر بـواری ورووژانـدنی باسـێك دەدات، یـان مەجالـدەدات دەرەنجامـی کێشـەیەك بخەیتـەڕوو. زۆرجاریـش تەنیـا تەرحێـکی سـەرەتایی و کرچـوکاڵ بێـت و لـە کاتێـکی تـردا ئیـشی لەسـەر بکرێتـەوە. ئـەم ئایدیایا کۆکراوانـە، جـار هەیـە لـە زمانێـکی ئـەدەبی نزیکدەبنـەوە و جاریـش هەیـە کۆنکرێتـی و شـیکاری. لەکـۆی هەمووشـیاندا هەوڵـدراوە جۆرێـك لـە زمـانی نـوێ و داڕشـتنی نـوێ بهێنرێتـە ئـاراوە. لـەوەدا چەنـد سـەرکەوتوو بـووە، درەنگـتر دەردەکەوێـت. هـاوکات بەبـێ ئەخلاقیکردنـەوە و خاکیکردنـەوەش، دەبێـت

بڵێـین مەشـقی نوسـین، خاڵـی نیـە لـە هەڵـەی تیـۆری و پارادۆکـس و ناکۆکیـی فیکـری. بـەشی هــەرەزۆری پۆسـتەکانیش کــە کــورت بــوون و پارچەپارچــە بــوون، لــە ناواخنــدا تەعبــیرن لــە پارچەبــوونی دونیــا خــۆی. بــەڵام ئــەم پارچانــە قابیلیــەتی کۆکردنەوەیــان هەیــە و دەکرێــت حەکایەتێـکی گشـتی بـۆ ڕزگاری داتاشـین و پارچـە ناچونیەکـەکان کۆبکەینـەوە. سیسـتەم خـۆی لـە ڕوکنـی جیاجیـاوە سـیمای خـۆی دەردەخـات و جاریـش هەیـە سـیمای خـۆی دەشـارێتەوە. بــەم پێیــە، پێویســتدەکات هەرجــارە لــە ڕوکنێکــەوە هەوڵــی بینــین و خوێندنــەوەی سیســتەم بدەیــن.

پێـش ئـەوەی واڵـی فەیسـبوك وەك «ئیمكان»ێـك دەرکەوێـت، بێزارییـەك لەلایـەن نوخبـەوە دەبیـنرا سـەبارەت بـە زۆر نوسـین و زۆربـوونی نوسـین. بۆنمونـە دەوتـرا: شـارخەریکە هەمـووی دەنوسـێت، هەمـووی بـووە بـە نوسـەر. ڕیشـەی ئـەم قەناعەتـە بـۆ کۆمۆنیسـتێك زۆر نادیـار نیـە. چونکـە نوسـین پـتر بـۆ نوخبـە بـووە، بـۆ نوخبەیـەك بـووە بەرەکـەی بچنێتـەوە ببێتـە خــاوەنی ســەروەتێکی ڕەمــزی. بــەڵام لەڕاســتیدا گرنگــە بەرگــری لــە نوســین بکەیــن وەك پرسـێکی گەنجانــە و جەمــاوەری. زیندووکردنــەوەی عەشــقی نوســین بــۆ زۆرینــە، ســڕینەوەی ئــەو تەماعــە شەخســییانەی نوســەرە کــە کینــەی دەرهــەق بەوانیــتر هەیــە بنوســێت. نوســین شــتێك نیــە بکرێتــە موڵکایەتیــی تایبــەت و ئەوانیــتری لــێ مەحــرووم بکرێــت. بــەڵام ئــەم نوســینەی ئێمــە مەبەســتمانە، نوســینێکە کــە لــە خزمــەتی بەرەنگارییــدا بێــت. لەوپــەڕی قووڵیــی خۆیشــیدا، ئەکتێـکی بەرەنگارانـە بێـت. بەرەنــگار هــەر ئــەوە نیــە ڕاســتەوخۆ ئیدیعــای لێــدانی سیســتەم و دەســەڵات و نەریتــە کۆنــەکان بکەیــت، بەڵکــو مەبەســتەکە پــتر ســتراتیژی نوسـینە. بـۆ دەنوسـین؟ لـە کـۆدت و دەرەنجـام دەمانەوێـت چـی بـگات؟ ئەمـەش لـە پێناسـەی نوسـەربوونەوە دەسـتپێدەکات و دەبێـت ئـەو پێناسـە نیهیلیسـتییە بـۆ نوسـەر تێکبشـکێنین کـە پێـی وایـە نوسـین دوافیشـەکە دەینێیـت بـە خۆتـەوە و هیـچ ارەیـەکی تـرن نیـە. دەبێـت شـتێکی لــەم جــۆرە بڵێــین: نوســین فیشــەکێکە دەنرێــت بــەو فیگەرانــەوە کــە ئیمــکانی ژیــان بچــوك و بەرتەســکدەنەوە. کــە تادێــت فۆرمــی تــازەی چەوســاندنەوە دادەهێنــن. هــەر نیســبەت بــەم خاڵــەوە گرنگــە ئامــاژە بــۆ شــتێکی تــر بدەیــن: دەنگێــك هەبــوو، ئێســتاش بەجۆرێــك هەیــە، کــە فەیسـبوك شـوێنێکی جـدی نیـە. لەڕاسـتیدا بـۆ کەسـێك کـە پەیامێـکی هەبێـت و بیەوێـت بــە هــەر نرخێــك بێــت بــگات، ئــەوا فەیسـبوك یەکێکــە لــە ئیمکانــەکان و بگــرە لــە ئیمکانێکیــش

زیاتـرە. چیـتر ئـەو واقیعـە بێگـەردە بـوونی نیـە کـە ڕۆژانێـك واسـەیردەکرا هەیـە. دەتوانـین فەیسـبوك بکەینـە یەکێـك لـە ئیمکانـەکانی نـاو واقیـع بـۆ ئـەوەی بـواری ئیـشی بەرەنگارانـە برەخسـێنین.

سـەرەنجام ماوەتـەوە بڵێـین کـە هەمـوو ئایدیایـەك کـە لـە فەیسـبوك بڵاودەکرێتـەوە، کۆمێنـت و ڕای ئەوانیتریـشی لەگەڵدایـە. ئـەم کۆمێنـت و ڕایانـە، بـە مانایـەك لـە ماناکان، دەبنـە بەشـێك لـە دەقەکـە و ئایدیاکـە. بەشـداردەبن لـە بۆشـایی و زیادەیـی و ئیمکانـەکانی نـاو ئایدیاکـە. بـەڵام لـە ئیشـێکی لـەم جـۆرەدا، کۆمێنتـەکان لـە ئایدیاکـە جیادەبێتـەوە و لـە ڕێگەیـەکی تـرەوە بـەر خوێنـەر و کۆمێنتـی تـر دەکەوێـت کـە ئـەم جارەیـان بـواری نوسـینەوەی نابێـت. جێـی بیرخسـتنەوەیە کـە دەسـکاریی ڕێنـوس و ڕێزمـانی بابەتەکانمـان نەکـردووە تاکـو دۆخ و بـەرواری نوسـینەوەیان بنوێنێتـەوە. لـە ٢٠١٢یشـەوە بـۆ ٢٠١٧ بابەتـەکان ڕیـز کـراون، دیسـان لەبـەر ئـەوەی بـەرزی و نزمیـی بیرۆکـەکان دەرکەوێـت. سـەرەتا چەنـد فۆتۆیەکـمان خسـتە کۆکراوەکـەوە کـە بـۆ ڕوونبوونـەوەی هەندێـك پۆسـت پێویسـت بـوو، بـەڵام لەبـەر قورسـیی کتێبەکـە و قبوڵنەکـردنی لەلایـەن سـێرڤەری سـایتەکەوە لامانـبرد و هیواداریـن نوقسـانی و ناڕۆشـنی دورووسـتنەکات. هەروەهـا ئەمـە بەرگـی یەکەمـە لـەم پـرۆژە مەجازییـەی گرووپـی نێگەتیـڤ. بەرگـی دووەمیـش، کۆکردنـەوەی ئایدیـا و سـەرنجەکانی هـاوڕێ «زەردەشـت نورەدیـن» لەخۆدەگرێـت.

# 2012

# ڕیپۆرتاژێک دەربارەی مردنی خودا

## ١. خودا وەك بوونەوەرێكی ئەبستراكت:

دەوترێـت خـودا هەمیشـە ژمـارە (١)مـان بیردەخاتـەوە. ژمارەیـەك کـە هـەوڵ دەدات ببێتـە ژێرخانـی ژمارەکانـی دی. ژمارەیـەك کـە تەنیـا گوزارشـت لـە چەندێتـی نـاکات، بەڵکـو تەعبیـر لـە چۆنێتیـش دەکات. بـەڵام ئایـا ژمـارە ١ هێمایـە بـۆ تەنیایـی و ئەبسـتراکت بوونـی خـودا؟ ئەوەنـدەی کـە ئاشـکرایە بەڵـێ، چونکـە ١ ئاماژەیـە بـۆ سـەرچاوە، سـەرچاوەش تەنیـا و تاقانەیـە. ١ هـەوڵ دەدات ئاژاوەکانـی زەیـن لـە خۆیـدا کـورت و ڕووت و تەنیـا بکاتـەوە. خـوداشماڵێکـی کـپ و سـاکاری دەوێـت تاکـو لـە جوڵـە و ژاوەژاوی ماتریـاڵ قوتـاری ببێـت. گـەر وەکـو ئایدیـای ئەفلاتونـی سـەیری ١ بکەیـن ئـەوا دوو دەرەنجامـمان دەربـارەی خـودا دەسـت دەکەوێـت. یەکـەم: خـودا دەیەوێـت لـە فەزایەکـی پەتـی و ڕەهـادا نیشـتەجێ ببێـت و جیهانـی سـەرەوە داگیربـکات. دووەمیـش: خـودا شـەیدای خاوەندارێتییـە و دەیەوێـت نەمـر بێـت و فـۆرم و فرەیـی شـتەکان لـە خۆیـدا کـۆ بکاتـەوە. ئایـا ئـەم ئـارەزووەی خـودا دێتـە دی؟ وەك پێشـتریش وتمـان: نەخێـر. ئایدیـا هەڵهاتـن و مـەودا دروسـتکردنە لـە کۆپییـەوە، کەچـی خـودا لـە کۆپـی و وێنـەی نـزم ڕزگاری نابێـت. کۆپییەکانـی خـودا لـە خـوارەوە، ئارامـی خـودا دەشـێوێنن لـە سـەرەوە. لـە پادشـاکانەوە بیگـرە تـا سـەرمایەدارەکان، هەمـوو لـە کۆپییـە کاڵ و خراپەکانـی خـودان. خـودا ناتوانێـت خاوەنـی شـتەکان بێـت، ئـەوەی لای خودایـە فـۆرم و نوسـخەی ئۆرگینالـە. کۆپییـەکان، هەمـوو چرکەیـەك خـودا دەخەنـەوە نـاو کۆنتێکسـت و ڕووتـی و تەنیایـی و ئارامـی لـێ دەسـێننەوە.

لێـرەدا گرفتێـك سـەردەردێنێت و ژمـارە ١ خەوشـدار دەکات. ١ خـۆی کۆمەڵێـك توخـم و وێنـە و

ماتریاڵـە و ئەبسـتراکت کراوەتـەوە. ماڵـی خـۆی لـە دەرەوە و کۆنکرێتـەوە گواسـتۆتەوە بـۆ نـاوەوە و بـۆ ئەبسـتراکت. ١ هـەم یـەك خودایـە و هـەم یـەك پشـیلە و هـەم یـەك درەختیـش.
خـودا لـە ئەبستراکتیشـدا ئاوارەیـە، چونکـە ١ ماڵـی کـێ بێـت؟ ماڵـی ئـەو بێـت یـان ئیبلیـس؟ ماڵـی ئـەو بێـت یـان ١ جـەردە و ١ گومـان و ١ مـردووش. ١ ماڵـی هەمـوو بوونەوەرەکانـە ئـەو دەمـەی کـە تەنیـا دەبنـەوە. خـودا لـە مێـژوودا چەنـد جارێـك بنەوبـاری گواسـتۆتەوە. لـە ١ـــەوە بـۆ ٢، ٣،٧ و... لەوێشـەوە دیسـانەوە بـۆ ١. خـودا دوودڵـە لـەوەی لـە هەرێمـی ئەبسـتراکتدا بـژی، بۆیـە چەنـد جارێـك هەڵدێـت و جێـی خـۆی دەگـۆڕێـت. بـە ژمارەکانـدا دێـت و دەچێـت و لـە هەنـدێ چرکەسـاتی خۆیـدا دەتەقێتـەوە بەنـاو ژمـارەکان و تەنانـەت دونیـای ماتریاڵیشـدا. خـودا دەبێتـە هەزارەهـا پارچـە و هەزارەهـا گـوڵ و کانـی و ماسـی و بـەرد و ژمـارەوە. عارفـان و سـۆفییەکان بانگەشـەی ئـەوە دەکـەن کـە شـایەتحاڵی ئـەم تەقینەوەیـەن. هەیانـە ئـەم ڕووداوە لـە نزیکـەوە ئەزمـوون دەکات و بڕگەیەکیـمان بـۆ دەگێڕێتـەوە. خەرقانـی یەکێکـە لـە سـۆفیەکان و دەڵێـت مـن دوو سـاڵ لـە خـودا گەنجـترم. خەرقانـی دەچێتـە لاشـانی خـودا و لـە ماڵـە ئەبسـتراکتەکەی ئـەودا دەژی، دوو یەکێکـە لـە ماڵـە دێرینەکانـی خـودا و ئـەم سـۆفییە تەمەنـی خـۆی و خـودای پـێ بـەراورد دەکات.
چیرۆکـمان زۆرە دەربـارەی تەنیابوونـی خـودا. هەندێـك دەڵێـن خـودا هەمیشـە تەنیا و ئەبسـتراکت بـووە، چونکـە هـەر لـە زەینـدا لەدایـك بـووە. هەندێکـی تـر دەڵێـن نەخێـر، دواتـر تەنیا کەوتـووە و مێـژوو ناچـاری کـردووە لـە «عەین»ـەوە سـەرهەڵگرێت بـەرەو «زەیـن». سـەدە دوور و دێرینـەکان بۆمـان دەگێڕنـەوە، کـە خـودا بـەر لـەوەی ببێتـە دانیشـتووی زەیـن، لای کانـی و مانـگ و ئەسـتێرە و خێـو و بـاوك و ژن و بـت و گەلێـك شـتی دی لایـداوە. بـە تەنیشـتی زۆر سـەردەم و زۆر قەبیلـەدا تێدەپەڕێـت. هێنـدە لـە مـرۆڤ نزیـك دەبێتـەوە، تاکـو ماڵـە بەردینـە دروسـت دەکات و تەنانـەت لـە خاچیـش دەدرێـت.
ڕەنگـە گەورەتریـن توندوتیـژی کـە دژی خـودا ئەنجـام درابێـت ئـەم ڕسـتەیە بێـت: خـودا مـرد. خـودا دەمرێـت و ژمـارە ١ نامرێـت. ١ فێڵـی زەیـن بـوو لـە عەیـن. زەیـن خـودا ڕووتدەکاتـەوە و دەیکوژێـت. خـودا هـەر لـە عەینـدا جوانـە، چونکـە لانیکـەم بـە پێچەوانـەی وشـەوە لەمـس دەکرێـت. خـودا دەمرێـت و مانـگ چیـتر خـودا نیـە، مانـگ دەبێتـە میتافـۆری شـاعیران و ئۆبێکتـی زانایـان.

## ٢. قەبری خودا:

مردنـی خـودا بەهایەکـی مەجـازی گـەورەی هەیـە. خـودا مـرد ڕسـتەیەکی خەبەرییـە. «خـودا» بکـەرە و «مرد»یـش کـردارە. واتـە بکـەر (خـودا)، کرداری(مردن)ــی ئەنجـام داوە. گـەر بەپێـی لۆژیکـی ڕێزمانـی بجوڵێینـەوە، ئـەوا مـردن دەتوانێـت ببێتـە بکـەر و خـوداش لـە بکەربـوون بکەوێـت. بـۆ نمـــوونە ڕسـتەکە دەتوانێـت بـەم جـۆرەی لـێ بێـت: مـردن خـودای بـرد. خـودا لێـرەدا نـەك لـە بکەربـوون دەکەوێـت بەڵکـو بەهایەکـی کەمـتر لـە کـردار وەردەگرێـت و دەبێتـە بـەرکار یـان خزمەتـکاری کار. خـودا هەمیشـە «واجب الوجود»ــی ڕسـتەکە نیـە، خـودا دەشـێ زیادەبێـت و ڕسـتەکە ببێتـە: مـردن بـردی. خـودا دەبێتـە جێنـاوی لـکاوی (ی). خـودا دەبێتـە جێنـاو. دەتوانیـن ناوێـك بخەینـە جێیەکـەی. خـودا «ممکن الوجود»ــە چونکـە دەتوانین لەجیاتـی خـودا هـەر نـاو و جێناوێکـی تـر دابنێیـن. خـودا هەمیشـە هـەر بکـەر و حەقیقـەت نیـە، بەڵکـو دەبێتـە بـەرکار و مەجازیـش.

پێـم وایـە خـودا هـەر لەگـەڵ لەدایکبوونیـدا مـردووە. پاسـەوانانی خـودا پێـمان دەڵێـن ئـەوە خودایـە کـە زمانـی داهێنـاوە، کەچـی بێئـاگان لـەوەی کـە خـودا بـەم کارەی خـۆی کوشـتووە. گـەر خـودا زمانـی داهێنابێـت، ئـەوا چاڵێکـی ئۆنتۆلـۆژی بـۆ خـۆی هەڵکەنـدووە. مـن لەگـەڵ نیچـەدا نیـم کـە کڵێسـا قەبـری خودایـە، بەڵکـو ئـەوە زمانـە دەبێتـە گـۆڕی خـودا.

گـەر بەسـادەیی لـە دیـدی ڤیتگنشـتاینی یەکەمـەوە سـەیری گـوزارەی «خـودا مـرد» بکەیـن، ئــەوا گوزارەیەکــی بێمانایــە. لای ئــەو هــەر گوزارەیــەك نەتوانێــت لــە واقیعــدا وێنەیــەك درووســت بــکات گوزارەیەکــی بێمانایــە. پێویســتە زمــان وێنەیەکــی ســاف و ســەلیمی واقیــع بداتــە دەســتەوە. ئــەم گوزارەیــە وێنــە لــە واقیعــدا درووســت نــاکات. بۆیــە لــەم گوزارەیــەدا خـودا ونـە، خـودا گۆڕغەریبـە. ئەگـەر دیـدگای ڤیتگنشـتاینی دووەمیـش وەربگریـن ئـەوا خـودا بەجۆرێکـی تـر دێتـەوە بـۆ لامـان. زمـان چیـتر وێنـە نیـە، بەڵکـو ئامـرازە. هـەر دەسـتەواژە و ڕسـتەیەك دەبنـە ئامـراز بـۆ دۆخێـك و مەرامێـك و سـیاقێك. ڤیتگنشـتاینی دووەم بەجۆرێـك لـە جـۆرەکان ڕێ خـۆش دەکات بـۆ ئـەوەی خـودا لەدایـك ببێتـەوە. خودا چیـتر بکەرێکـی بەرزەجێ نیـە، بەڵکـو دادەبەزێـت بـۆ نـاو یارییـە زمانییـەکان. خـودا ناتوانێـت بچێتـە بـەردەم زمـان و سـەیری زمـان بـکات، بەڵکـو لەنـاو بەکارهێنانـە بێشـومارەکانی زمانـدا دێـت و دەچێـت. خـودا

لـە بەرزایـی و سـتوونەوە ناکەوێتـە خـوارەوە و بمرێـت، خـودا دێتـەوە تەنیشـتمان و ئاسـۆییانە یاریـمان لەگـەڵ دەکات. لـە هەنـاوی ئـەم گەمەیەدایـە کـە گەمەکارێکـی وەکـو «ئۆشـۆ» دێـت و هاوکێشـەکە بـەم جـۆرە دادەڕێژێتـەوە:

خودا مرد (نیچە)

نیچە مرد (خودا)

لاکان (بەپەیـڕەوی لـە هیـگڵ)، پێـی وایـە کـە وشـە لەناوچوونـی شـتە. شـتەکان کـە بـوون بـە وشـە، ئیـدی حـزووری خۆیـان لـە دەسـت دەدەن. ئەوەنـدەی وشـەکە خـۆی قـوت دەکاتـەوە، نیـو ئەوەنـدە شـتەکە خـۆی ناخاتـە بەرچاومـان. خـودا هەمیشـە وەکـو دوو گریمانـە ئامـادە بـووە. هەم وەکـو وشـە ئامـادە بـووە و هـەم وەکـو شـتیش. ئێمـە بـە پەیـڕەوی لـە هایدگـەر، خـودا وەکـو (شـت) وەردەگریـن. خـودا وەکـو وشـە پـەرش دەبێتـەوە بەنێـو زمانـە جیاوازەکانـدا و لـە هـەر زمانێکـدا وشـەیەك یاخـود «دالێـك» داگیـردەکات. وەکـو شـتیش لای زۆرێـك لـە دینـە جیاجیـاکان خـۆی دەردەخـات و لـە وێنـە و ماتریالـدا خـۆی نمایـش دەکات. شـت ئامـادە دەبێـت بـەڵام وشـەش ئامادەیـە و دەبێتـە شـەبەنگێك بـە دەوری شـتەکەدا. تەمـاس و نوقـم بـوون لـە شـتەکەدا (یـان خـودای بەرجەسـتە) وشـە ناکوژێـت، بەڵکـو وشـە دەبێتـەوە بـە کەناڵێکـی تـری پەیوەنـدی، کەناڵێك کـە لـەزەت و پەیوەندییەکانـی مـرۆڤ بـە خـودا ماتریاڵیەکـەوە ڕێـك دەخاتـەوە. هەنوکـە دەکرێـت ڕسـتەکەی لاکان ئـەم دەرەنجامـەی لـێ بکەوێتـەوە کـە: شـت لەناوچوونـی وشـە نیـە.

گـەر بـە دیوەکـەی تـردا سـەیری خـودا بکەیـن، ئـەوا ئـەوەی کـە ئامـادە بـووە تەنیـا «وشـە» بـووە. وشـە زەقـتر و تۆخـتر دەرکەوتـووە و وا هەسـت دەکەیـن بـووە بـە خـودا خـۆی. وشـە دەبێتـە شـوێنگەی نوسـتنی مەحـاڵ و مۆڵگـەی زۆر شـتی گـەورە. بـەڵام گـەر تۆزێـك ورد بینـەوە، تێدەگەین ماهیەتـی وشـە خـز و خاڵییـە و فۆرمێکـی بەتاڵـە. بـەڵام سـەرباری ئەمـە، ئـەو بۆشـاییە ناکۆتایـەی نـاو وشـە دەبێتـە ماهیـەت و حـزووری شـتەکان. لێرەوەیـە کـە هەجوکردنـی وشـەی خـودا، وەك هەجوکردنـی خـودا خـۆی لێـك دەدرێتـەوە. بەهەرحـاڵ ئێسـتا ڕسـتەکەی لاکان بـەم جـۆرەی لـێ دێـت: وشـە خـودی شـتە. کەواتـە وشـەی خـودا دەبێتـە خـودا خـۆی. دواتریـش ڕسـتەکەی نیچـە دەبێتـە گۆڕسـتانی خـودا و وشـەی خـودا دەبێتـە تەرمـی خـودا. وەك چـۆن تـەرم سـارد و سـڕ و پاسـیڤە، وشـەش هەمـان سـارد و سـڕی لەخۆیـدا هەڵگرتـووە. ئێسـتا دەتوانیـن نیهیلیزمێکـی نـوێ

ڕابگەیەنیـن و لەجیاتـی مردنـی بەهـا و مانـا، پرسـە بـۆ مردنـی ڕەنـگ و بۆنـی وشـە دابنێیـن. لێـرەدا سـتونێکی بەختیـار عەلیـم بیردەکەوێتـەوە کـە تیایـدا دەنوسـێت: وشـە بـەم پێیـە مایـەی تراژیدیایەکـی گەورەیـە. بـە بۆچوونـی سـیدهارتا مـرۆڤ لـە وشـە زیاتـری نیـە و وشـەش جگـە لـە بوونێکـی بێتـام و بـێ بـۆن هیچـی دی نیـە، شـتە گرنگـەکان هەمـووی وشـەن. مـرۆڤ هیـچ نیـە جگـە لـە مەلەوانێـك لـە حـەوزی وشـەدا، بـەڵام وشـەکان جگـە لـە نائارامـی و نائاسـودەییش هیـچ ناهێنـن.

## ٤. هەڵفڕینی خودا:

سـارتەر چیرۆکـی مولحیدبوونـی خـۆی لـە کتێبی-وشـەکان-دا، زۆر قەشـەنگ دەگێڕێتـەوە. لـە کات و جێـی جیـاوازدا ئامـاژەی بـۆ ئـەوە کـردووە کـە خـودا چـۆن دەتۆرێـت و ناگەڕێتـەوە. ئـەو بـە منالـی و بـە شـێوەیەکی شـهودی خـوای لـێ ون دەبێـت. خـودا خـۆی ماڵئاوایـی دەکات و لە سـەری منالێکـی وەك سـارتەر دەردەچێـت. سـارتەر دەڵێـت یـەك جـار هەسـتم بـە بوونـی خـوا کـردووە، ئەویـش لەوکاتـەدا کـە نیـگای تـێ دەگرتـم و چـاوی لەسـەر هەڵنەدەگرتـم. سـارتەر لـە یەکێـك لـە ڕۆژەکانـی تەمەنـی یـازدە سـاڵیدا یـاری بـە شـقارتە دەکات و، بـێ ویسـتی خـۆی قاڵییـەك دەسـوتێنێت. دواتـر دەیەوێـت تاوانەکـەی بشـارێتەوە کەچی»کتوپڕ خـوا دەیبینێـت و نیـگای ئـەو لـە نـاو سـەری و سەردەسـتیدا هەسـت پێـدەکات». خـودا وەك چاودێرێـك سـارتەر دەخاتـە ژێـر کۆنترۆڵـەوە. ئـەوەی سـارتەر لـەم دۆخـە قورسـە ڕزگار دەکات توڕەبوونێتـی. ئـەو لـەم جاسوسـیەی خـودا تـوڕە دەبێـت و وەکـو باپیـرە بێخوداکـەی دەڵێـت: هـەی لەعنەتـی، لەعنەتـی، لەعنەتـی. ئیـدی خـودا واز لـە سـارتەر دێنێـت و هەرگیـز چـاوی تـێ نابڕێـت.
نیـگای خـودا لـە حاڵەتێکـی لـەم جـۆرەدا بریتیـە لـە بەئاگاهاتنـەوەی مـرۆڤ لـە تەنیایـی خـۆی. لێـرەدا خـودا وەك مەجازێـك بەکاردێـت بـۆ بەریەککەوتنـی تەنیایـی و ئـازادی. لێـرەدا تەنیایـی وەك تەزوویەکـی ئۆنتۆلـۆژی مـرۆڤ دادەگرێـت و، ئازادییـش دەبێتـە پاشـکۆی ڕاسـتەوخۆی ئـەم تـەزووە. بـە لای منـەوە جوانتریـن ئیلحـاد، ئیلحـادی سـارتەرە. ئیلحادێـك کـە پـڕە لـە شـیعرییەت و ڕەگـەزی فەلسـەفی و چرکـەی وردی سـایکۆلۆژی. دیوێکـی تـری ئەبسـتراکت هەیـە لـە ئیلحـادی سـارتەردا کـە لـە ڕۆمانـی -هێڵنـج-دا شـیتەڵ کـراوە و نوسـینێکی سـەربەخۆی دەوێـت.

سـارتەر لـە جێیەکـی تـردا چیرۆکەکـە بـە جۆرێکـی تـر دەگێڕێتـەوە. بەرەبەیانێکـی سـاڵی ١٩١٧ دەبێـت. تەمەنـی یـازدە سـاڵ دەبێـت و لـە ڕێـی قوتابخانـەدا چاوەڕێـی هاوڕێکانـی دەکات. بـۆ ئـەوەی خـۆی سـەرقاڵ بـکات تاکـو ئـەوان دێـن، بڕیـار دەدات بیـر لـە خـودا بکاتـەوە. بـەڵام «ئـەو یەکسـەر بـەرەو ئاسـمان دەردەپەڕێـت». سـارتەر ئـەم تەنیابوونـە زۆر جیـددی ناگرێـت و پێـی وایـە کێشـەیەکی گـەورەی بـۆ چـارە کـردووە. لـە شەسـت سـاڵیدا باسـی ئـەوە دەکات کـە کێشـەی خـۆی و خـودای یەکلایـی کردۆتـەوە. وای دەبینێـت کـە جیابوونـەوەی خـۆی و خـودا، لـە بەدحاڵیبوونێـك دەچێـت لەنێـوان عاشـقێك و مەعشـوقێکدا. سـارتەر وەکـو پیرەعاشـقێك لـە کۆنـە دولبەرێکـی خـۆی دەڕوانێـت.

حەکایەتـی تەنیایـی لەنێـوان نیچـە و کامـۆ و سـارتەردا، وێـڕای لێکچـوون و دەرەنجامـی یەکسـانی فەلسـەفی، بۆچـوون و چرکـەی جیاوازیشـی تیایـە. گۆتێـز کـە یەکێکـە لـە کارەکتەرەکانـی شـانۆنامەی «شـەیتان و خوا»ــی سـارتەر و دەڵێت«مـن خـودام کوشـت چونکـە لـە خەڵکـی جیادەکردمـەوە و ئێسـتاش سـەیردەکەم مەرگـی ئـەو تەنیاتـری کـردووم». بـەڵام لـە هەمـان دەقـدا نیـگا بوونگەراییەکـەی سـارتەر دەردەکەوێـت و مەرگـی خـودا دەبێتـە مـەرج بـۆ ئازادیـی مـرۆڤ نـەك تەنیایـی مـرۆڤ. هەمـان کارەکتـەر دەڵێـت «هەمـوو لەحزەیـەك لـە خـۆم دەپرسـم، ئـەرێ مـن لـە چـاوی خـواوە چیـم. ئێسـتا وەڵامەکـەی دەزانـم: هیـچ... ئـەم بۆشـاییە دەبینـی بەسـەر سـەرمانەوە؟ ئـەوە خودایـە. ئـەو درزە دەبینـی لـە دەرگاکـەدا؟ ئـەوە خودایـە. ئـەم چاڵـە دەبینـی لـە زەوییەکـەدا. ئەمـەش هـەر خودایـە. سـکوت خودایـە. نەبـوون خودایـە. خـودا تەنیایـی مرۆڤـە. تەنیـا مـن بوونـم هەبـوو. مـن بەتەنیـا بڕیـاری خراپـەم دا. مـن بەتەنیایـی چاکـەم داهێنا...گـەر خـودا هەیـە ئـەوا مـرۆڤ عەدەمـە. گـەر مرۆڤیـش هەیـە ئـەوا.....». لـەم ڕسـتانەوە ئەوەمـان بیردەکەوێتـەوە گـەر خـودا هەبێـت ئـەوە مـرۆڤ ئـازاد نیـە و گـەر مرۆڤیـش ئـازاد بێـت ئـەوا خـودا بوونـی نیـە. لای سـارتەر ئـازادی دەتوانێـت جـێ بـە تەنیایـی لـەق بـکات. مـن دەبێـت ئازادیـی ئەوانـی تریـش بکەمـە ئامانجـی خـۆم.

سارتەر لـە چیرۆکێکـی تـردا پێـی وایـە ئـەوە نیشـتنەوەی خراپـە و ئـازارە، کـە خـودا ناچـار دەکات هەڵفرێـت. سـارتەر هاوپۆلێکـی هەتیـو و چکۆلـەی دەبێـت لـە ڕۆژگاری منداڵیـدا، ئـەم هاوپۆلـە نـاوی (بنار)ــەو لەگـەڵ دایکـە بەرگدوورەکەیـدا بـە تەنیـا دەژیـن. ئـەم منداڵـە دەمرێـت و کۆمەڵێك پرسـیار دەڕژێتـە مێشـکی سـارتەرەوە. سـارتەر بـەم جـۆرە وەسـفی هـاوڕێ چکۆلەکـەی خـۆی دەکات: «کوڕێکـی چکۆلـەی قەڵەوکیلـە بـوو، هـەر لـە جوجەڵەیـەك دەچـوو... ئـارام و میهرەبـان

و هەستیار بوو...وێڕای هەر شتێکی تر یەکەمی پۆلەکە بوو...هەموو هاوپۆلەکان خۆشیان دەویست و ڕێزیان دەگرت...بنار مایەی خۆشحاڵی ئەو ژنە بەدبەختە بوو». بنار لاوازبوونی جەستەیی تەنگی پێ هەڵدەچنێت و وەکو «نیوە گیان»ێك دەژی. لە ڕۆژێکی کۆتایی زستاندا بنار دەمرێت و دایك و هاوڕێکانی جێدێڵێت. چل هاوڕێی چکۆلەی بنار دوای تابووتەکەی دەکەون، کە یەکێکیان ژان پۆڵی چکۆلەیە. مالاوایی لە بنار دەکەن و بۆ یاری سەفەرکردوویان دەگرین. سارتەر دەربارەی مردنی بنار دەڵێت: ژیانی بنار هێندە کورت بوو کە ناتوانین بڵێین ئەو مرد...ئەو بە حزوورێکی پەخش بووەوە و موقەدەسەوە لە ناوماندا مایەوە... ئازیزەکەمان ئەم دونیایەی جێ هێشت و ئێمەش بە هێواشی و بە لەزەتێکی غەمگینانەوە باسمان دەکرد. مەرگی بنار کارێکی گەورە دەکاتە سەر سارتەر و لە هەموو ژیانیدا لەبەر چاوی ون نابێت. لێرەوەیە کە خودا ناتوانێت بنج داکوتێت و سارتەریش دەڵێت: لەبەر ئەوەی لە دڵما ڕیشەی دانەکوتا، ماوەیەك چەشنی گیا تیامدا ژیا و پاشان مرد.

ڕەنگە ئەم چیرۆکە، ڕۆمانی تاعونی کامۆمان بیرخاتەوە. لەوێش منداڵێك بەهۆی تاعونەوە دەمرێت و زەجر و ئازار هەموو شارەکەی دادەپۆشێت. ئەو دکتۆرەی کە چاودێریی منداڵەکە دەکات دەڵێت: من هەر سیستمێك ڕەت دەکەمەوە کە منالانی تیا دەمرێت.

هەندێ جار هەڵفڕینی خودا پێویستی بە مەعریفەیەکی زۆر نیە. برێك شهود و ڕۆشن بوونەوەی ناوەکی دەتوانێت خودا هەڵفڕێنێت. ئازار دەلاقەیەکی گرنگە بۆ ڕۆشنکردنەوەوەی ناوەوەی مرۆڤ. ئازار ڕۆڵی چەخماخە و گڕێك دەبینێت کە ئاگر بەردەداتە مرۆڤ و زۆرجار خوداشی پێوە دەسوتێت. بۆ ئەوەی خودا هەڵفڕێت، ڕەنگە زۆر پێویست بە فۆرمۆڵی ماتماتیکی و تیۆر و ئەرگۆمێننت نەکات. مردنی منالێك و دڵشکانێکی بچوك بەسە بۆ ئەوەی تێ بگەین کە خودا درزێکی ڕووپۆشکراو و سەرداخراوی ناو خۆمانە.

باڵندەیەکی سلۆکە و سەرباری جوانییەکەی ڕەنگە هەڵفڕێت و بۆ ئەبەد نەیبینینەوە. خودا لە زۆر لەحزەدا هەر هێندەی منالێك مەزنە، نە کەم و نە زیاد. کۆنفۆشیوس وتویەتی لەگەڵ لەدایکبوونی هەر منالێکدا خودایەکیش لەدایك دەبێت. دەتوانین دەستکاری قسەکەی کۆنفۆشیوس بکەین و بڵێین: لەگەڵ مردنی هەر منالێکدا خودایەکیش دەمرێت. خودا زۆرجار ئەو بوونەوەرە ئەبستراکت و دوورەدەستە نیە کە وێنای دەکەین، بەڵکو شەبەنگ و تارماییەکە و بە دەوری شتەکاندا ئالاوە. کە شتەکان دەمرن و خامۆش دەبن، خوداش خامۆش دەبێت.

## ٥. کوشتنی خودا:

دەشێ کتێبی «حیکمەتی شادان»ـی نیچە، یەکەمین دەقی فەلسەفی بێت کە بە ڕوونی هەواڵی کوشتنی خودا ڕادەگەیەنێت. ئاشکرایە کە حەکایەتەکەی نیچە حەکایەتێکی سیمبوڵییە. لەو ڕاڤە باوانەی بۆ ئەم چیرۆکەهەواڵە دەکرێت ئەوەیە کە مرۆڤ لە ڕووی میتافیزیکییەوە کۆستی کەوتووە. خودا وەك گەرەنتی حەقیقەت و بەها و مانا دەمرێت. یاخود ئەوە ئەخلاقی مەسیحیەتە لە ناوەوە خۆی دەخوات و دەکەوێت. ئەمانە پتر لە تەفسیرەوە نزیکن تاکو تەئویل. چونکە زیاتر لە فۆرم و بەلاغەتی ڕستەکانەوە درووست بوون، نەك لە پشکنینی ئەگەرە ناوەکییەکانی زمانەوە. تەفسیر «هەوڵێکە بۆ درککردنی یەك مانا» و، تەئویلیش «دۆزینەوەی مانای زیاتر و تەنانەت درووستکردنی مانای تازەیە».
بە ڕۆژی نیوەڕۆ شێتێك(دێوانەیەك) بە چرایەکەوە دەچێتە نێو بازاڕ و هەواڵی مردنی خودا بە خەڵك ڕادەگەیەنێت. خەڵکی خۆیان خودایان کوشتووە و کەچی بێخەبەرن لەم هەواڵە گەورە و ترسناکە. دیوی ڕەمزی چیرۆکەکە لەوێدا توخ دەبێتەوە کە خەڵکانێك سەبارەت بە خودا لە شێتەکە دەپرسن: ئایا ئەو ون بووە؟ وەکو منداڵان ڕێی وێڵ کردووە؟ لێمان دەترسێت و خۆی شاردۆتەوە؟ بەڵام دێوانەی چرابەدەست دەڵێت ئەوە من و ئێوەین خودامان کوشتوە...هەمومان بکوژین...بەڵام چۆن توانیمان وا بکەین؟...چۆن توانیمان دەریا تا دوایین چۆڕ هەڵقوڕێنین؟...ئایا هێشتاش بۆنی داوەشانی خودا هەست پێناکەن؟...بەڵێ خوداکانیش دادەوەشێن...مەگەر کڵێساکان قەبری خودا نین!؟
پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە دوای مردنی خودا مرۆڤ تەنیا دەبێت یان ئازاد؟ ڕەخنەی کامۆ لە نیچە ئەوەیە کە نیچە تەنیایی و ئازادی تێکەڵ کردووە و بە یەك شتی زانیون. لە بری ئەوەی ئازادمان بکات، تەنیامان دەکات. دیارە کامۆ نایەوێت ئازادی مرۆڤ بە تەنیایی کۆتایی بێت. کامۆ تەنیایی ئینسان وەك گەشە و زاڵبوونی تاعون سەیر دەکات. کامۆ پێی وایە کە دەبێت مرۆڤ لە ڕێی ئازادییەوە، تەنیایی بداتەوە بە خوداکان و برایەتی هەڵبژێرێت. پێموایە دوای خوێندنەوەیەکی سەرەتایی فیکری کامۆ، چیرۆکەکەی نیچە ئاوەژوو دەبێتەوە و مرۆڤ وا تێدەگات ئەوە خودایە مرۆڤی کوشتووە...ئەوە مرۆڤە ون بووە...ئەوە ئینسانە کە وەکو منداڵ ڕێی وێڵ کردووە. هەست دەکەین لای نیچە ئەوە مرۆڤە سزای

خـودا دەدات، کەچـی لای کامـۆ ئـەوە خودایـە سـزای مـرۆڤ دەدات. کەوتـن و ئاوابوونـی خـودا لای نیچـە ڕێخۆشـکەرە بـۆ لەدایکبوونـی مرۆڤـی بـاڵا، بـەڵام سـەپاندنی ژیانێکـی بێهـودە لای کامـۆ ڕێ بـۆ لەدایکبوونـی سـیزیف خـۆش دەکات. ئـازادی لـە قوڵاییـدا شـکاندنی جەبـرە، بـەڵام تەنیایـی مامەڵەکردنـە لەگـەڵ جەبـردا. هیـچ تەنیاییـەك نیـە بڕێـك ئـازادی تیانەبێـت و هیـچ ئازادییەکیـش نیـە خاڵـی بێـت لـە تەنیایـی. سـیزیف و سـۆپەرمان وەکـو دوو فۆرمـی ژیـان، دەتوانـن تەنیایـی و ئازادییـش کـۆ بکەنـەوە. سـنورەکانی ئـازادی و تەنیایـی زۆر کـورت و ناسـکن. خـودا دەیەوێـت هـەم ئـازاد بێـت و هـەم تەنیـاش. کـە خـودا دەمرێـت، مـرۆڤ ناچـارە ئـەم سـیفەتە خوداییـە ڕێـك بخاتـەوە و دووریيـەك لـە نێـوان ئـەم دووانـەدا بکێشـێت.

گـەر مردنـی خـودا سـڕینەوەی «سـەنتەر» بێـت، ئـەوا مـرۆڤ هـەم تەنیـا دەکەوێـت و هـەم ئازادیـش دەبێـت. سـەنتەر لـە دیـدی «دێریـدا»وە بەشـێکی بنەڕەتییـە لـە سیسـتەم و بونیـاد. هیـچ شـتێ ناتوانێـت جێـی سـەنتەر بگرێتـەوە. سـەنتەر بەشـێوەیەکی ناکـۆك هـەم لـە دەرەوەی بونیادەوەیـە و هـەم لـە نـاوەوەش. پێـم وایـە خـودا وەك سـەنتەر دوو ڕۆڵ دەبینێـت بـۆ مـرۆڤ. یەکیـان لـە دەرەوە کـە تەنیایـی مـرۆڤ دیـاری دەکات و، ئـەوی تریشـیان لـە نـاوەوە کـە کێشـەی ئـازادی دیـاری دەکات. کـە سـەنتەر دەسـڕرێتەوە، مـرۆڤ لـە دەرەوەی سیسـتەم تەنیـا دەکەوێـت و لـە نـاوەوەش ئـازاد دەبێـت. تەنیـا دەکەوێـت چونکـە لـە چرکەسـاتە پەتییەکانـی خۆیـدا سـەنتەرێك نابینێـت سـوکنایی بـدات، ئازادیـش دەبێـت چونکـە کۆتـی بەهـا و قوفڵـی زمـان دەشـکێنێت و بـۆ جارێکیـش بێـت بۆنـی مەحـاڵ دەکات.

# ململانێی شێرکۆ لەگەڵ زماندا

**(بۆچوونێک لەسەر دیوانی ئەسپێک لە پەرەی گوڵاڵە، کە بەر لە بڵاوبوونەوە، بۆ چەند کەسێک نێردرابوو سەرنجی خۆیان بنوسن و سەرنجەکانیش کرایە فایلێک لە پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر)**

زمان وەکو بوونەوەرێک، کۆمەڵێک ئازادی و ئەزموونی جیاجیا لە شیعرەوە وەردەگرێت. کەچی هاوکات ململانێیەکی دوولایەنە و دیالەکتیکی لەنێوان خۆی و شاعیریشدا درووست دەکات. شەڕ و ململانێیەک کە شاعیران بە زمان دەیکەن و دژی زمانیش دەیکەن. ئەم ململانێیە هێندەی بۆ ڕزگاربوون و خۆئازادکردن و هاوارکردنی شاعیر خۆیەتی، هێندە بۆ دژایەتی و پەلاماردانی زمان نیە. زمان گەرچی بۆ مرۆڤ دەبێتە ماڵی بوون، کەچی بۆ شاعیر دەبێتە ماڵێکی پڕ ئاشوب و نائارام. زمان بەر لە شاعیریش هەر هەیە و دوای شاعیریش درێژدەبێتەوە بە ناو دونیایەک تێکستی تر و ئەزموونی تردا. پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە شاعیران لە کوێدا شەڕی زمان دەکەن؟ کامەن ئەو کەرەستانەی پێی دەچنە شەڕەکەوە؟ دیارە شەڕکردن لەگەڵ زماندا شەڕێکی سەخت و تا ئەندازەیەکیش پوچ و بێهودە و بێ ئەنجامە. شاعیران ناتوانن زمان وەکو ئۆبێکت و بوونێکی دەرەکی وەربگرن. دەشێ لە هەندێ شوێندا پچڕانێک درووست بکەن و شتەکان بکەنە ئۆبێکتی خۆیان، بەڵام ئەستەمە لە ڕایەڵە و تۆڕەکانی زمان دەرچن و بەرامبەر زمان بجەنگن. لێرەوە هەندێ لە ستراتیژەکانی شەڕی زمانمان بۆ ڕوون دەبێتەوە و شاعیر بەر لەوەی بەرامبەری زمان بوەستێت، لە ناویدا پلان و ڕیسکەکانی خۆی ئاشکرا دەکات. شەڕکردن لەگەڵ زماندا، بە یەک ڕێگا دەکرێت کە بریتییە لە غافڵکردن و فریودان و پوچەڵکردنەوەی جەبری زمان لەناو زمان خۆیدا. شاعیر لە ناوەوە دەستکاریی وزە

و ئەگەر و تواناكانی زمان دەكات. ڕەقی و لاڵی و جێگا عاسییەكانی زمان ئاوەدان دەكاتەوە و دەیخاتە خزمەتی گوتاری شیعریی خۆیەوە. ئەم كەشف و ململانێیەی شاعیران هاوكات هیچ ئامانجێكی تری لە پشتەوە نیە و بریتییە لە ململانێ لە پێناوی ململانێدا. خودی ململانێیەكە دەبێتە ئامانجی خۆی. لێرەوە ئەو دیدگایەی سارتەرمان بیردەكەوێتەوە كە بۆ شیعر هەیەتی. شیعر لای ئەو جیاوازە لە ژانرەكانی دی. شیعر بۆ ئەو سەماكردنە و پەخشانیش ڕێ كردن. واتە شیعر سەما دەكات و پۆل ڤالیری واتەنی شتێكی گاڵتەجاڕانەیە بە سەماكردن ڕێی شوێنێك بگرینەبەر. شیعر، زمان و وشەكان دەخاتە سەماكردن. زمان بۆ شیعر دەبێتە وەسیلە نەك ئامانج. جوڵە دەبێتە دوا غایەت و دواخاڵی شیعر. بە پێچەوانەوە، فۆرمەكانی تری نوسین لای سارتەر ڕێكردن و ڕووكردنە ئامانجێكن. زمان لە دەرەوەی شیعر، پەیامێك و مەقسەدێكی هەیە. ئا لێرەوەیە كە شاعیر دەكەوێتە ناو شەڕێكی بێهودەوە. هەر شۆڕشێك و هەر ڕیسكێكی سەركەوتووش ئەنجام بدات ناگات بە هیچ پنتێكی شەفاف و لەمس كراو. بێ ئامانجی دەبێتە ئامانجی ئەو. پتر شكستەكەی دیارە تاكو سەركەوتنەكەی. ئەم فەزا عەدەمییەی ناو زمان لای زۆر بیریار ئاوڕی لێ دراوەتەوە و لە فیكری نوێدا دەبێتە جێی تیۆریزەكردن. شاعیران دەیانەوێت لە ڕێگەی زمانەوە زۆرترین دەرفەت بۆ تەجەلابوونی شتەكان و چركەساتەكان فەراهەم بكەن. بەڵام ئاخۆ زمان هەمیشە ئەم سەرووەرییە و ئەم باڵادەستییەی هەیە؟ لەم ڕووەوە «مۆریس بلانشۆ» هێجگار قەشەنگ شاعیران دەخاتە دڵەڕاوكێوە. ئەو دەڵێت«كاتێ كە دەنوسین واتە شتەكان ئامادەن و جا ئیتر بۆچی بنوسین! هاوكات كە دەنوسین، شتەكان غایبن و ئیتر لەسەر چی بنوسین؟». بلانشۆ دەیەوێت پێمان بڵێت، كە زمان لە دۆنادۆنێكی بەردەوامدایە. جارێك شتەكان دێنە ناو زمانەوە و جارێكیش زمان دەچێتە ناو شتەكانەوە. سەرووەریی زمان لێرەدا كەم دەبێتەوە و، شیعر دەبێتە كەرەستەیەكی سیحری بە دەست شاعیرەوە تاكو زمان غافڵ بكات. هاوكات زمان لە هەناوی خۆیدا وزەیەكی عەدەمیی هەڵگرتووە كە ڕوویەكی پۆزەتیڤ و خالیقانەشی هەیە. جۆرج باتای دەڵێت، زمان لە ئان و ساتی ئەفراندندا، وێرانیش دەكات. واتە زمان دەبێتە ئەو بوونەوەرەی كە بەردەوام شتێكمان پێ دەڵێت بۆ ئەوەی شتێكی ترمان لێ بشارێتەوە. لەحزەیەك بۆ شاعیر درووست دەكات تاكو لەحزەیەكی تر بمرێنێت. ململانێی شاعیر لەم دۆخەدا، ململانێیەكی هەم جەبری و هەم ئازادیشە. جەبرییە چونكە بەردەوام لە ناو هەڵخلیسكانەكانی زماندا دەژی. ئازادیشە چونكە دەتوانێت سود لە ئەگەرە عەدەمییەكانی نێو زمان ببینێت و گوتاری شیعریی خۆی

تیا نیشتەجێ بکات. هەندێ لەحزە هەن لەم ململانێیەدا کە شاعیر و زمان دەگەنە ئاشتی و ئاگربەست. زمان دەبێتەوە بە بوونەوەرێك کە وەکو شاعیر لە بوون و جیهان ڕادەمێنێت. دەشێ لێرەوە بێت کە هایدگەر ئاوڕی جیددی لە شیعری هۆڵدەرلین دەداتەوە. هۆڵدەرلین لە ڕێگەی شیعرەوە، زمان دەکاتە پەنجەرە و ئاسۆی ڕوانینمان بەسەر بووندا. زمان دەکاتە دەرگایەکی ئاوەڵا بۆ تەماسکردن لەگەڵ بووندا. لێرەوەیە کە ئەم نەرمی و ئاگربەستەی زمان، بوار بۆ توانا و نمایشەکانی شاعیر دەکاتەوە. باشلار لە (فینۆمینۆلۆژیای شیعر)دا دەڵێت«ئەو وشەیەی کە شاعیر بەکاری دێنێت، (تەنیا بەکارهێنان نیە)، بەڵکو قسەکردنیشە لەگەڵیدا». قسەکردن لەگەڵ زماندا، بە بڕوای من دواسنوری نێوان شاعیر و زمانە. شاعیر لێرەوە فەنتازیا و نەست و چرپەکانی خۆی ڕۆ دەکات. زاکیرە و حەکایەتەکانی خۆی ڕۆدەکاتە ناو ڕووباری زمانەوە و لەو بڕە ئازادییەی خۆی تێدەگات کە بەدەستی هێناوە. گەر بە نیگایەکی ئەنجامگەرانەوە سەیری شەڕی نێوان شاعیر و زمان بکەین، تێدەگەین شاعیر هەر لە پێشەوە دۆڕاوە. تازەکاری و سنورشکێنی و ئەفراندنەکانی ئەو هەموو دەچنە خزمەتی زمانەوە. شاعیر دەبێتە سوبێکتێکی پارچە پارچەوە و هەرگیز بە ئارەزووی شاعیرانەی خۆی ناگات. سادەترین هۆکاری ئەم پارچەپارچەبوونە ئەوەیە کە پۆڵ ڕیکۆر باسی دەکات. ئەو دەڵێت شیعر بریتییە لە زمان لە خزمەتی زماندا. بەو مانایەی کە زمان لە یەك کاتدا دوو ڕووداو درووست دەکات لە شیعردا. یەکەمیان: تا ئاستی تێربوون و پڕبوون خۆی نوێ دەکاتەوە و دووەمیان خودی شاعیر دابەش دەکات بۆ کەرتی ناچونیەك و لە هەندێ لەحزەداوەکو پاژێك لە زمان قووتی دەدات.

لەم دەروازە بچووکەوە دەچینەی ناو دوا دەقی شێرکۆوە و، هەندێ سەرنجی خێرا دەخەینەڕوو...

شێرکۆ لەم ساڵانەی دواییدا لە ماهیەتی ئەم ململانێیەی نێوان شاعیر و زمان تێگەیشتووە و پێشوەخت خۆی بۆ ئەو شەڕە ئامادە کردووە. هەڵبژاردن و ناولێنانی (دەقی واڵا) بۆ ئەم بەرهەمانەی دوایی، بڕێك لەو ڕاستییەمان پیشان دەدات کە شێرکۆ شەڕێکی واڵا و کراوەی لەگەڵ زماندا هەیە. لکاندنی ئاوەڵناوی (واڵا) بە ناوی (دەق)ـەوە یەکەمین تاکتیکی شێرکۆیە لەم ململانێیەدا. بۆ ئەو هەم مەیدانی دەق کراوەیە بۆ ئەم ململانێیە و هاوکات کۆتاییەکی واڵا و کراوەش لە ئارادایە. هەر لەسەرەتای دیوانەکەوە گێڕانەوە، دیارە گێڕانەوەی پەتی نیە بەڵکو بارگاوییە بە نەفەسێکی شیعریی بەهێز و بەردەوام. ئەم ئامێزانبوونەی گێڕانەوە و شیعر وا دەکات کە شاعیر دەستی ئاوەڵاتر بێت، چونکە لە پشت ڕستەکانەوە تارماییەکی

مێژوویی و لۆژیکێکی زەمەنی ڕاکشاوە. زمان لە دەسپێکدا زیاتر دەچێتە خزمەتی شاعیرەوە، چونکە سەرتاپا لۆژیك و جەوهەری شتەکان ناشێوێنێتەوە، بەڵکو کۆمەك لە وێنەی ئامادەبووی زەمەن و زاکیرە و ڕابردووەوە وەردەگرێت.( تۆ لە خۆڵەمێش بپرسە، گوڵ چۆن کوژرا و، ئاو چۆن خنکا و، ڕەنگ چۆن سوتا و، لە غوربەتدا بەفر چۆن مرد؟).

ئەم ئاوێتەبوونەی شیعر وگێڕانەوە وردە وردە دەچێتە پێشەوە و لە هەندێ شوێندا جیاکردنەوەیان مەحاڵە. شێرکۆ لە سەرەتادا، فێڵێکی ورد و شاعیرانە لە زمان دەکات و بە ناوی گێڕانەوەوە چرکەساتی هێجگار قەشەنگ و شیعری دەخولقێنێت. گەر خوێنەر وردبێتەوە، تێدەگات شێرکۆ لە زۆر شوێنی دیوانەکەدا نایەوێت شتێکمان بۆ بگێڕێتەوە. بەڵکو دەخوازێت ڕاستەهێڵی گێڕانەوە بچەمێنێتەوە و فەزایەکی شیعریی ئەوتۆ درووست دەکات کە شتەکانی ناو ئەو فەزایە ببنە مادەی ڕاستەقینە و بە شتەکانی ناو دونیا سواوەکەیان بچوێنێتەوە. تەنیا لە نیگای یەکەمدا هەست دەکەین چیرۆکێکمان بۆ دەگێڕێتەوە، ئەگینا کە لەمسی وێنەکە دەکەین تێدەگەین شێرکۆ زمانی غافڵ کردووە. (من ئەو ڕۆژە، لەناو یەك دەنکە هەناردا، چەند ئەندازەی ئەندازیاریم، بەدی کردوو، چەند دەربەند و لوتکەی شاخ و، بریقەکانی ئاوێنە و، خۆرئاوابوونی ئێوارە و، چەند شەفەقی پۆپنەی کەڵەشێرم بینی).

ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە کەمێك لەسەر ئەم تێهەڵکێش کردنەی شیعرییەت و گێڕانەوە لای شێرکۆ بوەستین و پەیوەندیی بە زمانەوە بپشکنین. دوای خوێندنەوەی ئەم دیوانە خوێنەر سەری لەو هەموو (دەمی کار)ە دەسوڕمێت کە بەکاری هێناوە و زۆرینەیان دەچنە کاتی (ڕابردوو)ەوە. لێرەوە بەڵگەیەکی ڕێزمانیمان دەست دەکەوێت کە شێرکۆ نایەوێت لە (یادەوەری و زەمەن و گێڕانەوە) دابڕێت. من واتێدەگەم کە شێرکۆ دەیەوێت بە هێمنی بچێتە پێشەوە لەگەڵ زماندا. ململانێیەکە توند و ڕاستەوخۆ و گرژ ناکاتەوە. ئیشی ئەو دەبێتە سازدانی فۆرم و ڕەگەزەکانی فۆرم و کەمتر خۆی بە ماناوە سەرقاڵ دەکات. شاعیر کە قەلەقی مانا نەبوو، ئیدی کەمتر دەستەویەخەی زمان دەبێتەوە. ڕەوانبێژی و وێنە و لەزەتی بەلاغەت و چرکەی حەکایەتئامێز جێی مانا دەگرنەوە و شاعیر زۆرجار لە دڵی شتەکانەوە درووستیان دەکات. لەم دیوانەدا دوای تێهەڵکێشکردنی شیعرییەت و گێڕانەوە ڕاستەوخۆ میتافۆر و مەجاز و وێنە درووست دەبێت و زمان کەمێك لەو دیکتاتۆرییەی خۆی دەکەوێت. هاوکات دەشێ مەبەستی شێرکۆ لەم تێهەڵکێشکردنە هەڵهاتن بێت لەو عەدەمیەتەی ناو زمان خۆی. لە ناو زماندا هەر وشەیەك مردنی خۆی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە. هەر وشەیەك سەمایەکە

و بۆ له‌حزه‌یه‌که‌ و پاشان که‌ سه‌یری دواوه‌وه‌ی خۆمان ده‌که‌ین، ده‌بینین له‌حزه‌كان تیاچوون و ئێمه‌ش له‌ بری مه‌ودابڕین ده‌خولێینه‌وه‌. شیعر ده‌بێته‌ شوێنی له‌مسکردنی شكست و چێژوه‌رگرتن له‌ شكست. شێركۆ مه‌ودایه‌ك له‌م شكسته‌ وه‌رده‌گرێت و ده‌خوازێت شه‌هوه‌تی شیعریی خۆی هه‌ڵڕێژێت. له‌ ڕێگه‌ی شیعرییه‌ته‌وه‌ له‌مسی زه‌مه‌ن بكات و به‌ وه‌سیله‌ی زمان ده‌ست له‌ شته‌كان بدات.

شێركۆ ده‌یه‌وێت دوای خۆی دونیایه‌كی گه‌رچی كاڵیش بێت دروست بكات. تێئاخنینی نمایشنامه‌ و كورته‌چیرۆك به‌ ده‌قه‌كه‌ی نیشانه‌ی ئه‌و ته‌ماعه‌ی ئه‌ون. باگراوه‌ندی گێڕانه‌وه‌ ئه‌و ئارامییه‌ ده‌ده‌نه‌ ئه‌و كه‌ مێژوو ماوه‌ و ده‌توانین له‌ ڕێی شیعره‌وه‌ له‌مسی بكه‌ین و ده‌ستكاری هه‌ندێ توخم و به‌شێك له‌ ماهیه‌تی بكه‌ین. ئه‌و وزه‌ عه‌ده‌مییه‌ی زمان له‌ ڕێگه‌ی گێڕانه‌وه‌وه‌ لاواز ده‌بێت و دوو ده‌رفه‌تی گرنگ بۆ شێركۆ ده‌ڕه‌خسێنێت. یه‌كه‌م: شته‌كان هه‌ن و مێژوو شێوه‌ی شت وه‌رده‌گرێت و شاعیر ده‌ستكاریان ده‌كات. تا ئه‌و ڕاده‌یه‌ی كه‌ سارته‌ر بڵێت شاعیر ڕسته‌ دروست ناكات، به‌ڵكو شت ده‌خولقێنێ. دووه‌میش: شێركۆ درزێك ده‌خاته‌ ناو زمانه‌وه‌ و فینۆمینۆلۆژیایه‌كی تایبه‌ت به‌ خۆی دروست ده‌كات. فینۆمینۆلۆژیایه‌ك كه‌ شته‌كان به‌ ئاره‌زووی ئه‌و خۆیان ده‌رده‌خه‌ن و ده‌رده‌كه‌ون و شاعیر ده‌توانێت ته‌نانه‌ت دزه‌ بكاته‌ ناو (نۆمین)ـه‌وه‌. شتێكی نه‌ناسراو و خه‌یاڵ دابڕ نامێنێته‌وه‌ كه‌ نه‌یگاتێ. ده‌ستكاری فینۆمین ده‌كات و ڕه‌نگ و جیلوه‌ی تریان پێده‌به‌خشێت. ئه‌مه‌ ئه‌و ڕه‌هه‌نده‌ی زمانه‌ كه‌ ئه‌فسانه‌ ده‌خولقێنێت و شاعیر ده‌كاته‌ ئه‌فسانه‌ساز. شاعیران ئه‌فسانه‌یه‌ك دروست ده‌كه‌ن كه‌ جیایه‌ له‌و ئه‌فسانه‌یه‌ی له‌ هه‌موو سه‌رده‌م و مێژوویه‌كدا دروست ده‌بێت. ئه‌فسانه‌ له‌ بنه‌ڕه‌تدا، یه‌كێكه‌ له‌ ئه‌ڵته‌رناتیڤه‌كانی حه‌قیقه‌ت و ته‌نانه‌ت خودی حه‌قیقه‌تیش، به‌ڵام بۆ شاعیر ده‌بێته‌ پرۆسه‌ی خه‌لقكردن و پوچه‌ڵكردنه‌وه‌ی به‌رده‌وام. شت و جه‌وهه‌ری شت ناكه‌ونه‌ پێش شیعره‌وه‌، به‌ڵكو له‌گه‌ڵ شیعردا جه‌وهه‌ری شته‌كان دروست ده‌بن و خۆیان ده‌رده‌خه‌ن و ده‌كه‌ون. لێره‌وه‌ شێركۆ بۆشاییه‌ك له‌ناو زماندا ده‌كاته‌وه‌ و گوتاری شیعریی خۆی تیا نیشته‌جێ ده‌كات. ئه‌مه‌ به‌شێكه‌ له‌و ئازادییه‌ی كه‌ شێركۆ وه‌ری ده‌گرێت.

پێویسته‌ ئاماژه‌یه‌ك به‌و ڕه‌قێتی و جه‌بره‌ی زمانیش بده‌ین كه‌ له‌م دیوانه‌دا مل بۆ شاعیر نادات و ڕه‌وتی شیعری خاو ده‌كاته‌وه‌. لێره‌دا پێویسته‌ ئاماژه‌ به‌ سرووشتی زمان و سیفه‌ته‌ دووباره‌بووه‌وه‌كانی بده‌ین. یه‌كێك له‌و خه‌سڵه‌ت و ئه‌زموونانه‌ی توشی شاعیران ده‌بێته‌وه‌ له‌ زماندا، ناوی ده‌نێین (لاڵی و لێڵیی زمان). لاڵی و لێڵیی زمان به‌شێكن له‌ سرووشتی زمان.

لاڵـی بریتییـە لـەو کەمگۆیـی و خاوبوونەوەیـەی زمـان کـە توانـای بارکردنـی شـتەکانی نامێنێـت. کە تەعبیـر لـە شـتێك دەکات، دەخزێـت بـەرەو شـتێکی تـر و مەحاڵێـك دروووسـت دەکات لەبـەردەم بەریەککەوتنـی زمـان و دونیـادا. کاتـێ دونیامـان بـۆ دەگوێزێتـەوە، شـەفاف نیـە و ڕسـتێك کـۆدی مەسـخبوو و گـرێ کوێرەمـان پـێ دەگەیەنێـت. ئـەو بەشـانەی یادەوەریـمان بـۆ دەگوازێتـەوە کـە دەکەونـە نـاو زەمەنـەوە. ئاشـکرایە یـادەوەری تەنیـا زەمـەن نیـە و نەگوتراوێکـی هەیـە ملکەچـی زەمـەن نابێـت. سـکوت و مەنگیـی دونیـا تۆخـتر دەکاتـەوە و لـە جوڵـە پاندۆڵئاسـاکەی خـۆی دەکەوێـت. سـەرباری ئەمـە، لێڵیـی زمانیـش دیسـان بەشـێکە لـە کارەکتـەری زمـان. لێڵـی لـە ئەنجامـی تەماسـی زمـان و مانـاوە درووسـت دەبێـت. لەحزەیەکە و گرفتـی دەلالـەت دەخولقێنێت. ئـەو سـاتانەیە کـە نازانیـن کامـە دالـە و کامـە مەدلولـە. قودرەتـی گوزارشـتکردن دەوەسـتێت و هـەر دەسـتەواژەیەك تەنیا دەلالـەت لـە خـۆی دەکات. شـاعیر تووشـی نیهیلیزمێکـی کاتـی دەبێـت و هیـچ لۆژیـك و ڕێسـا و پێوەرێـك نابینێتـەوە. ناتوانیـن ئەمـە ناوبنێیـن ئازادیـی شـاعیر و لەحـزەی دەسـت کراوەیـی، بەڵکـو ئەمـە لەحـزەی جەبـر و پاشـاگەردانیی نـاو زمانـە. بـە کورتـی، لاڵـی و لێڵیـی زمـان دوو ئەگـەری بەردەوامـن لەبـەردەم شـاعیردا. هەمـوو شـاعیرێك لێـرەدا شکسـت و پەشـێویی خـۆی ئەزمـوون دەکات. شـێرکۆ لـەم تێکسـتەدا کەمـتر تووشـی ئـەم دۆخـە دێـت لەبـەر دوو هـۆ. یەکـەم: لۆژیکێکـی وێنەیـی زاڵـە بەسـەر کـۆی تێکسـتەکەدا و پەیوەندییەکـی هاوتەریـب هەیـە لـە نێـوان وێنـە و وشـە یاخـود شـت و شـیعردا. دووەم: شـێرکۆ پەیـام و مانیفێسـتێکی تـا ڕادەیـەك تـۆخ لـە هەنـاوی ئـەم دەقـەدا جێگیـر دەکات و مانـا و نـرخ و یاسـایەکمان بیردەخاتـەوە کـە ئایدیاڵـی شـاعیر خۆیەتـی. خەمێـك و ئیحایەکـی پێشـوەخت هەیـە کـە نەهێڵێـت لاڵـی و لێڵیـی زمـان بـە زەقـی دەرکەوێـت. دەتوانیـن کـۆی ئـەم بۆچوونەمـان لـە کۆپلەیەکـی چکۆڵـەی دیوانەکـەدا چڕکەینـەوە. (زمـان ئـاوە، سـادە ئـەژی و سـادە ئـەڕوا و، وەختێکـیش ئەبـێ بـە گۆمـاو، لـە ڕوونیـدا بنـی دیـارە و، بـەڵام وەختـێ بتـەوێ دەسـت بەیـت لـە بنـی، دەسـت شـل ئەبێـت و نایگاتـێ). بـە بـڕوای مـن، شـێرکۆ لـەم کۆپلەیـەدا هـەردوو خاڵەکـەی کۆکردۆتـەوە و بـە وردی ئـەو دۆخـە لاڵ و لێڵـەی زمانـی درك کـردووە. ئـەم کۆپلەیـەی شـێرکۆ لـە دوای ژمارەیەکـی زۆر کۆپلـەی تـر دێـت و ئـەو دەلالەتـە دەبەخشـێت کـە شـێرکۆ بـە کاڵـی بـەر ئـەو دیـوە لاڵ و لێڵـەی زمـان کەوتـووە.

شـێرکۆ وەك هەمیشـە، لـە جێیەکـدا دەمانوەسـتێنێت و دەیەوێـت خـۆی لـە زمـان ڕاپسـکێنێت و ماناکانـی شـیعر بگوازێتـەوە بـۆ (کـردەی ڕووت). هەڵبـەت کـردەی ڕووت تەنیـا لای شـاعیر

خـۆی وەك ڕووت دەردەكەوێـت، ئەگینـا هەمـوو كردەیـەك سـەرێكی لەنـاو تیۆردایـە و هەمـوو تیۆرێكیـش سـەری لەنـاو كردەدایـە. ئـەم بەیەكداچوونـەی كـردە و تیـۆر دەگەڕێتـەوە بـۆ تارماییـە زەبەلاحەكـەی زمـان بەسـەر جیهـان و شـتەكانەوە. هـاوكات زمانیـش توێژاڵێكـی پراكتیكـی بەسـەر خۆیـەوە هەڵگرتـووە و تەنیـا ئامـاژەی نـەزەری و ئەبسـتراكت نیـە.
لـە لاپـەڕە(٥٧)ی دیوانەكـەدا هاتـووە: (شـیعری جـوان چیـە جگـە لە سروەیـەك وەختـێ خونچەیەك مـاچ ئـەكات و، یـان شـەپۆلێك وەختـێ ئەبـێ بـە جۆلانـەی نەورەسێك،...ئەشـێ كاسـكێتەكەی گیڤـارا بـێ... ئـەو نانـە بـێ لـە باوەشـی برسـییەكدا بێدەنـگ ئەگـری). پێناسـەكردنەوەی شـیعر بـەم شـێوەیە هەوڵـی شـاعیرە بـۆ ئـەوەی ئێسـتێك لـە ململانێـی زمـان دەرچێـت، بـەڵام ئەمـە تەنیـا خەیاڵێكـی خـاوە. بۆیـە وتمـان خەیاڵـی خـاو، تاكـو پەیوەندیـی زمـان و خەیـاڵ كەمێـك ڕوون بكەینـەوە و لـە خەیاڵپلاوێتیـی شـاعیران تـێ بگەیـن. خەیـاڵ بـە مانـا سـاكارەكەی بریتییـە لـە سـەری شـاعیر. سـەرێك كـە كانـگا و بەرهەمهێنـی وێنـە و بیرۆكـە و بزووسـكەی سـتاتیكییە. ئـەم بیرۆكـە و بزووسـكانە بەهـۆی پچڕانـی كـورت و كاڵـی نێـوان خەیـاڵ و زمانـەوە دێنـەدی. شـاعیران هەنـدێ جـار تووشـی خەیـاڵ خـاوی دەبـن و پێیـان وایـە خەیـاڵ شـوێنی شكسـت و زەفـەر پێبردنـی زمانـە. بـە پێچەوانـەوە، مـن وای دەبینـم كـە خەیـاڵ سـەرزەمینێكی دیالەكتیكییـە و لـە ئەنجامـی بەریەككەوتنـی -زمـان- و -كـردە-وە درووسـت دەبێـت. قووڵتریـن خەیـاڵ لـە یـەك كاتـدا نزیكتریـن نیشتنەوەشـە. زمـان دەبێتـە دەزووی خەیـاڵ و هێـدی هێـدی خەیـاڵ وەكـو كـۆلارە دێنێتـەوە بەردەسـتمان. خەیـاڵ تـا ئـەو شـوێنە شـل دەكرێـت كـە زمـان تووشـی لاڵـی و لێڵـی نابێـت. خەیـاڵ شـوێنی تەقینـەوەی زمانـە بـە مانـا پراكتیكییەكـەی لەگـەڵ دونیـادا. بۆیـە پێناسـەكردنەوەی شـیعر وەكـو ئەكتێـك و وەكـو ماتریاڵێكـی ڕووت تەنیـا پشـوویەكی شـاعیرانە و ڕاگـوزەر و گریمانەییـە.
لـەم تێكسـتەدا شـتەكان وەكـو شـاهید و ئەڵتەرناتیڤـی مـرۆڤ و مەسرەفكاری زمـان ئیـش دەكـەن. لای مـن ئامادەیـی شـتەكان لـەم تێكسـتەدا پـتر قیمەتێكـی ڕیواییـان هەیـە و قورساییەكەیان لـە دوو خاڵـدا چـڕ دەبنـەوە. یەكـەم وەكـو گێڕەرەوەیـەك. وەكـو پشـووپێدەری مـرۆڤ و جێگـرەوەی خاكییانـەی مـرۆڤ. دووەم وەكـو شـاهیدێك كـە سـیفەت و زمانـی مـرۆڤ وەردەگـرن تاكـو زمانـی داخـراو و تایبـەت بـە خۆیـان. پەنجـەرە و كڵاو و چاویلكـە و دوگمـە و شـتەكانی تـر بەگشـتی بـە زمانێـك دەدوێـن و شـتەكان دەگێڕنـەوە كـە تەنیـا بـە فـۆرم جیـاوازن. نـاوەڕۆك و ئایدیاڵیـان هەمـان نـاوەڕۆك و ئایدیاڵـی مرۆڤەكانـە. شـتەكان كـە زار دەكەنـەوە، سـەدا و وێنایەكـی مرۆڤئاسـامان

دەدەنـێ و هەڵوەسـتەی توندمـان پـێ ناکـەن. ئـەوان هێنـدەی دەبنـە مەسرەفـکاری زمـان، نابنـە داهێنـەری زمانـی تایبـەت بـە خۆیـان. بـە دەربڕینێکـی تـر، شـتەکان هـەر ئەوانەمـان بـۆ دەگێڕنـەوە کـە مرۆڤەکانیـش دەتوانـن بیگێڕنـەوە. ئـەوان زمـان ئاراسـتە ناکـەن، بەڵکـو زمـان و وێنـە خەوتووەکانـی نـاو زمـان ئـەوان ئاراسـتە دەکات. لێـرەوە شـاعیر ئاسـۆییانە و هاوتەریبـی زمان ڕێ دەکات و خـۆی تووشـی یەکتربڕیـن و ململانـێ نـاکات. بـۆ نمونـە شـاعیر دەیتوانـی پچـڕان لـەم درێژبوونـەوە ئاسـۆییەی زمانـدا درووسـت بـکات و شـتەکان لـە دۆخـی گێڕانـەوە و شـاهیدبوونەوە دەربێنێـت بـۆ دۆخـی سـەربەخۆتر و سـیخوڕی. شـتەکان لـە دۆخـی سـەربەخۆیی و سـیخوڕیدا دەیانتوانـی قەشـەنگتر و فەلسـەفیتر دەرکـەون و ئابڵوقـەی زمانیـش بشـکێنن.

ئەم دیوانە فڕینێکی ترە لە پێناوی فڕیندا...

# لە یادی نوسەرێکدا
# کە بۆ سێبەرەکەی خۆی دەینوسی...

## خۆی لێرە نیە، گۆڕەکەی لە پاریسە، تارماییەکانیشی لە ئێرانە

شـەوی سێشـەممەی ١٧-٢- ١٩٠٣ سـادقی هیدایـەت لەدایـك بـوو، بـەڵام خـۆی دەیـوت «زانینـی ڕۆژی لەدایـك بوونـم، بـە کەڵکـی کـێ دێـت؟». سـەد و نـۆ سـاڵ لەمـەو بـەر، نوسـەری (کونەپەپوی کوێـر) پێـی خسـتە دونیـاوە، دونیایـەك کـە مـرۆڤ تیایـدا هیـچ نیـە جگـە لـە کونەپەپوویەکـی کوێـر و شـووم و تەنیـا. ئـەم پیـاوە عەبەسـی و غەمگینـە، لـە تـاران چـاو دەکاتـەوە و لـە پاریـس چـاو لێـك دەنێـت و خـۆی دەکوژێـت. مـورادی فەرهادپـور پێـی وایـە کـە «هیدایـەت بەتەنیـا نوسـەرێك نیـە، بەڵکـو سـێبەری قورسـی تارماییەکـەی هێشـتا بەسـەر شـانی خۆمـان و ڕۆشـنبیری و کەلتورەکەمانەوەیـە». نازانیـن لـە بیرەوەرییەکـی وەهـادا چـی بڵێیـن! هیدایـەت خـۆی حـەزی لـەم وردەکاریيانـەی ژیانـی نەبـوو، ئەوەتـا نوسـیویەتی «وردەکارییەکانـی ژیانـم مەیدانـی ئاژەڵانـم بیردەخاتـەوە، کـە هێسـترەپیرێك دێنـن و بـۆ ئـەوەی کڕیـار ڕاکێشـن، بـە دەنگـی بـەرز هەنـدێ وردەکاریـی وەکـو سـاڵ و تەمەنی...بـاس دەکـەن». ئـەوە شەسـت ساڵە قسـە لەسـەر هیدایـەت دەکرێـت، بـەڵام فەرهادپـور دەنوسـێت «هیدایـەت لـە کارەکـەی خۆیـدا شکسـتی خـوارد، ئـەو شکسـتەی کـە بێکێـت واتەنـی، ڕووی ڕاسـتەقینەی نوسـەربوونە. تەنیـا نوسـەر-هونەرمەند-جورئەتـی ئـەوەی هەیـە ئـەو شکسـتە ئەزمـوون بـکات». ڕاسـتە کـە دەوترێـت مـردن لەگـەڵ مرۆڤـدا لـە دایـك دەبێـت. مـردن مۆتەکەیـەك بـوو کـە لـە هیدایـەت نەدەبـووەوە. هیدایـەت ویسـتی لـە نامیلکـەی (پەیامـی کافـکا)دا شـتێك لەسـەر کافـکا بڵێـت، بـەڵام دواتـر نامیلکەکـە ناونـرا (وەسـیەتنامەی هیدایـەت!). تەنانـەت لـەو شـادی و ڕابواردنەشـدا کـە عومـەری خەیـام

باسی دەکرد، هیدایەت زیاتر ڕەنگی ڕەشی مردن دەبینێت. ئەوەتا دەربارەی خەیام دەڵێت «خەیام لە ڕووکەشدا بۆ سەفا و ڕابواردن داوەتمان دەکات، بەڵام لەڕاستیدا ئەو هەموو گوڵ و بولبول و جامی شەراب و کێڵگە و دیمەنە شەهوەت ورووژێنەی ئەو هیچ نیە جگە لە ڕازاندنەوە و ئارایش زیاتر. وەك ئەو کەسەی کە بیەوێت پێش خۆکوشتن، ژوورەکەی جوان برازێنێتەوە».

گەرچی هیدایەت ختوکەیەکی ناسیۆنالی و زەردەشتییانەی هەبوو، بەڵام مرۆڤێکی بێ دین بوو. پێی وابوو کە ئیسلام و عەرەب، شکۆ و زەوقی مۆسیقی و نیگارکێشانیان لە ئێرانییەکان سەندۆتەوە. عەبدولکەریم سروش لە کتێبێکیدا، هیدایەت بە «فرۆیدییەکی خووڕەفتار بۆرژوایی» ناو دێنێت. فەرهادپوریش پێی وایە دەتوانین بە کۆمەکی تیۆری -تەوتەم-ی فرۆید، تارمایی و کاریگەرییە بەردەوامەکانی هیدایەت بخوێنینەوە، دەڵێت «تەوتەم گیانەوەرێکە و هۆزێك دەیکاتە قوربانی و پاش قوربانیکردنی دەیخوات و لەڕێی خواردنییەوە، ئەندامانی هۆزەکە لەگەڵ گیانەوەرەکەدا دەبنە یەکێك و، لێرەوە زەمینەی –پیرۆزبوون- بۆ گیانەوەرەکە دەڕەخسێت. دەبێت هیدایەت بە گرنگترین تەوتەمی هۆزی ڕۆشنبیران و هونەرمەندانی ئێرانی بزانین. بە قوربانی بوونی هیدایەت شکستەکەیەتی و ئێمەش بە شێوەیەکی ڕەمزی لەگەڵیدا دەبینە یەك».

لە نێو دەقەکانی هیدایەتدا، کونەپەپووی کوێر زێتر ناسراوە. (ئەندرێ برۆتۆن)ی گەورە سوریالیست، کە وەرگێڕانە فەڕەنسییەکەی دەخوێنێتەوە، دەڵێت»ئەمە یەکێکە لە شاکارەکانی سەدەی بیست». هیدایەت تەنیا مرۆڤدۆست نەبوو، بەڵکو ئاژەڵدۆستیش بوو، پێی وابوو کە»ئاژەڵەکان برای بچووکی ئێمەن». سادق دەیویست بە کردەوەش ئەم هەستەی خۆی بسەلمێنێت، بۆیە گۆشتی گیانلەبەرانی لە خۆی قەدەغە کردبوو. پێش ئەوەی خۆی بکوژێت، پارەی کفن و دفنەکەی بۆ هاوڕێکانی جێدێڵێت تا نەکەونە زەحمەتەوە. هیدایەت تەنیا ئومێدی بە (نائومێدەکان) هەبوو، لە شوێنێکدا دەڵێت»ئەو کەسانە دەتوانن ئیشی گەورە بکەن کە دەستیان لە خۆیان شتووە و لە هەموو شتێك بێزار و نائومێدن».

ڕەنگە هیدایەت بۆ ئێستا، چیتر وەکو نوسەرێکی کلاسیك دەرکەوێت. بەڵام ساتەوەختی دەرکەوتنی ئەم پیاوە لە ئەدەبی هاوچەرخ و چیرۆکی مۆدێرنی ئێراندا هەرگیز لەبیرناکرێت. ناچارین هیدایەتمان خۆشبوێت، چونکە گەر وردبینەوە، ئەوا هەریەکەمان هیدایەتێکی چکۆلەمان لە ناو خۆماندا هەڵگرتووە...

# چرپەچرپێک دەربارەی خۆکوشتن...

## ١. خۆکوشتن و بەربوونەوە بۆ ناو زمان:

غەزالـەی عەلیـزادە، ژنـە نوسـەری ئێرانـی پێـش ئـەوەی خـۆی بکوژێـت نوسـیویەتی «ئێمـە وا ڕەفتـار دەکەیـن و دەجوڵێینـەوە، هـەر دەڵێـی شـتێکمان نیـە نـاوی ڕابـردوو بێـت، هەمـوو ڕۆژێـك لـە دایـك دەبینـەوە و هەمـوو شـەوێکیش دەمریـن». تەفسـیری هـەرە سـەرەتایی بـۆ ئـەو قسـەیەی «غەزالـە» ئەوەیـە کـە ژیـان بـە هەڵـم بوونێکـی بەردەوامـە. شـتێکە دەسـتەمۆ ناکرێـت. بـەڵام تـۆ بڵێـی غەزالـە بـۆ ئـەوە خـۆی کوشـتبێت تاکـو مـردن دەسـتەمۆ بـکات؟ ئەمەیـان بـۆ ئێمـە گرنـگ نیـە. ئـەوەی گرنگـە ئەوەیـە کـە ئـەم ڕسـتەیە مـردن دەکاتـەوە بـە کردەیەکـی ژیاننشـین و ڕووداوێکـی زماننشـین. هەمـوو ڕۆژێـك بـە ناومانـدا گـوزەر دەکات و بەناویـدا گـوزەر دەکەیـن. مـردن دەبێتـە ئـەو شـتەی کـە لـە ڕێـی زمـان و کارلێکـە ناکۆتاکانییـەوە دەسـتەمۆ دەکرێـت. دەبێتە سـەرەکەی تـری دیالەکتیکـی ژیـان. بەرهەمدێتـەوە چونکـە بونیـاد و ئاماژەکانـی هـەر لـە نـاو ژیـان خۆیـدان. خۆکوشـتنیش مردنـە، بـەڵام بکەرەکـەی دەیەوێـت مـردن دەسـتەمۆ بـکات. دیـارە بـەر لـەوەی بـە سـیحری خۆ-کوشـتن هەوڵـی دەسـتەمۆکردنی بـدات، کەمێـك پێشـتر لـە ڕێـی ئاوێنـەی زمانـەوە دەسـتەمۆی کـردووە. لێـرەدا خۆکوشـتن بـۆ خۆکـوژ دەبێتـە هاومانـای گەیشـتن و ڕزگاربـوون و کۆتایـی هاتـن. خۆکـوژ بـەر لـە خۆکوشـتن، ئـەو وشـانەی لەمـس کـردووە. لەگـەڵ ئـەو وشـانەدا ژیـاوە و لـە ڕێـی خۆکوشـتنەوە دیسـان لەمسـی دەکاتـەوە. خۆکوشـتنیش دەبێتـە ئاوێنەیەکـی شـەفافتر بـۆ ئـەوەی کـە خۆکـوژ ڕوونـتر ئـەو وشـانە و تارماییەکانیـان ببینێـت. لێـرەوە دەپرسـین ئـەرێ بـە ڕاسـت کاتێـك کـە خۆمـان دەکوژیـن دەچیـن بـۆ کـوێ؟ ڕوونتریـن وەڵام ئەوەیە

کە ناچین بۆ هیچ کوێ، بەڵکو بەردەبینەوە بۆ ناو ژیان و تۆڕە چنراوەکانی. ئەوێیەك نیە کە بۆی بڕۆین. ئێرە یەکەمین و دواهەمین فەزا و مومکیناتە. ئەمە ڕوانینێك نیە کە دین و زیندووبوونەوەمان بیرخاتەوە، بەڵکو ڕوانینێکی ئۆنتۆلۆژی و فەلسەفییە. دینیش بۆ خۆی نێچیرێکە و بستێك بواری ئەوەی نیە لەم تۆڕە دەرچێت...چونکە دواجار ئەویش گیرۆدەی زمانە. زمان ماڵی هەمووانە، یان هایدگەر واتەنی زمان ماڵی بوونە. کە خۆمان دەکوژین، بەردەبینەوە بۆ ناو زمان. هەندێ لە دینەکان جەهەنم بەو شوێنە دەزانن کە خۆکوژ بۆی دەچێت، بەڵام جەهەنمیش وێنەیەکی زمانەوانیە و لە زمان دەرناچێت. هەندێ جار مەجازە و هەندێ جاریش موراديف و دژيەك و وێناندنی دراوە دونياييەکانە. تەنيا جێيەك کە دوای خۆکوشتن بۆی دەچین ڕستەیەکە. هەندێ جار ئەو ڕستەیە بریتییە لە (ئەو خۆی کوشت.) خۆکوژ دوای ڕۆیشتنی لەم ڕستەیەدا دەژی. ئەمە ئەو ڕستەیەیە کە هەموومان دوای خۆکوشتن جەستە و نهێنییەکانی خۆمانی تیا هەڵدەگرین. ئەوانی تر بۆ ئەوەی پتر لە شوێنی خۆکوژ تێبگەن ڕستەکە باشتر دەپشکنن. هەندێ جار دوای پشکنین، ڕستەکە دەبێت بە (ئەو بە گوللە خۆی کوشت) یان (ئەو لە ژێر دارتووەکەدا خۆی کوشت). ماڵی ڕاستەقینەی خۆکوژ لە زماندایە. لەو چرپەچرپانەدایە کە هی ئەوانی ترن و خۆکوژ وەکو خشت ماڵەکەی خۆی پێ دروست دەکات. کە خۆمان دەکوژین نامرین، بەڵکو وەکو قەقنەس لە دال و مەدلولدا زیندوو دەبینەوە. دەکەوینەوە ناو وێنای دەنگیی وشە و وێنای مەفهومیی وشەوە.

بۆ تێگەیشتن و پشکنینی ماناکانی خۆکوشتن تەنیا یەك ڕێگا هەیە: ئەویش بەستنەوەیەتی بە جەمسەرە گرنگەکانی ژیانەوە. خۆکوشتن لە دەرەوەی ژیانەوە هیچ مانایەکی نیە. کە باسی خۆکوشتن دەکەین، بێئەوەی ئاگامان لە خۆمان بێت باسی ژیان دەکەین. ئەو سیستمە زاراوەیی و چەمکانەی بەکاری دێنین بەرهەمی ئەزموون و خەیاڵی (ژیاننشین)ـی مرۆڤن. بۆ نمونە با سەیری دیدگای «لاکان» بکەین بۆ خۆکوشتن. لاکان پێی وایە کە (خۆکوشتن بە دیوێکدا، تاکە کردەیەکە سەربگرێت، واتە هەر کردەیەك جۆرە هەوڵدانێکە بۆ بەدیهاتنی ئارەزوو، لەکاتێکدا کە ئارەزوو قەت نایەتە دی بەڵکو ئەڵتەرناتیڤێکی بۆ دروست دەبێت و بەدیهاتنی ڕاستەقینە هەرگیز بەدەست نایەت. خۆکوشتن تەنیا کردەیەکە بە تەواوی سەربگرێت، چونکە ئارەزووی مرۆڤ ڕووە و مەرگە و ڕووداني مەرگیش سەد لە سەدە و ئەنجامەکەشی ئەو لاشەیەیە کە لەو ناوەدا کەوتووە). گەر بڕوانینە وشەکانی (ئارەزوو، سەرگرتن) لەو بۆچوونەی لاکاندا، ئەوا دیسان بەر وشەگەلێك دەکەوین کە لەم دیوی ژیانەوەن. ڕەهەندێکی زمانەوانی

و زەمینییـان هەیـە. بـە مانایـەك لـە مانـاكان، ئـەم دوو وشـەیە دەتوانـن چـواردەوری «خۆكوشـتن» بگـرن. خۆكوشـتن ناتوانێـت خـۆی لـە جەبـر و جەبەرووتـی زمـان و وشـەكان ڕزگاربـكات. بـە مانـا قوڵەكـەی، خۆكوشـتن بـە بـێ زمـان هیـچ نیـە. ڤیتگنشـتاین دەڵێـت: «ئێـوە ئـەو كاتـە فێـری مانـا و مەفهومـی ئـازار بـوون، كـە فێـری زمـان بـوون». گـەر وشـەی ئـازاری نێـو ڕسـتەكە بگۆڕیـن بـۆ خۆكوشـتن، دیسـان دەتوانیـن سـود لـەو گوزارەیـەی ڤیتگنشـتاین وەرگرین بـۆ مەبەسـتەكەی خۆمان. هەنـدێ جـار ئـازارەكان نابنـە وشـە، بـەڵام ئەمـە مانـای ئـەوە نیـە كـە كەوتبێتنـە ئـەو دیـوی ژیـان و تـۆڕە بـێ شـومارەكانییەوە. ئـازار هەنـدێ جـار دەبێتـە وێنـە و هێـما و تەنانـەت كـپ بوونـی زمـان. خۆكوشـتن لـە نیـگای ئەوانـی تـرەوە، ڕازێكـی تاكەكەسـییە و دەشـێ بكەوێتـە نـاو (پانتایـی ڕیاڵ)ــی لاكانییـەوە. ڕیـاڵ، بریتیـە لـە جیهـان پێـش ئـەوەی لە لایـەن زمانـەوە پارچەپارچـە بكرێت. ئەوانـی تـر پێیـان وایـە كـە خۆكوشـتن كردەیەكـی تـەواو داخـراوە بەسـەر خۆیـدا، بـەڵام زمـان ئـەم قـەڵا داخـراوە دەشـكێنێت و بەشـێكی گـەورە لـە سـڕی خۆكوشـتن دەخاتـە بەردەمـی هەمـووان. بـە دەربڕینێكـی دی خۆكوشـتن لـە پانتایـی ڕەمزییـدا ڕوودەدات، چونكـە زمـان و دەلالەتـەكان لێـرەدا خۆیـان نمایـش دەكـەن. كەواتـە هەرچـۆن بیـر لـە جەوهـەری خۆكوشـتن بكەینـەوە، ئـەوا لـە قوڵاییـدا بیرمـان لـە ڕووخسـارێكی داپۆشراوی ژیـان كردۆتـەوە. هایدگـەر پێـی وایـە كـە مـەرگ لەحـزە نیـە، ئەویـش لەبـەر هۆیەكـی سـادە: چونكـە ئاینـدەی نیـە. شـتێكیش ئاینـدەی نەبێـت، نایەتـە نێـو زمانـەوە و خۆیـمان بـۆ دەرناخـات. لـە دیـدی ڤیتگنشـتاینەوە زمـان و جیهـان یەكێكـن، بۆیـە كـە بەردەبینـەوە بـۆ نـاو زمـان هـاوكات بەردەبینـەوە بـۆ نـاو جیهـان و خۆكوشـتن چەقینـە لـە نـاو جیهـان خۆیـدا.

## ٢. خۆ-كوشتن و بەربوونەوە بۆ ناو ئاوێنە:

كلایسـت یەكێكـە لـە ڕۆمانتیكەكانـی سـەدەی نـۆزدە و، لەسـەر قەبری مەعشـوقەكەی خـۆی دەكوژێت. ڕەنگـە -كلایسـت- لەبـەر ئـەوە خـۆی كوشـتبێت تاكـو نیشـانمان بـدات كـە مـەرگ، خـودی عەشـق خۆیەتـی. یاخـود خۆكوشـتن هـەر هەمـان وێنـە و ئاوێنـەی عەشـق بێـت. ئـەم «بـە ئاوێنەبوون»ــەی خۆكوشـتن لـە زۆربـەی ئـەو تیۆرییانـەدا دەردەكەوێتـەوە كـە تەفسـیری خۆكوشـتن دەكـەن. كامـۆ لـە بەشـی یەكەمـی –ئەفسـانەی سـیزیف-دا دەڵێـت: ئـەو شـتانەی كـە بەهانەیەكـن بـۆ ژیـان، هـاوكات

بەهانەیەکیشـن بـۆ خۆکوشـتن. واتـە هەرشـتێك نرخـی ئـەوەی هەبێـت بـۆی بژیـن، نرخـی ئەوەیشـی هەیـە کـە خۆمانـی بـۆ بکوژیـن. «چیـزارە پاڤیـزا»ی شـاعیر و ڕۆماننوسـی ئیتالیـش کـە لـە ٤٢ سـاڵیدا خـۆی کوشـت، ڕسـتەکەی کامـۆی بـە فۆرمێکـی تـر دارشـتۆتەوە و دەڵێـت: هیـچ کەسـێك نیـە بەهانەیەکـی تـەواوی بـە دەسـتەوە نەبێـت بـۆ خۆکوشـتن. خـۆ کوشـتن ئاوێنەیەکـە و لـە گیرفانماندایـە. ئـەو ئاوێنەیـە هیچـمان پیشـان نـادات، جگـە لـە ڕووخسـاری هەمیشـە گـۆڕاوی ژیـان. بـە مانایەکـی تـر، هیـچ کەسـێك نیـە کـە کلکـی مردنـی بـە دەسـتەوە نەبێـت. ئـا لێرەدایـە کـە ڕەمـز و ڕازی مردنیـش تـەواو دونیایـی دەبێتـەوە و ترسـی ڕاسـتەقینە لـە مـردن، ترسـە لـەو مەحاڵـەی کـە دەکەوێتـە دەرەوەی زمـان و وێنـە و ئەزمـوون و کۆنتێکسـتی ژیانـی مـرۆڤ خۆیـەوە. لێرەدایـە کـە مانـای خۆکوشـتن لەنـاو ژیـان و شـتەکاندا نوسـتووە. شـتەکان لێـرەن کەواتـە خۆکوشـتنیش لێرەیـە. فـۆرم و ناوەڕۆکـی هـەر لێرەیـە. بـەڵام کـە حەکایەتـی خۆکـوژان دەخوێنینـەوە، وا تێدەگەیـن کـە ئـەوان دەڕۆن بـۆ شـوێنێك و جێـمان دێڵـن. یاسـەنینی شـاعیری ڕووسـی پێـش ئـەوەی خـۆی بکوژێـت، بـە خوێنـی خـۆی دەنوسـێت: خواحافیـز هاوڕێـم خواحافیـز، تـۆ هـەر لـە دڵمایـت. مـرۆڤ لـەم خواحافیزییـەی یاسـەنینەوە فەنتازیای شـوێنێك دەکات کـە دەکەوێتـە پشـت خۆکوشـتنەوە. جێیـەك کـە یاسـەنین سـەفەری بـۆ دەکات، بـەڵام ئـەو جێیـە هیـچ نیـە جگـە لـە زرینگانـەوەی دەلالەتـی زمانەوانـی و فەنتـازی و دونیایـی.

لێـرەدا خۆکوشـتن و خۆفیداکردنـی دینـدارەکان چ لـە کـۆن و چ لـە نوێـدا، شـتێکی جیاوازمـان لەسـەر جەوهـەری خۆکوشـتن پـێ ناڵێـن و ئەوانیـش لـە هەمـان جوغـزدا دەسـوڕێنەوە. بـۆ نمونـە خۆکوشـتنی دیندارێـك لەپێنـاوی بەهەشـتدا، هیـچ نیـە جگـە لـە ونبـوون لـە نێـو تۆڕێکـی ئاڵـۆزی وێنەیـی و ڕەمـزی و دراوی دونیاییـدا. بەهەشـت دیسـان شـوێنێکی دەرە زمانـی و دەرە وێنەیـی نیـە تـا بـۆی بچیـن.

لـە سـایکۆلۆژیای نوێـدا، بۆچونێـك هەیـە کـە گوایـا هەندێـك خۆکوشـتن هەمـان شـێوازی کۆنـی قوربانیدانـە بـەڵام لـە بەرگێکـی نوێـدا. بـۆ نمونـە کەسـێك خـۆی دەکوژێـت بەهـۆی ئـەوەوە کـە کەسـێکی خێزانەکـەی نەخۆشـە. بۆیـە خۆکوژەکـە دەبێتـە ئەڵتەرناتیڤـی نەخۆشـەکە. ئەمانـە هەمـووی جێگۆڕینـی شـتەکان و دراوە ڕۆژانەییەکانـن.

ڤارتەر-ـی پاڵـەوان و خۆکـوژی ڕۆمانەکـەی گۆتـە، دەڵێـت (هەمـوو جـۆرە خۆکوشـتنێك ئاماژەیەکـی نەجیبانـەی (ڕەسـەنانە) تیایـە و، چـۆن ئەسـپە نەجیبـەکان لـە حەژمەتـی گەرمـادا دەمارێکـی خۆیـان دەقرتێنـن، منیـش زۆرجـار هەسـتێکی لـەو جـۆرەم هەیـە، دەمەوێـت یەکێـك لـە دەمارەکانـم ببـڕم و ئازادیـی ئەبەدییـم بـە دەسـت بێنـم).

دەسـتەواژەی-ئازادیی ئەبـەدی- لـەو وتەیـەی ڤارتـەردا، لێکچوونێکـی زۆری هەیە لەگەڵ بەهەشـتی

ئیماندارێکـدا کـە خـۆی دەکاتـە قوربانـی. هەردووکیـان وەکـو دوو تەماعـی دەرە-دونیایـی دەردەکـەون. هەردووکیـان وەك دوو پانتایـی دەردەکـەون کـە دەکەونـە پشـت ژیانـەوە و لـە ڕێـی خۆکوشـتنەوە پێـی تـێ دەخـەن. لـە ڕاسـتیدا، ئـەم گوزارانـەش هیچـمان پـێ ناڵێـن. دەشـێ ئازادیـی ئەبـەدی لای ڤارتـەر، ڕزگاربـوون بێـت لـەو تراژیدیایـەی کـە توشـی بـووە. ئـەو عەشـقەی کـە سـەرەڕای پوچییەکـەی، ناچـارە بـە میهرەبانییـەوە مامەڵـەی لەگـەڵ بـکات. بەهەشـت و ئازادیـی ئەبەدییـش ئاوێنـەن، جوانـتر وایـە بڵێیـن ژوورێکـن لـە ئاوێنـە. خۆکوشـتن بـۆ ئـەوان دەبێتـە ئـەو ژوورە ئاوێنەییـەی کـە ئاوێنـە لەنـاو ئاوێنـە، ئـازادی پیشـان دەداتـەوە.

فرۆیـد بـە جۆرێـك لـە جـۆرەکان تەعبیـری لـەو سیفەتە ئاوێنەییـەی خۆکوشـتن کـردووە. فرۆید پێی وایـە کـە (ئـەو توڕەیـی و شـەڕەنگێزییەی لـە مرۆڤـدا کۆدەبێتـەوە و شـوێنێکی بـۆ خاڵیبوونـەوە دەسـت ناکەوێـت، بـەرەو نـاوەوە دەگەڕێتـەوە و کـە گەیشـتە لوتکە، خۆکوشـتنی لـێ دەکەوێتەوە). لێـرەدا خۆکوشـتن دەبێتـە ئـەو ئاوێنەیـەی کـە هەموومـان توڕەیـی و توندوتیـژی ڕەهـای خۆمانـی تیـا دەبینیـن. فرۆیـد ئـەوەش دەڵێـت کـە (هەنـدێ جار نابێـت هەسـتکردن بـە گونـاه و ئـارەزووی خۆسـزادان لـە بیربکەیـن، ئـەو هەسـت بـە گوناهکردنـەی لـە ئـارەزووی کوشـتنی ئەوانـی تـرەوە سـەرچاوە دەگرێـت، زۆرجـار بـە خۆکوشـتن کۆتایـی دێـت و کەسـەکە وەك سـزایەك ئـەو کردەیـە ئەنجـام دەدات. بـە دەربڕینێکـی تـر، ئـەوەی خـۆی دەکوژێـت، لـە غەریـزەی عەشـق و ژیـان خاڵـی بۆتـەوە و غەریـزەی مردنـی بـە سـەردا زاڵ بـووە). لـە دیـدی فرۆیـدەوە خۆکوشـتن، جێگۆڕکێـی غەریزەکانـە. غەریـزەی ژیـان خاڵـی دەبێتـەوە و غەریـزەی مـردن سـەر دەردێنێـت. لێرەوەیـە کـە غەریـزەی مـردن، پێویسـتی بـە ئاوێنەیەکـە ڕوخسـاری خـۆی ببینێـت. خۆکوشـتن ئـەو ئاوێنەیەیـە کـە ژیـان وێنـەی خـۆی تیادەبینێـت بـەڵام بـە پێچەوانەییـەوە.

جـۆن دێـوی فەیلەسـوفی ئەمریکـی، تەفسـیرێکی سـتاتیکی بـۆ خۆکوشـتن دەکات و پێـی وایـە کـە (خۆکوشـتن، ڕووداوێکـی سـتاتیکی یـە. خۆکـوژ لـە ژیانـی خـۆی ڕووداوێـك دەخولقێنێـت کـە نرخێکـی جوانیناسـانەی هەیـە و سـەرنجی ئەوانـی تـر ڕادەکێشـێت. کردەیەکـی هونەرییـە و لـەو ڕووەوە سـتاتیکیە کـە سـەرنجی چێژئامێزانـەی ئەوانـی تـر بـۆ لای خـۆی ڕادەکێشـێت. هـەر کارێکی هونـەری هەڵپەکردنـە بـەرەو کۆتایـی و کەمـاڵ، خۆکوشـتنیش گەیشـتنە بـە کەمـاڵ و کۆتاییەکـی هونەرمەندانـە). جـۆن دێـوی بـاس لـەوە دەکات کـە لـە ناوئێمـەدا ئارەزوویەکـی قـووڵ هەیـە بـۆ کەمـاڵ و تەواوەتـی. خۆکوشـتن هەوڵێکـە بـۆ بەدیهێنانـی ئـەم ئـارەزووە. هەوڵێکـە بۆ ئـەوەی ژیانی خۆمـان وەکـو بەرهەمێـك بخەینـە بەردەسـتی ئەوانـی تـر و خۆیشـمان لـە نـاو گـۆڕەوە سـەیری

ئـەو بەرهەمـە بکەیـن. لێرەشـدا دەشـێ خۆکوشـتن فۆرمێـك بێـت لـە نەرجسـیەت. کـە خۆمـان دەکوژێـن، دەمانەوێـت شـەیدایانە وێنـەی خۆمـان و ژیانمـان لـە ئاوێنەکـەدا ببینین...ئاوێنەیـەك کـە جیایـە لـە ئاوێنـەی ئاسـایی. هـەرکات ئەوانـی تـر دەچنـە بەردەمـی، ڕووخسـاری خۆیـان نابینـن بەڵکـو ڕوخسـار و تارماییەکانـی ئێمـە دەبینـن. هەنـدێ کات خۆکوشـتووان ئەوەمـان پێمان دەڵێـن کـە بـۆ هیـچ کـوێ نـاڕۆن، دەڵێـن دەڕۆیـن بـە پیریـی مەرگـەوە. بـە پیریـی ئاوێنەکـەوە دەڕۆن، بـەڵام هیـچ ئاماژەیەکـی نەرجسـی نابینیـن. بـۆ ئـەوە نـاڕۆن ژیانـی خۆیانمـان وەکـو تابلـۆ پـێ بفرۆشـنەوە، بەڵکـو تەنیـا و تەنیـا لـە پێنـاوی مەرگـدا دەڕۆن. سـاڵی ٢٠٠٤، پەنابەرێکـی ئێرانـی لـە سـویسرا خـۆی دەکوژێـت. پێـش ئـەوەی خـۆی بکوژێـت، هەنـدێ ڕسـتەی نیمچەشـیعریمان بـۆ جێدێڵێـت و ئاوێنـەی مـەرگ لـە گیرفانـی خـۆی دەردێنێـت. ئـەو نوسـیویەتی» بـە ئارامییـەوە دەچمـە سـەردانی مـەرگ... دەچـم پێـی مـردن مـاچ دەکەم...ئەمشـەو تەنیـا مانـگ جوانـە و بەس».
ئـەم پەنابـەرە پەنـا بـۆ خۆکوشـتن دەبـات، خۆکوشـتن بـۆ ئـەو ئاوێنەیەکـی ڕووـ-چاڵـە. ئـەو دەچێتـە نـاو ئاوێنەکـەی خۆیـەوە و بـۆ ئەبـەد دەنوێـت. بـەدەر لـە وێنـەی مانـگ، وێنـە چڵکنەکانـی ژیـان جێدێڵێـت و بەردەبێتـەوە بـۆ نـاو ئاوێنەکـەی خـۆی.

## ٣. خۆکوشتن و بەربوونەوە بۆ ناو خود:

ئێسـتا ئـەم پرسـیارە قـوت دەبێتـەوە. ئایا خۆکـوژ لـە هەمـان کاتـدا، هـەم سـوبێکتە و هەمیـش ئۆبێکـت؟ دەشـێت ئەمـە یەکێـك بێـت لـە دیـوە سەرنجڕاکێشـەکانی خۆکوشـتن. پرسـیارێکی قەیرانئامێزیشـە.گرفتەکە لەوێدایـە کـە خۆکـوژ خـۆی بکـەر و خـودی کـردەی خۆکوشـتنەکەیە و دیسـان ناتوانێـت بکەریـش بێـت چونکـە کردەکـەی خـۆی نابینێـت و پاشـهاتەکانی لەمـس نـاکات. ئـەو تەنیا دەبێتـە ئۆبێکتێـك بـۆ ئەوانـی تـر. دەبێتـە تابلۆیەکـی هونـەری بـۆ ئەوانـی تـر. ڕەنگـە سـوبێکتیش بێـت، چونکـە بـە وشـیاری و ناسـینەوە کردەکـەی ئەنجـام داوە. سـوبێکت بکـەری ناسـێنەرە. دیـارە مەبەسـت لـە وشـیاری لێـرەدا، وشـیاری و هەسـتی فرۆیـدی نیـە، چونکـە فرۆیـد پێـی وایـە هەنـدێ جـار خۆکوشـتن خـۆی دەخزێنێتـە تاریکاییەکانـی نەستیشـەوە. بۆ نمونـە هەندێك لـەو ڕووداوانـەی ئۆتۆمبێـل لـە بنەڕەتـدا، بیرۆکـەی چەپێـنراوی خۆکوشـتنن. دەشـێ کێشـەی سـوبێکت و ئۆبێکـت بوونـی خۆکوشـتن و (مـەرگ بـە گشـتی) لای هایدگـەر لـە چەنـد ڕوویەکـەوە

چارەسـەر بکرێـت. سـادەترینیان ئەوەیـە، وەك دۆڵۆزیـش پێـی وایـە، خۆکوشـتن لـە سـنور و پانتایـی بیرکردنـەوەدا بیـری لـێ ناکرێتـەوە. دوای ئـەوەش، مـادام جیهـان و دازایـن سـوبێکت و ئۆبێکـت نیـن، ئـەوا دازایـن و مـەرگ (یـان خۆکوشـتن) نابنـە سـوبێکت و ئۆبێکـت. جیهـان بەشـێکە لـە بوونـی دازایـن. خۆکوشـتنیش ئەگەرێکـە لـە ئەگەرەکانـی دازایـن، کەواتـە خۆکوشـتن ناکەوێتـە دەرەوەی جیهـان و تەنانـەت دازاینیشـەوە بۆیـە ناشـێت ببێتـە ئۆبێکـت بـۆ دازایـن. هایدگـەر نرخێکـی ئەوتـۆ بـۆ سـوبێکت دانانێـت. دازایـن جێـی سـوبێکت دەگرێتـەوە. دازایـن واقیعیـترە. مـرۆڤ (یـان دازایـن) کـە خـۆی دەکوژێـت، چیـتر دازایـن نیـە، واتـە چیـتر لێـرە نیـە. سـوبێکت و ئۆبێکـت هاوکێشـەیەکە کـە لای هایدگـەر تێکدەشـکێت. لێـرەدا ڕسـتەیەکی قەشـەنگی کافکامـان بیردەکەوێتـەوە. کافـکا دەڵێت»فەرمانیـان پێـداوم کـە بزمارێـك بـە بەردێکـدا داکوتـم، لـە کاتێکـدا کـە خـۆم هـەم چەکوشـەکەم و هـەم بزمارەکەشـم». ئـەو ڕسـتەیەی کافـکا، شـوبهاندنێکی نزیـك و قەشـەنگە بـۆ مەسـەلەی سـوبێکت و ئۆبێکـت لـە خۆکوشـتندا. خۆکـوژ هـەم چەکوشـەکەیە و هـەم بزمارەکـەش. خۆکـوژ لەسـەرەتاوە پێـی وایـە کـە ئـەو سـوبێکتی دیکارتییـە و هەمیشـە ئـاگادار و هۆشـیار بـووە بەرامبـەر بـە خـۆی. بـەڵام دواتـر تێـدەگات کـە نـەك هۆشـیاری تـەواو نەبـووە بەڵکـو تـا ڕادەیەکـی زۆر لـە ناهۆشـیاریدا ژیـاوە و مـردن ئۆبێکتـی ڕووت نەبـووە و دزەی کردۆتـە نێـو -منـی سوبێکت-ــەوە. سـوبێکت لای ژیـژك بازیچـەی دەسـتی ئـەوی تـری گەورەیـە. بازیچـەی دەسـتی زمـان و ئایدۆلۆژیایـە. خۆکـوژ لێـرەدا دەبێتـە گەمـەی دەسـتی ئۆبێکـت و خـۆی تـا ڕادەیەکـی زۆر خاڵـی دەبێتـەوە. ئۆبێکـت لێـرەدا چیـتر خـۆی نیـە، بەڵکـو ئـەوی تـرە.

دەشـێت خۆکوشـتن لـەو کێشمەکێشـە ئەبسـتراکتە دوورخەینـەوە و وەکو بینەرێکی ئاسـایی سـەیری بکەیـن. ئایـا خۆکوشـتن توانـەوەی «خۆ»یـە لەنـاو خۆکـوژدا؟ یـان بەربوونـەوەی خۆکـوژە بـۆ نـاو «خـۆی»؟ ئاشـکرایە کـە خۆکـوژ دەبێتـە خۆیەکـی پارچەپارچـە و دابـەش دەبێـت. خۆکـوژ دۆنـادۆن دەکات و لـە وزە و چالاکـی و قسـەکردنەوە دەگۆڕێـت بـۆ ناوێـك و قەبرێـك و یادەوەرییـەك. خۆکـوژ هـەم لـە خۆیـدا دەتوێتـەوە و هەمیـش بەردەبێتـەوە بـۆ نـاو خـۆی. لـە هـەردوو بارەکـەدا خودێکـی سـیمبوڵی جێدێڵێـت. خودێکـی پچرپچـڕ و ڕامنەکـراو. هەمووەمـان هـەوڵ دەدەیـن خـۆ-بکوژیـن، بـەڵام خۆیەکـی سـیمبوڵی لەدایـك دەبێتـەوە و ناتوانێـت لـە بـوون دەرچێـت. ڕەنگـە ئـەم -خۆ-یـە لەبیربچێتـەوە بـەڵام ناتوانێـت شـتێکی نـوێ بخاتـەڕوو... هـەم بـۆ خـۆی و هـەم بـۆ خودەکانـی تریـش.

## ٤. خۆکوشتن و بەربوونەوە بۆ ناو ئارامی:

ئارامـی واتـه پاسـیڤبوونی خـەم. کـە خۆمـان دەکوژیـن، دەمانەوێت خـەم و ژاوەژاو پاسـیڤ بکەین. هیـوم دەڵێـت» بـە بـڕوای مـن هیـچ کەسـێك دەسـت ناکێشـێتەوە لـە ژیـان، ئەگـەر نرخـی ئـەوەی مابێـت تیـا بژیت. چونکـە ترسـی ناوەکـی مـرۆڤ لـە مـردن شـتێك نیـە کـە پاڵنـەرە سـوکەڵەکان بتوانـن بـە سـەریدا زاڵ بـن». بـە بۆچوونـی هیـوم، ئـازار و بێبەهایـی ژیـان لـە مـردن و خۆکوشـتن سـەختترن. مردنێـك کـە بـە وتـەی (ڤانـدەر زینـدەن) ناتوانیـن بیـری لـێ بکەینـەوە چونکـە بـە هەمـوو ژیانمـان لێـی هەڵدێیـن. واتـە ژیـان تـا تنۆکێـك ئارامـی تیابێـت، مـرۆڤ پەنـا بـۆ ئارامییەکـی موتڵەقـی وەك خۆکوشـتن نابـات. بـە کورتـی، خۆکوشـتن یۆتۆپیایەکـی ئەبسـتراکتە و خۆکـوژەکان (لـەوێ!) دەگەنـە سیسـتمێکی پێرفێکـت و بـێ ئـازار. خۆکوشـتن بـەر لـەوەش ئەزمـوون بکرێـت و وەك یۆتۆپیـا سـەیر بکرێـت، هـەر کوێـرە ئومێدێـك بـووە. نیچـە لـە کتێبـی (لـەو دیـوی چاکـە و خراپـە)دا دەڵێـت: بیرۆکـەی خۆکوشـتن ئارامیبەخشـێکی گەورەیـە، دەتوانرێـت بە هۆیـەوە چەندین شـەوی ناخـۆش، بـە خۆشـی بگوزەرێنیـت. ئەمیـل سـیورانیش خۆکوشـتنی وەك زەخیرەیەکـی پۆزەتیـڤ زانیـوە کـە مـرۆڤ دەتوانێـت لـە کاتـی خۆیـدا بـەکاری بهێنێـت. خۆکوشـتن پەلەکردنـە بـۆ ئارامییەکـی ناکۆتـا و ئۆنتۆلـۆژی. نۆڤالیـس دەیـوت: ژیـان سـەرەتای مەرگـە، ژیـان خـۆی لـە پێنـاوی مەرگدایـە، مـردن هـاوکات هـەم سـەرەتایە و هـەم کۆتاییـش. شـیلی وتویەتـی: ئـای کـە مـردن جێـی ستایشـە! خۆکوشـتن لـە نێـو دەسـتەواژە و گلەیـی و بۆڵەبۆڵـی ڕۆژانـەی خەڵکـە ئاساییەکەشـدا، وەك دەرمـان و ئارامـی سـەیر دەکرێـت. کـێ لـە ئێمـە ئـەم ڕسـتە و دەسـتەواژانەی لـە زاری دایـك و بـاوك و دەوروبـەرەوە نەبیسـتوە؟ (ئینسـان خـۆی بکوژێـت لـەم ژیانـە باشـترە)، (مەگـەر خـۆم بکـوژم دڵـم سـوکنای بێـت).

وەك کەمێـك پێشـتر باسـمان کـرد، خۆکوشـتن لـە هەنـاوی شـتەکاندا نوسـتووە. لـە هەندێکیانـدا زوو بێداردەبێتـەوە و لـە هەندێکیانـدا درەنـگ. ڕۆلان بـارت لـە کتێبـی (وتـەی عاشـق)دا نوسـیویەتی: لـە پانتایـی عەشـقدا، شـەوق و ئـارەزووی خۆکوشـتن زۆرجـار ئامادەیـە و بـە کەمتریـن بیانـوو هەڵدەگیرسـێت و بـە کەمتریـن بیانـووش دەشـێت بکوژێتـەوە. کەواتـە خۆکوشـتن لـە دیـدی خۆکوژەکـەوە سـەرزەمینێکی ئارامـە. لـەوێ مەعشـوق و عەزابـی عەشـق ونـە!

لـە ڕۆمانێکـی (سـتاندال)دا دیمەنێکـی سـەرنجڕاکێش هەیـە. دیمەنـی پیاوێـك کـە سـێ چارەکـە

سـەعات سـەرقاڵی بەرنامەڕێژییـە بـۆ خۆکوشـتن، بـەڵام کـە دواتـر سـەیر دەکەیـت دەبینیـت کابـرا بـەدوای لیسـتی نرخـی ئاوێنەکانـدا دەگەڕێـت. لەحـزەی خۆکوشـتن لەحزەیەکـی هەسـتیارە. دەروونناسـەکان دەڵێـن لەحزەیەکـی وڕێنەئامێـزە. خۆکوشـتن نەخۆشـی نیـە، وەکچـۆن شـێتییش نیـە. بـێ ئەخلاقـی نیـە، وەکچـۆن شـەهامەتیش نیـە. خۆکوشـتن، خۆ-کوشـتنە.

# هەڵهاتن لە تیۆر

## ئاوڕدانەوەیەکی کورت لە کتێبی(مەشخەڵی ڕێ)ـی سەید قوتب

ئـەم چەنـد دێـڕە دەیەوێـت ئاوڕێـك لـەو ترسـە بداتـەوە کـە لـە کتێبـی (معـالم فـی الگریـق-مەشـخەڵی ڕێ)ـی سـەید قوتبـدا هەسـتی پێدەکرێـت دەربـارەی تیۆر. خوێنـەر لە چەندین شـوێنی کتێبەکـەدا بـەر ئـەو دیدگایـەی نوسـەر دەکەوێـت کـە تیـۆر گوزارەیەکـی بەتاڵـە و ئیسـلامیش دەکەوێتـە ئـەو دیـوی سـنورەکانی تیـۆرەوە. دەشـێ خوێنـەر لـە خـۆی بپرسـێت، نوسـەری ئـەم کتێبـە بـۆ لـە تیـۆر هەڵدێـت و ستایشـی عەمـەل و کـردەوە دەکات؟ ئایا مـەودای نێـوان تیـۆر و پراکتیـك چەنـدە؟ ئایا مەرجـە هەمـوو تیۆرێـك پراکتیـزە بکرێـت؟
ڕەنگـە سـادەترین پێناسـەی تیـۆر بریتـی بێـت لـەوەی کـە «گریمانەیـە دەربـارەی حەقیقـەت». واتـە تیـۆر ئەگەرێکـە لـە ئەگەرەکانـی پێـش حەقیقـەت. ئەگەرێکـە دەکرێـت پوچـەڵ بکرێتـەوە و بـە مشـتومڕ و دەسـتکاری و ڕەخنـەدا تێپەڕێـت. ڕەنگـە وەڵامـی سـەرەتایی بـۆ ترسـی پیاوێکـی ئایدۆلـۆژی و دینیـی وەك سـەیدقوتب لـە تیـۆر ئەمـە بێـت. تیۆر بـۆ ئـەو ڕووبەرێکی ناموقەدەسـە. ڕووبەرێکـە کـە مـرۆڤ و بیرکردنـەوەی مـرۆڤ کاری تیـا دەکات. ئـەو نوسـیویەتی «کاتێـك ئێمـە دەمانەوێـت ئیسـلام خـۆی بکاتـە -تیۆر-ێـك بـۆ دیراسـەکردن و لێکۆڵینـەوە، بـەم کارەمـان ئیسـلام لـەوە دەردەکەیـن کـە پرۆگرامـی بنیاتنانێکی خواویستانەیە...ئیسـلام بچـوك دەکەینـەوە و دەیخەینە ژێـر دەسـتی پرۆگرامـی بیرکردنـەوەی مـرۆڤ -ل٧٣». لـەم وتانـەی سـەید قوتبـەوە خوێنـەر بـۆی ڕوون دەبێتـەوە کـە، پانتاییەکـی باڵاتـر و موقـەدەس هەیـە و دەکەوێتـە دەرەوەی گریمانـە و تیـۆرەوە. پانتاییەکـی ئیلاهییانەیـە و دوای دابەزینیشـی بـۆ بەردەسـتی مـرۆڤ هـەر موقەدەسـە. قورئـان لـە دیـدی سـەید قوتبـەوە ئـەو تێکسـتەیە کـە گومـان و پوچەڵبوونـەوە هەڵناگرێـت. قورئان

گریمانـە نیـە دەربـارەی حەقیقـەت، بەڵکـو خـودی حەقیقەتـە. ئیسـلام تیـۆر نیـە و هەڵگـری سـیفەتێکی نەگـۆڕە. تیـۆر ڕسـتێك گفتوگـۆ و گـۆڕان و تازەبوونـەوەی ناوەکییـە. سـەید قوتـب بـەوە قایـل نابێـت کـە ئیسـلام تیـۆر بێـت، چونکـە ئیسـلام تازەکردنەوەیەکـی ناوەکـی نیـە، بەڵکـو حەقیقەتێکـی دەرەکییـە. حەقیقەتێکـە هێنـدەی لەگـەڵ پراکتیکـدا مامەڵـە دەکات، هێنـدە خـۆی بە تیـۆرەوە سـەرقاڵ نـاکات. تیـۆر مرۆڤکـرد و وشـك و دوورەواقیعـە. دەنوسـێت «هەرگیـز ئیسـلام لـە شـێوەیەکی -تیۆر-یانـەی وشـکی دوور لـە بوونـی واقیعیـدا دەرنەکەوتـووە-ل٨٤». تیـۆر بۆ نوسـەری ئـەم کتێبـە، ناواقیعـی و خۆخەریککردنـە. تیـۆر هەوڵێکـە بـۆ دۆزینـەوە و تەنانـەت دروسـتکردنی حەقیقـەت. بـەڵام لای سـەید قوتـب حەقیقـەت هەیـە و ئامادەیـە و بەخشراوەتـە مـرۆڤ. ئـەوەی لەسـەر مـرۆڤ پێویسـتە بیـکات پاراسـتنی ئـەم حەقیقەتەیـە. پاراسـتنی ئـەم حەقیقەتـەش بـە تیـۆر و تەئویـل ناکرێـت، بەڵکـو بـە پراکتیـك و عەمـەل دەکرێـت. باشـترین فۆرمـی عەمەلیـش لای نوسـەر بریتییـە لـە جیهـاد. جیهـاد تەنیـا شـەڕکردن و بەرگـری نیـە لـە حەقیقەتـی ئیسـلام، بەڵکـو هەسـتانەوەی وشـە و تیۆریشـە بـۆ شـەڕکردن. قورئـان ئـەو دەقەیـە کـە وشـەکانی لەجیاتـی ئـەوەی ببنـە کەرەسـتەی ڕاڤـە و تیۆریزەکـردن، دەبنـە کەرەسـتەی پراکتیزەکـردن و جیهـاد. گـەر بـە چەمـك قسـە بکەیـن، ئـەوا قورئـان بـە شـێوەیەی (بالقـوە) عەمـەل و پراکتیکـی لـە هەنـاوی خۆیـدا هەڵگرتـووە و، تاکـی موسـوڵمانیش ئەرکـە لەسـەری کـە پرۆسـەکە لـە (بالقوە)ــەوە بگۆڕێت بـۆ (بالفعـل). (بالقـوە) وزە و هێزێکـی نوسـتووە لـە نـاو شـتەکان و دیاردەکانـدا و، (بالفعل)یـش دەرفەتـی دەرکەوتـن و بـە عەمـەل بوونـی ئـەو وزە ناوەکییەیـە. بـە دەربڕینێکـی تـر، وشـە و دەسـتەواژەکانی قورئـان بـەر لـەوەی کەرەسـتەی ماناسـازی و بیرکردنـەوە بـن، کەرەسـتەی جەنـگ و جیهـادن. ئەرکـی وشـە لـە تیـۆرەوە دەگـۆڕێـت بـۆ پراکتیـك.

کتێبـی (معـالم فـی الگریـق) کتێبێکـە لـە ستایشـی عەمەلـدا. گـەر لـە ناوکۆیـی (سـیاق، context)دا سـەیری کتێبەکـە بکەیـن ئـەوا پـتر لـەو بانگهێشـتەی نوسـەر تێدەگەیـن کـە بـۆ عەمـەل دەیـکات. کتێبەکـە لـە سـەردەمێکدا دەنوسرێـت کـە سـەردەمی بـە عەمەلیکردنـی تیۆرەکانـە. ئایدۆلۆژیـا گـەورەکان هـەوڵ دەدەن تیـۆر تەرجەمـە بکەنـە سـەر واقیـع. مارکسـیزم و نازیـزم و... لـەو ئایدۆلۆژیانـەن کـە تیـۆر و فیکـر وەك کێڵگەیەکـی بەرینـی عەمـەل سـەیر دەکـەن. تیـۆر بـۆ ئـەوان تۆوێکـی نەچێـنراوی عەمەلـە. ئاسـاییە لـە سـیاقێکی لەمجـۆرەدا، سـەید قوتـب مانیفێسـتێکی لـەو جـۆرە بنوسـێت و بـڕوای بـە هێـزی تیـۆر و تەنانـەت بوونـی تیۆریـش نەبێـت.

(معـالم فـی الگریـق) گەرچـی دەقێکـە و ناتوانێـت لـە زمـان دەرچێـت، بـەڵام هەوڵێکـە بـۆ ئـەوەی

دوو گۆڕانـکاری لـە زمانـدا دروسـت بـکات. یەکـەم: دەیەوێـت ڕەهەندێکـی پراکتیکی ببەخشـێتە زمـان و چیـتر زمـان ئامـاژە و پێـچ لێدانـی مانایـی و تیـۆری نەبێـت. دووەم: دەیەوێـت مـەودای نێـوان دال و مەدلـول کـورت بکاتـەوە و، لانیکـەم هـەر دالێـك (نیشـانە) لـە مەدلولێك(نیشـانە بۆکـراو) زیاتـری نەبێـت. بـۆ نمونـە لای «لاکان» بـە پێچەوانـەی «سۆسێر»ــەوە، هـەر دالێـك چەندیـن مەدلولـی هەیـە. بـۆ نمونـە نوسـەر کە وتـی کۆمەڵـگەی غەیـرە ئیسـلام «جاهیل»ـە، ئیدی دالـی (جاهیـل) یـەك مەدلولـی هەیـە و لای نوسـەر هیـچ شـیکارێکی زمانەوانـی و هێرمۆنۆتیکـی هەڵناگرێـت.

«پـۆڵ ڕیکـۆر» لـە گفتوگۆیەکیـدا بـاس لـەوە دەکات کـە خەیاڵکردنێـك هەیـە، لـە خەیاڵکردنـی ئەبسـتمۆلۆژی و سیاسـیش گرنگـترە. ئەویـش «خەیاڵکردنـی زمانناسـیانە»یە و لـە ڕێـی وزەیەکـی زینـدووی وەك میتافـۆرەوە هەمیشـە «مانـا» دروسـت دەبێتـەوە. لـە نەسـتی نوسـەری ئـەم کتێبـەدا هەڵهاتـن لـە تیـۆر، بـە جۆرێـك لـە جـۆرەکان هەڵهاتنـە لـەو خەیاڵـە زینـدووەی زمـان. هیـچ هێزێك وەکـو زمـان گـورز لـە خەیاڵـی ئایدۆلـۆژی ناوەشـێنێت. تاکـە ڕێگـە بـۆ ڕزگاربـوون لـە تارمایـی زمـان، باوەشـکردنە بـە پراکتیـك و جیهـاددا. جیهـاد هەوڵێکـی دوو لایەنەیـە هـەم بـۆ خۆشـاردنەوە لـە زمـان و هەمیـش بـۆ سـەرکوتکردنی زمـان.

سـەرباری ئەوانـە، دەتوانیـن بڵێیـن کـە فەرامۆشـکردنی تیـۆر چەنـد مانایەکـی دی هەڵدەگرێـت. تیـۆر بەگشـتی ئیشـی نوخبەیـە نـەك کـۆ. سـەروکاری نوسـەری ئـەم کتێبـەش هێنـدەی لەگـەڵ -کۆ-دایـە، نیـو هێنـدە لەگـەڵ نوخبـەدا نیـە. لێـرەدا -کـۆ- بـۆ سـەید قوتـب بریتیـە لـە ئوممـەت. ئیشـی ئوممـەت تیۆریـزە کـردن نیـە بەڵکـو پراکتیـزە کردنـە.

لـە کتێبەکـەدا هاتـووە «ئیسـلام تیۆرێـك نیـە و لەگـەڵ گریمانـە و -فەرەزیـات-دا بجوڵێـت، بەڵکـو بریتییـە لـە پەیڕەو و پرۆگرامێـك کـە لەگـەڵ واقیعـدا دەگونجێـت-ل٦١». خوێنـەر هەسـت دەکات باگراوەنـدی پشـت ئـەم ڕسـتەیە باگراوەندێکـی سـایکۆلۆژییە. لێـرەدا سـایکۆلۆژیای نوسـەر لـە هەمبـەر تیـۆردا گـرژ دەبێتـەوە و بـە خەیـاڵ و ناواقیعیـی دەزانێـت. ئیسـلام دەبێتـە نـەزم و ڕێکـی و سـەلمێنراو، یـاری بـە سـایکۆلۆژیای مـرۆڤ نـاکات و دڵەڕاوکێـی پوچەڵبوونـەوە و ڕێژەیـی بـوون نایکرۆژێـت. سـایکۆلۆژیای نوسـەر بـەوە ئۆقـرە دەگرێـت کـە شـتەکان کۆنکرێـت بکرێنـەوە نـەك ئەبسـتراکت. بەرجەسـتە و بەردەسـتە بـن، نـەك لـە دووتوێـی بیـری پەتـی و فرەڕوویـی وشـەدا گۆڕانیـان بەسـەردا بێـت. لێرەدایـە کـە ترسـی هەنـدێ گـروپ و ئایدۆلۆژیسـتمان بـۆ دەردەکەوێـت دەربـارەی ڕیفۆرمـی دینـی. تـرس لـە ڕیفـۆرم ترسـە لـە دۆڕاندنـی ئارامییـش. گەرچـی تیـۆر

بـۆ ڕێکخســتنەوەی پشـێویی واقیـع و جیهـان و بـوون دادەڕێژرێـت، کەچـی زۆرجـار ڕیتـم و هاوسـەنگیی سـایکۆلۆژیی «دۆگـماکان» دەشـێوێنێت. بـە مانایەکـی تـر، هـۆکاری هەڵهاتنـی نوسـەر لـە تیـۆر، پەیوەندیـی بـە «ئومێد»ــەوە هەیـە. ئومێـد زیاتـر وەکـو دراوێکـی تیـۆری دەردەکەوێـت، بـەڵام بۆخـۆی دراوێکـی پراکتیکییـە و بـەر لـەوەی لـە واقیعـدا ڕوویدابێـت، لـە زمـان و دەروونـدا ڕوویـداوە. نەسـتی ئـەم کتێبـە پـڕە لـە ئومێـدی سـەرکوتکراو. ئـەوە عەمەلـە (جیهـاد) کـە ئـەم ئومێدانــە دەکاتــەوە بــە مەقولەیەکــی ئۆنتۆلــۆژی و ڕووکارە ســایکۆلۆژییەکەی تێدەپەڕێنێــت. هێنانـەوەی ئایەتـی (کـز مەبـن و خەفـەت مەخـۆن هـەر ئێـوەن سـەرکەوتوو بەمەرجێـك مسـوڵمان بـن...ل٢٤٠) لـە کتێبەکـەدا، تەنیـا هیوایەکـی سـایکۆلۆژی نیـە بەڵکـو گەرەنتییەکـی ئۆنتۆلۆژیشـە بـۆ موسـوڵمانان. تیـۆر ناتوانێـت هیـوا دروسـت بـکات، چونکـە هـەر قسـە و (قسـەی زل!)ــە. هیـوا لـە تیـۆر تێپەڕیـوە و هەندێـك پراکتیـك و جیهـادی پێویسـتە بـۆ ئـەوەی خـۆی دەرخـات.

هەڵهاتـن لـە تیـۆر ترسـناکە...گەر لـە تیـۆردا هەڵـە بکەیـن، ئەگەرێـك دەمرێت...بـەڵام گـەر لـە پراکتیك-جیهـاددا هەڵەمـان کـرد چـی ڕوو دەدات؟!

سەرچاوە: مەشخەڵی ڕێ، سەید قوتب، و: کرێکار، چاپی دووەم، ٢٠٠٨، ك.تەفسیر.

# لەودیوی برسێتییەوە چی هەیە؟

ئەگەرچـی «ڕەمـەزان» لـە ڕووکەشـدا بریتییـە لـە پارچەیـەك كات و پارچەیـەك مەراسـیمی دینـی، بـەڵام هـاوكات نیشـانەیە بـۆ شـتی تـر و هەڵگـری ئامـاژەی ناوەكییـە. دەشـێ سـیمای سـەرەكیی ڕەمـەزان بریتـی بێـت لـە خۆگرتنـەوە و نەفیكـردن. واتـە وەسـتاندنی هەنـدێ لـەزەت كـە دەبێتـە جەوهـەری ئـەم مانگـە، ئیـدی لـە لەزەتـی خـوردن و خواردنـەوەوە بیگـرە تـا دەگاتـە دووكـەڵ و سـێكس. دەتوانیـن بڵێیـن كـە ڕەمـەزان نیشـانەیەكە بـۆ جۆرێـك لـە (غیـاب) كـە ئیسـلام هەمیشـە بەدەسـتییەوە ناڵاندوویەتـی. ئاشـكرایە كـە لێـرەدا ڕەمـەزان زیاتـر وەك زاراوەیەكـی ڕووت و ئەبسـتراكت بەكاردەهێنیـن. وەك خولێكـی دووبـارەی دینی كە بەشـدارە لە درووسـتكردنی شوناسـی خـودای ئیسـلامدا.

جیاوازیـی ڕەمـەزان لەگـەڵ سرووتەكانـی تـری ئیسـلامدا، لـە دوو شـتدا جێـی سـەرنجە. یەكەمیـان، لۆژیكـی ئیسـلام ئەوەمـان پـێ دەڵێـت كـە ڕەمـەزان بەشـێوەیەكی ڕاسـتەوخۆ تایبـەت و تەرخانـە بـۆ خـودا. دووەمیـش، ڕەمـەزان هەڵگـری پارادۆكسـێكی ئاڵـۆز و هـاوكات گرنگیشـە لـە هەنـاوی خۆیـدا. بـۆ نمونـە، ڕەمـەزان لـە ڕووكەشـدا وەك پەیوەندییەكـی ڕاسـتەوخۆ و خێـرا بـە خواوەنـدەوە دەردەكەوێـت، بـەڵام دوای پشـكنینێكی قـووڵ دەبینیـن كـە بریتییـە لـە گەڕانـەوەی تاكی مسـوڵمان بـۆ نـاو خـۆی! هەڵبـەت ئـەم گەڕانەوەیـە پتر لـە شكسـتەوە نزیكـە، تاكـو ئـەوەی گەڕانەوەیەكـی سـۆفییانە بێـت بـۆ نـاو مـرۆڤ خـۆی. ئـەم گەڕانەوەیـە، پچڕانـی ئیمانـدارە بـە دەرەوەوەی خۆیـەوە و سـزادانی جەسـتەی لـێ دەكەوێتـەوە. دیـارە نابێـت لێـرەدا، خۆگرتنـەوە و خۆبرسـیكردنی ڕۆژووگر تێكـەڵ بكەیـن بـە زوهـد و خۆگرتنـی سـۆفی و زاهیـدەكان. ئـەوان دەیانەوێـت لـە جەسـتەوە بپەڕنـەوە بـەرەو ڕۆح و مەعشـوق و ئایدیاڵێكـی تارادەیـەك مسـۆگەر، بـەڵام فەردێكـی فیقهـی و سـادە، گـرەو لەسـەر جەسـتەی خـۆی و پاداشـتێكی مـادی دەكات. ڕەمـەزان ئـەو زمانـە جەسـتەیی

و بایۆلۆژییـە نیـە لەگـەڵ خـودادا کـە ئیسـلام بانگەشـەی بـۆ دەکات، بەڵکـو دابـڕان و کەرتبوونـی مرۆڤـی مسـوڵمانە لەگـەڵ خۆیـدا. جەسـتە دەبێتـە ئـەو زمانـە لاڵ و پاسـیڤەی کـە ئـەوی تـر و خـوداش ون دەکات. لـەو جێگایـەدا، ئـەوی تـر ون دەکات کـە ئـەوی تـر لـە پەیوەندیی تەندروسـت و مامەڵـەی خاوێـن و حورمەتـی پێویسـت بێبـەش دەکات. لـەو جێگەیەشـدا خـودا ون دەکات کـە دوو گرفتـی بەرچـاو دەخولقێنێـت. یەکەمیـان بریتییـە لـە گرفتێکـی تیۆلـۆژی و (کەلامـی) کـە لێـرەدا دەرفەتـی باسـکردنی نیـە. دووەمیـش گرفتێکـی ناوەکییـە و پەیوەسـتە بـە جومگەکانـی نـاوەوەی ئیسـلام خۆیـەوە. ئـەوەی کـە بەکورتـی بیـری دەخەینـەوە ئـەو گرفتـە ناوەکیەیـە کـە دەکرێـت ئیسـلام و هـەر شوناسـێکی تـری پێـوە گیـرۆدە ببێـت. ئـەو گرفتـەی کـە لێـرەدا نـاوی دەنێیـن: غیابـی خـودای ئیسـلام.

دیـارە کـە لـە زۆرێك لـە دینەکانی دونیـادا بە (مەسیحیەتیشـەوە)، خـودا جۆرێك لە بەرجەسـتەبوون و ئامادەگـی هەیـە. زۆر مەزهـەب هـەن و بوارێکـی گـەورە بـۆ ئامادەیـی خـودا دەکەنـەوە. بۆیـە هـەر لـەو مەزهەبانـەدا پرۆسـەی چەپانـدن و غاییکـردن کەمـتر ڕوودەدات. ئیسـلام یەکێکـە لـەو دینانـەی کـە هەمـوو شـکۆی خـودا دەبەسـتێتەوە بـە غیابـەوە، کـە پـتر غیابێکـی نێگەتیڤـە. لـە ئیسـلامدا کۆمەڵێـك میکانیـزم و ڕێگـە و سرووت هـەن و ئـەم غیابـە چەپێـنراوەی خـودا دەهێننـەوە نـاو ئاگایـی و هۆشـیاریی ڕۆژانـەوە. واتـە غیابـی خـودا لـە ئیسـلامدا بـەردەوام چەپێـنراوە و ئـەم چەپاندنـەش لـە پەنجـەرەی تـرەوە هاتۆتـەوە نـاو هەسـت و ژیانـی ڕۆژانـەی دینەکـەوە. غیابـی خـودا لـە ئیسـلامدا بـەردەوام پێویسـتی بـە بـاج و ئەڵتەرناتیڤـی گـەورە هەبـووە بـۆ ئـەوەی ئامادەییەکـی لانیکـەم ڕەمـزی بۆخـۆی دەسـتەبەر بـکات. ڕەمـەزان یەکێکـە لـەو ئەڵتەرناتیـڤ و باجانـەی کـە پێویسـتە تاکـی مسـوڵمان هەڵـی بگرێـت. خۆبرسـیکردن بـە شـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ دەبێتـە ئەڵتەرناتیڤێـك بـۆ ئـەوەی خـودا ئامـادە و بەرجەسـتە بێتـەوە. هەڵبـەت ئـەوەی وا دەکات کـە ئـەم پرۆسـەیە ناراسـتەوخۆ ڕووبـدات، مەسـەلەی مەرگـە. مـەرگ دەبێتـە پـرد و ناوەنـد بـۆ ئـەوەی کـە (برسـێتی) و (ئامادەیـی خـودا) بگەنـە یـەك. بـە دەربڕینێکـی سـادەتر، ئیسـلام دێـت و برسـێتی وەك بیرخـەرەوە و جەمسـەرێکی گرنگـی مـەرگ پێشـنیار دەکات و لەگـەڵ بیرخسـتنەوەی مەرگـدا خـودا وەك توندوتیژییـەك بیردەخاتـەوە. خـودا لـە غیابـەوە خـۆی دەخزێنێتـە هەنـاوی مـەرگ و لەوێشـەوە «برسـێتی» دەکاتـە زەنگێـك بـۆ ئامادەبوونـەوەی خـۆی!. لـەم هاوکێشـەدا ئـەوەی کـە پـتر زەق و زاڵـە، دەرکەوتنـی توندوتیژییـە وەك ئەکتێکـی نـەرم و ناراسـتەوخۆ. لـە پلـەی یەکەمـدا برسـێتی و خۆگرتنـەوە لـە لـەزەت بریتییـە لـە (توندوتیـژی بەرامبـەر بـە جەسـتە).

لـە پلـەی دواتریشـدا هەرِەشـە و ئەگـەری مـەرگ دەبێتـە (توندوتیژییەکـی گەورەتـر بەرامبـەر بـە مـرۆڤ) وەك کۆیەکـی گەورەتـر و گشـتگیرتر. گـەر کێشـەکە بەسـەر یەکـەوە سـەیربکەین، ئـەوا ئیسـلام لـە ڕێگـەی مـەرگ و توندوتیژییـەوە خـودا دەهێنێتـەوە سـەر شـانۆ. ڕەمەزانیـش، ئـەم غیابـە دەگەیەنێتـە ئاسـتی پراکتیـك و دەشـێت کـۆی پرۆسـەکە بـەم شـێوەیە کـورت بکەینـەوە: ئـەی ئەوانـەی کـە باوەڕتـان هێنـاوە، ڕۆژووتـان لەسـەر نـوسراوە، وەکچـۆن لەسـەر ئەوانـەی پێـش ئێـوەش نـوسراوە: بـۆ ئـەوەی خۆتـان لـە ئازارەکانـی غیـاب بپارێـزن.
دیـارە کـە غیـاب و ونبـوون ئـازاری خـۆی هەیـە. غیـاب دەبێتـە هۆی ئـەوەی کـە شـوێنە بەتاڵەکەی بـە ئـازار پڕبکەینـەوە. ئـەو ئـازارەی کـە لـە غیابـەوە سـەرچاوە دەگرێـت، لـە زاتـی غیابـدا نیـە بەڵکـو لـەو درزە عاسـی و ئەبەدییەدایـە کـە غیـاب دروسـتی دەکات. جێـی بیرخسـتنەوەیە کـە مـەرج نیـە شـتێك (یـان خودایـەك) هەبووبێـت و ڕۆیشـتبێت و ئـەم غیابـەی درووسـت کردبێـت. نەخێـر، بەڵکـو زۆرجـار غیـاب بەرهەمـی فەنتازیـای مـرۆڤ خۆیەتـی. واتـە فەنتازیـای ئینسـان وا دەکات کـە ئۆبێکتێکـی خەیاڵکـرد بخولقێنێـت و لەگـەڵ ئـەم خولقاندنـەدا بۆشـایی و غیابیـش دێتـە ناومانـەوە و هەمیشـەش دەمێنێتـەوە. غیـاب و فەنتازیـا دووانەیەکـی لێکـدراون و یەکـتری بەرهـەم دێننـەوە. ئەوانـەی کـە بەرگـەی ئـەم غیابـە دەگـرن زۆر کەمـن. خەڵکـی سـادە و سـاکار، پێویسـتی بەوەیـە کـە فەنتازیاکانـی بەرجەسـتە بـکات گەرچـی بـە شـتگەلی وەهمـی و هەڵـەش بێـت. بـە دەربڕینێکـی دی، ڕۆژوو بـۆ ڕۆژووگـر نەخۆشـییەکی ماسۆشـییە و مسـوڵمان ناچـار دەبێـت کـە لـەزەت لـە خۆ-ئازاردان-ببینێـت. ئـەم خۆئازاردانـەش بریتییـە لـە باجێـك کـە تاکـی مسـوڵمان ناچـارە بیـدات، چونکـە کەوتۆتـە دۆخـی فەنتازیاکردنـەوە و نایەوێـت تووشـی هیـچ غیابێـك ببێـت. ئـەوە ئیسـلام خۆیەتـی کـە هـەر لـە پێشـەوە خـودا دەخزێنێتـە دواوە. ئـەو کاتـە ڕێگـە دەدات کـە خـودا لـە خەڵـوەت و غیابـی خـۆی بێتـە دەر کـە مـرۆڤ ناچـارە باجەکـەی بـدات. هـەر بـۆ نمونـە خواوەنـد لای «ئەفلۆتیـن» بریتییـە لـە پڕبـوون و لێوڕێژبـوون و لـێ ڕژان. جیهـان لـە خواوەنـدەوە دەردەچێـت و سـەرچاوە دەگرێـت و بەرهەمـی سـەرڕێژبوونی خواوەنـدە. دوای ئـەم لێڕژانـەش خواوەنـد تووشـی کـەم و کورتـی و کەمبوونـەوە نایـەت و ناگـۆڕێـت. بـەڵام گـەر سـەیری خـودای ئیسـلام بکەیـن ئـەوا سـەرڕێژ نیـە و نایەتـە دەرەوەی خـۆی، بەڵکـو تـا ڕادەی (غیـاب) پاشەکشـە دەکات و دەڕواتـە دواوەوە. ئیسـلام بـە نیەتـی خـۆی، هەندێـك سرووت و مەراسـیم پێشـکەش بـە مسـوڵمانان دەکات و برینەکانـی غیابـی پـێ سـاڕێژ دەکات. بـەڵام هـەر زوو ئـەم سرووتانـەش شکسـت دەهێنـن و تەنانـەت شـەهادەت و خۆتەقاندنـەوەش ناتوانـن ئـەم درزە و ئـەم غیابـە و

ئـەم برینـە ناوەکییـەی ئیسـلام چارەسـەر بکـەن. بـە مانایەکـی تـر، ئیسـلام دوو جـۆر توندوتیـژی بەرهـەم دێنێـت بـۆ قەرەبووکردنـەوەی (غیابەکـە)، کـە یەکیـان نەرمـترە و ئـەوی تریـان توندوتیژترە. یەکەمیـان ڕۆژووە کـە لـە ئاسـتێکی نەرمـتردا توندوتیـژی بەکاردەهێنێـت و ڕووی لـە نـاوەوەی مسـوڵمان خۆیەتی و ئەوی تریشـیان جیهادی کلاسـیك و جیهادی (مۆدێرن!)ـە و ڕووی لە دەرەوەی مسـوڵمان و ئـەوی تـرە. ڕۆژوو وەك توندوتیژییەکـی نەرمـتر، ڕۆڵـی جیهادێکـی ڕەمـزی دەبینێـت دژ بەوانـی تـر و تەنانـەت ئەوانـی تـری مسـوڵمانیش. ئـا لێـرەوە ئیسـلام بەجۆرێکـی ناراسـتەوخۆ دژی پەیـام و هەنـدێ لـە بانگەشـەکانی خـۆی دەوەسـتێتەوە. واتـە لـە ڕێگـەی فەرزێکـەوە، پەیامێکـی گەورەتـر هەڵدەوەشـێنێتەوە کـە لێبوردەیـی و ئاشـتی و ڕێزگرتنـی ئەوانـی تـرە.

ڕەمــەزان و برسـێتی و خۆپارێـزی لـە چێـژ، هەڵگـری ئاماژەیەکـی ناوەکیـتر و نەسـتەکی تـرن. خۆبرسـیکردن وەك بەتاڵییەکـی کاتـی و وەك خاڵیبوونەوەیەکـی کورتخایـەن دیسـان گوزارشـت لـە جۆرێـك لـە غیـاب دەکات. غیابێکـی بایۆلـۆژی و نیمچـە ڕۆحـی و ناونشـین. غیابێـك کـە مـرۆڤ دەگەڕێنێتـەوە بـۆ نـاوەوەی خـۆی و بـۆ هەسـتە ڕاسـتەوخۆ و نزیکەکانـی خـۆی. ئەم غیابە دەشـێت غیابـی پڕبـوون و تێربوونـی بایۆلـۆژی بێـت. لـەم دۆخـەدا ڕۆژووگـر دەیەوێـت پردێـك لەگـەڵ سـەرزەمینێکی ئایدیاڵیـدا درووسـت بـکات. ئـەو سـەرزەمینەی کـە ئیسـلام نـاوی دەنێـت بەهەشـت و پـڕە لـەو شـتانەی کـە غیابـی ڕۆژووگـر پڕدەکەنـەوە. ڕۆژووگـر پەیوەندییەکـی نیمچـە رۆحـی و (نیمچـە جەسـتەیی!) لەگـەڵ ئـەم سـەرزەمینەدا درووسـت دەکات و، لەگـەڵ کۆتایـی هاتنـی ڕۆژەکـەدا پەیوەندییەکـە هـەر زوو دەپچڕێـت و پاشەکشـە دەکات بـۆ رۆژێکـی تـر و دۆخێکـی تـر و غیابێکـی تـر. دەسـت گەیشـتنەوەی ڕۆژووگـر بـە خـواردن و فۆرمەکانـی لـەزەت، کۆتایـی بـە غیابـە بچـوك و بایۆلۆژییەکـە دێنێـت، بـەڵام غیابـە گـەورە و ئیلاهییەکـە هـەر لـە جێگـەی خـۆی دەمێنێتـەوە.

# ئەیوب و چرکە غەمگینەکانی ناو «ئیمان»

کیرکەگارد لە کتێبی «لێپرسینەوە»دا دەڵێت «ئەو کەسەی لەگەڵ دونیادا دەجەنگێت و سەردەکەوێت مەزنە، ئەوەی لەگەڵ خۆیدا دەجەنگێت و بەسەر خۆیدا زاڵ دەبێت شکۆ و مەزنییەکی زیاتر دەستەبەر دەکات، بەڵام شکۆمەند و مەزنی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە لەگەڵ خودادا دەستەویەخە دەبێتەوە». بەشی کۆتایی وتەکانی کیرکەگارد، بۆ دونیای ئێمە گەلێک گرنگە. پێویستە ڕەخنە و گلەیی بئاخنینە ناو هەموو پارچەکانی ژیانی ڕۆژانەوە، تا دەگاتە ئیمان و چرکەساتەکانی ئیمانیش. دەستەویەخەبوون لەگەڵ خودادا لەم ڕستەیەی کیرکەگارددا، ڕۆحێکی میتافۆرییانەی هەیە. ئەو دەیەوێت ماهیەتی ئیمانی ڕاستەقینە دیاری بکات. بۆیە لەم ڕستەیەی کیرکەگاردەوە پرسیارێک سەردەردێنێت و هاوکات وەڵامەکەشی لە خۆیدا شاردۆتەوە. پرسیارەکە بریتییە لەوەی، بۆچی ئیمانی ڕاستەقینە لە ناوەوە پڕە لە تەقینەوە و ئەگەری ڕەخنە و پشێوی؟ وەڵامەکە چییە جگە لە پرسیارەکە خۆی، بەڵام بەبێ وشەی پرس؟! چیە جگە لەوەی ئیمانی ڕاستەقینە و قووڵ لە ناوەوە پڕە لە تەقینەوە و ئەگەری ڕەخنە و پشێوی! چیە جگە لە درزخستنە موتڵەق نەک داپۆشینی کەلێنەکانی موتڵەق؟ سرووشتی ئیمان وەهایە. ڕەنگە تاکە بەڵگە و ئەرگۆمێنتێک بۆ ناسینی سرووشتی شتێک بیخەینە ڕوو، بریتی بێت لە ئەزموونکردن: بۆ ئەوەی لە سرووشتی دۆخێکی ئینسانی تێبگەی تاقی بکەوە، لەوەش زیاتر بڕۆ ریسک بکە!

گەرچی ئیمان وەک دۆخێکی ئاسنین و ڕەها دەردەکەوێت، بەڵام لە هەناوی خۆیدا هەڵگری پچڕان و پارادۆکس و ساتەوەختی قەیراناوییە. دیارە لێرەدا مەبەستمان لە ئیمانی ڕاستەقینەیە. مەبەستمان لەو گەڕان و یارییە ماندووکەرەیە کە ناوی ئیمانە. ئیمانێک نا کە لە ملکەچی ڕووتەوە دەست پێدەکات، بەڵکو ئیمانێک کە گەمە لەگەڵ پارادۆکسەکاندا دەکات. ئیمانێک

کـە دەرگا و دەرفەتـی زیاتـر بـە زمـان دەبەخشـێت نـەوەک بیبەسـتێت و زاراوەکانـی سـنوردار بـکات. ئیـمان ئاسـمانێکی تـر و سـێبەرێکی تـر بـۆ شـتەکان درووسـت دەکات. ئیـمان لەگـەڵ خاڵـی دەسـپێکدا دەبێتـە ئامانـج. واتـە هـەر لەسـەرەتاوە، خـۆی وەک ئامانجێکـی ئامـادە پیشـان دەدات و دۆخ و پارچـە وردەکانـی نـاو خـۆی دەکاتـە وەسـیلە. لـە ئیمانـدا ئامانـج ناکەوێتـە کۆتاییـەوە، بەڵکـو هـەر لـە سـەرەتاوە و لـە هەنـگاوی یەکەمـەوە خـۆی دەردەخـات. بـەڵام ئامانجـی ئیمانـی ڕاسـتەقینە، داخسـتن و پڕبـوون و گەیشـتنی تەواوەتـی نیـە، بەڵکـو هەمیشـە لەنـاو خۆیـدا لەدایـک دەبێتـەوە. هەڵبـەت لێـرەدا مەبەسـتمان لـە لەدایکبوونەوەیەکـی عیرفانـی نیـە، بەڵکـو دەمانەوێـت ئـەوە بڵێیـن کـە ئیـمان خـۆی فۆرمێکـی بەتاڵـە و نابێتـە وەسـیلە بـۆ شـتی تر. ئیـمان خـۆی ئامانجی خۆیەتـی. گـەر سـەیری مێـژووی زۆرینـەی دینـەکان بکەیـن لـەم سرووشـتە ڕاسـتەقینەیەی ئیـمان لایانـداوە و ئیمانیـان خسـتۆتە خزمەتـی شـتی تـرەوە. لـە ڕاسـتیدا گـەر مامەڵەیەکـی لۆژیکـی لەگـەڵ زمانـدا بکەیـن ئـەوا ئـەم ڕسـتەیە هەڵەیـە: ئیمانیـان خسـتۆتە خزمەتـی شـتی تـرەوە. ئیـمان ناخرێتـە خزمەتـی شـتی تـرەوە، هـەرکات هەوڵـی لـەو جـۆرە بدرێـت ئیـدی ڕاسـتەوخۆ ئیـمان خـۆی نەفـی دەکات و وەک ئیـمان نامێنێتـەوە. یـان کیرکـەگارد واتەنـی، ئیـمان ئـەو لوتفەمـان پێدەبەخشـێت، کـە نـاوەوە لـە دەرەوە باڵاتـر و لەپێشـتر بێـت. ئیـمان لـە ناوەوەیـە و بـۆ ناوەوەیـە. ئیمانـی ڕاسـتەقینە پـتر لـە قومـار و گـرەو و پارادۆکسـەوە نزیکـترە وەک لـە هەڵپـەی ئایدۆلـۆژی و بەرنامەسـازی و پاڵدانـەوەوە.

هیـچ ئیمانێـک نیـە پێرفێکـت و سـاغ و پۆڵاییـن بێـت. ئیـمان گـەر سرووشـتی پـۆڵای وەرگـرت ئـەوا بڕێکـی زۆر لـە ئیمانبـوون دەکەوێـت. پێـم وایـە ئیمانـی تەندرووسـت ئـەو ئیمانەیـە کـە پـتر لـە ئینتیـما و مەیلێکـی مەتاتییـەوە نزیکـە. ئـەم جـۆرە لـە ئیـمان دەشـێلرێت و لانیکـەم وەک فـۆرم و دەم و چاویـش بێـت دەسـتکاری دەکرێـت. ئیمانـی پۆڵاییـن ئیمانێکـە کـە ژەنـگ دەگرێـت. نـە دەسـتکاری فۆرمەکـەی دەکرێـت و نـە ناوەڕۆکەکەشـی شـەفاف و ڕوون و ڕەونەقـدار خـۆی پیشـان دەدات. ژیـژک پێـی وایـە کـە «لـە دیـدی هیگڵـەوە عەقـڵ تۆڕێکـی ئارامبەخـش نیـە کـە بەتـەواوی دژیـەک و پارادۆکسـەکان و ژاوەژاو و شـێتی و ئـەم شـتانە چـارە بـکات یـان داپۆشـێت. بـە پێچەوانـەوە: لای هیـگڵ عەقـڵ سـنوری کۆتایـی و غایـی شـێتی یـە. دەتوانیـن بڵێیـن کـە عەقـڵ زیـادە و پاشـماوەی شـێتی و جنوونـە». ئـەم سیفەتانەی عەقـڵ بەسـەر ئیمانیشـدا جێبەجـێ دەبـن. ئیـمان تەماسـێکی گـەورەی بـە شـێتییەوە هەیـە. شـێتی بـە مانـا بـاو و ئاساییەکەی نـا، بەڵکـو بـە مانـای یاساشـکێنی و پڕبوونـی جاروبـار و خۆخشـاندن بـە سـنوورەکانی ئازادییـدا.

لە پەیمانی کۆن، یاخود تەوراتدا هەندێک ساتەوەختی قەشەنگ هەن کە تەعبیر لە دۆخە پشێوەکەی ئیمان دەکەن. ئەوەی کە لەوێ دەگوزەرێت هەر ئیمانە، بەڵام ئیمانێک کە زمانی هەیە و دێتە گۆ. ئیمانێک کە لە ڕێگەی ڕەخنە و گلەییەوە خۆی تێر دەکات. دەتوانین بڵێین ئیمان لە بنەڕەتدا گوزارشتە لە دۆخی برسێتی و زمان بەخشینەوە بە پنتە ناکۆکەکانی ناو مرۆڤ خۆی. زۆرن ئەوانەی کە لە جێگەیەکی ئیماندا دەوەستن و بەر دیوە ڕاستەقینەکەی دەکەون. دەوەستن و ئیمان لەو وەهمە پاک دەکەنەوە کە دڵنیایی و بێدەنگبوونی یەکجارەکییە. ئەیوب یەکێکە لە سیمبوڵەکانی ئەم بێدەنگنەبوونە. حەکایەتی ئەیوب حەکایەتێکی ئێجگار قەشەنگە. بەپێی چیرۆکەکە ئەیوب لە دۆخی ئیمانداریی خۆیدا دەخرێتە تاقیکردنەوەیەکی قورسەوە. ئەیوب دەبێتە قوربانی گرەوێکی نێوان شەیتان و خودا. ڕۆژێک شەیتان لەگەڵ فریشتەکاندا دەچنە دیوانی خودا و، خودا لە شەیتان دەپرسێت کە لە کوێ بوویت. ئەویش وەڵام دەداتەوە کە لە سەفەرێکی دەوری زەویدا بووە. پاشان خودا بە جۆرێک لە شانازییەوە بە شەیتان دەڵێت: ئایا ئەیوبی بەندەی منت بینی؟ لە سەر زەوی کەسێکی تری وەک ئەو نادۆزرێتەوە. ئەو پیاوێکی لەخواترسە و خۆی لە گوناه بە دوور دەگرێت. شەیتان لێرەدا دێتە گۆ و ئیمانی ئەیوب دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە سود و قازانجی گەورەی بۆی هەیە. شەیتان هۆکاریی ئیمانداربیەکەی ئەیوب دەگەڕێنێتەو بۆ ئەو بەرەکەت و سودەی کە لێیەوە دەستی دەکەوێت و ماڵ و مناڵ و سامانەکەی پێ دەپارێزێت. لێرەوە گرەوەکە لەسەر حیسابی ئەیوب دەست پێدەکات و خودا بە شەیتان دەڵێت: بڕۆ چیت دەوێ بەسەر سامانەکەی ئەیوبیدا بهێنە بەڵام زیان بە خۆی مەگەیەنە. بە کورتییەکەی ئەیوب لە جاری یەکەمدا، هەموو ماڵ و مناڵی خۆی لە دەست دەدات. بەڵام ئەیوب هێشتا وەک بەندەیەکی تووڕە و ڕەخنەگر نەهاتۆتە گۆ. شەیتان بەهانە دەهێنێتەوە و سوپاسگوزاریی ئەیوب هێشتا هەر بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە مرۆڤ ئامادەیە هەموو شتێک ببەخشێت بە مەرجێک گیانی خۆی پارێزراو بێت. بۆیە لێرەوە خواوەند مۆڵەت دەداتە شەیتان کە موسیبەتێک بەسەر ئەیوبدا بهێنێت بەو مەرجەی کار نەگاتە کوشتنی ئەیوب. شەیتانیش دەڕوات و ئەیوب دووچاری دومەڵ و بیماری و کرمەڕێزبوون دەکات. ئەیوب بەسەر تەپۆڵکەیەکی خۆڵەمێشەوە دادەنیشێت و پرسیار و ناڕەزایی و هاوارەکانی خۆی دەردەبڕێت. کاردانەوەکانی ئەیوب بەم شێوەیە دەست پێدەکات «نەفرەت لەو ڕۆژەی کە هاتمە دونیاوە و ئەو شەوەشی کە کەوتمە ڕەحمی دایکمەوە... خۆزگە ئەو ڕۆژە لە تاریکیی ئەبەدیدا ڕۆدەچوو...وە هەرگیز بە یەکێک لە ڕۆژەکانی مانگ

نەدەژمێردرا...ئەوانەی کە لە نەفرەتکردندا دەسترەنگینن-ئەو ڕۆژە- بە نەفرەت بکەن...خۆزگە بە مردوویی لەدایک دەبووم...سەد خۆزگە خودا ئاواتمی دەهێنایە دی و دەیکوشتم». گەرچی ئەیوب ئیمانی خۆی نادۆڕێنێت، بەڵام ختوکە و ڕەخنە و گلەییەکانی خۆی ناچەپێنێت. لێرەدا ئەو تێڕوانینەی (کیرکەگارد)مان لە کتێبی (ترس و لەرز)دا بیردەکەوێتەوە کە پێی وایە «ئیمان خۆی پەشێو و پەرێشانە بەڵام براوەیە. هەمیشە پەرێشانە، بەڵام هەمیشە براوەیە». ئەیوب بە دەربڕینێکی زۆر شیعری و غەمگینانەوە بەردەوام دەبێت و بەرامبەر بە خودادەڵێت «بۆچی گوناهەکەم نابەخشیت و لە کەم و کورتیم خۆش نابیت؟ من بەم زووانە دەڕۆمە ژێر خاک و تۆش بە دوامدا دەگەڕێیت، بەڵام ئیتر من نیم و –نابم و نامدۆزیتەوە-». ئەیوب زمانی خۆی توند دەکاتەوە و دەڵێت «...لە سەرەتای خەلقبوونمەوە هەمیشە بیری تۆ ئەوە بووە کە گەر من توشی گوناهێک بووم، ڕێ لە لێخۆشبوونم بگریت و لەناوم بدەیت. چ مرۆڤێکی بێچارەم! ئەگەر ئیشی باش بکەم حساب ناکرێت، بەڵام بچووکترین گوناهم لێ بوەشێتەوە یەکسەر سزا دەدرێم. ئەگەر بمەوێت هەستمەوە لە زەوی، وەکو شێر هەڵدەپەڕیتە سەرم و دیسان هێزی خۆت بەسەر منەوە نمایش دەکەیت». سکاڵاکانی ئەیوب سەردەکێشێت بۆ پرسیار و گازندەی توندتر، ئەوەتا بە تیرێک دوو نیشانە دەشکێنێت و دەڵێت «کاتێک بەڵایەک یەخەی بێ گوناهێک دەگرێت، دەیکوژێت و خوداش پێدەکەنێت. خودا دونیای داوەتە دەستی گوناهکاران. ئەو چاوی قازییەکانی کوێر کردووە تاکو عەدالەت پیادە نەکەن، ئەگەر ئەمە ئیشی خودا نیە، ئەی ئیشی کێیە؟.«

لە کتێبی (جامعە)ی پەیمانی کۆنیشدا هەڵوەستەیەکی قەیرانساز و گومانکارانە هەیە دەربارەی دیوە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤ. کتێبی پیرۆز دێت و ئاوازی پووچی و بێهودەیی دەژەنێت. ڕەنگە لە دیدی (موحەمەدی!)یەکەوە، ئەم پەرەگرافانەی کتێبی پیرۆز هێجگار ناقۆڵا و ناڕەسەن دەربکەون، چونکە قورئان خۆی دوور دەگرێت لەم جۆرە دەربڕینە ڕاشکاوانە. بە هەرحاڵ هەندێ توخمی نیمچە فەلسەفی لە کتێبی (جامعە)ی پەیمانی کۆندا بەدی دەکرێت. هەر لە ورووژاندنی پووچیی ژیانەوە تا دەگاتە پووچیی زانین و عەیش و نۆش و نەزانی و هەوڵدان. کۆمەڵێک ڕستەی غەمگین لە ناو کتێبێکی پیرۆز و مانیفێستێکی ئیمانیدا شتێکی سەرنجڕاکێشە. تیایدا هاتووە کە «هەموو شتێک بێهوودەیە، هەروەک ڕاکردن بە دوای بادا»، «...خوداوەند مرۆڤەکان تاقی دەکاتەوە تاکو پیشانیان بدات کە لە حەیوان باشتر نین. بەدەر لەمە، عاقیبەتی مرۆڤ و حەیوان هەر یەکێکە، هەردووکیان گیان دەسپێرن و دەمرن، کەواتە

مـرۆڤ هیـچ فەزڵێکـی بەسـەر حەیوانـدا نیە. هەمـوو شـتێک بێهودەییـە!»، «بێهودەییـە! بێهودەییە! ژیـان سـەرتاپا بێهودەییـە! مـرۆڤ لـەو هەمـو زەحمەتـەی کـە لـە ژێـر ئاسـماندا دەیکێشـێت چ سـودێکی دەسـت دەکەویـَت؟ نـەوەکان یـەک لـەدوای یـەک دێـن و دەڕۆن، بـەڵام دونیـا هەروەکو خـۆی دەمێنێتـەوە»، «پادشـایەک دەتوانێـت چـی بـکات، جگـە لـەوەی کـە پادشـاکانی پێـش ئـەو کردوویانـە؟»، «باسـی پێشـینان ناکرێـت، ئەوانەشـی کـە لـە ئاینـدەدا دێـن باسـێکی ئێمـە ناکـەن»، «هەمـوو شـتێک ماندووکـەرە، هێنـدە ماندووکـەرە کـە زمـان کـورت دێنێـت لـە باسـکردنیدا، نـە چـاو لـە بینیـن تێـر دەبێـت و نـە گوێـش لـە بیسـتن. ئـەوەی کـە هەیـە لـە پێشـدا هەبـووە و ئەوەشـی کـە دەبـوو ببێـت پێشـتر بـووە، خـودا ڕابـردوو دووبـارە دەکاتـەوە». ئـەم ڕسـتانە پـڕ درێژدەبنـەوە و فۆرمێکـی تەندرووسـتتر لـە ئیـمان دەخەنـە ڕوو. فۆرمێـک کـە لـە دونیـای ئێمـەدا بێـزراو و گومـڕا و ناشـیرینە. پێویسـتە ئیمانـدارانـی ئێمـە تێبگـەن کـە: ئیمانـی ڕاسـتەقینە، هێنـدەی لەبـەردەم شـکاندایە هێنـدە قایـم و ڕەق و ڕەهـا نیـە: ئیـمان لاڵکردنـی یەقیـن نیـە بەڵکـو هێنانـە قسـەی یەقینـە.

ڕەنگـە نەکرێـت هەمـوو ئیمانـدارەکان وەکـو ئەیـوب و کیرکـەگارد و پاسـکاڵ بـن، بەڵام دەکـرا دەقە پیـرۆزەکان هەناسـەی ڕەخنـە و سـکاڵایان تیـا نەمرێـت. کاریگەریـی ئـەم زمانـە ڕەخنەییـە لـە هـەر دەقێکـی پیـرۆزدا بایەخـی خـۆی هەیـە و سـایکۆلۆژیا و زمـان و جیهانبینییەکـی تـر دەبەخشـێت بـە (تاک!)ـەکانی ئـەو دینە.

سەرچاوە:
١. کتاب مقدس، ترجمه تفسیری، انجمن بین المللی کتاب مقدس، ١٩٩٥میلادی.
٢. ترس و لرز، سورن کیرکەگور، ت: عبدالکریم رشیدیان، نشر نی، چاپ پنجم، ١٣٨٥.
٣. گشودن فێای فلسفه، گلین دالی، گ.با. ا.ژیژک، ت.گل محمدی .١٣٨٦

# هێڵنج: ماڵئاواییکردن لە لۆژیکی دینی

## -هەڵدانەوەیەکی خێرای پەڕەکانی ڕۆمانی -هێڵنج-ی سارتەر-

»هێڵنج لەناو مندا نیە...ئەوە منم لە ناویدام...لە ناو هێڵنجدام«. ڕەنگە ئەم ڕستانە باشترین دەرگا بن بۆ ئەوەی زووتر بچینە سەر جەوهەری باسەکە. ئەم ڕستانە، کرۆک و ژێرخانی ڕۆمانەکەمان بە کورتی پیشان دەدەن. پێش هەر شتێک، خوێنەر لەو گریمانە و وێنە تەقلیدییە ڕزگار دەکەن کە هێڵنج دەکەوێتە ناو مرۆڤەوە. چیتر هێڵنج ئەو پڕبوونە ناوەکییە نیە تەعبیر لە دڵ تێکهەڵاتن و بیماریمان بکات. نەخێر، بەڵکو تێرمێکە و وێنەیەکی گەورەترمان لەسەر خۆمان و بوون و جیهان دەداتێ ، وێنەیەک کە سنوری شەخسی تێدەپەڕێنێت و وەکو هەوا هەموو کون و کەلەبەرێک داگیر دەکات. چیتر هێڵنج کاردانەوەیەکی کتوپڕی جەستە نیە، بەڵکو لێرەدا جەستە خۆشی دەبێتە بەشێک لە هێڵنج.
حەفتاو چوار ساڵ پێش ئێستا، سارتەر ڕۆمانی (هێڵنج)ی بڵاوکردەوە.دەوترێت ڕۆمانەکە وەکو فۆرم و زمان سادە و بێ ڕووداو و بێ کارەکتەر و ساردوسڕە. ئەوەش دەوترێت کە ڕۆمانەکە بە میتۆدێکی فینۆمینۆلۆژی نوسراوە کە سارتەر بۆ فەلسەفەکەشی بەکاری دەهێنێت. هەندێکی تر ڕۆمانەکە بە ڕۆمانێکی ئۆنتۆلۆژی دەزانن و هەندێکی تر بە پووچینامەی تێدەگەن. ئاشکرایە کە زۆری لەسەر وتراوە، چ وەک ستایش و چ وەک ڕەتکردنەوەش. ئێمە دوای نرخی ئەدەبیی دەقەکە ناکەوین، بەڵکو دوای ئەو هێڵە دەکەوین کە پتر ڕووخساری فەلسەفیی دەقەکە داگیردەکات. ئەو هێڵەی کە ناوی دەنێین ماڵئاواییکردن لە لۆژیکی دینی.
ڕۆمانەکە یەک کارەکتەری سەرەکی تیایە و ناوی (ڕۆکاتێن)ە. ڕۆکانتێن بە تەنیا لە شاری بۆوێل دەژی و سەرقاڵی لێکۆڵینەوەی مێژووییە لەسەر کەسایەتییەک. ئەم کارەکتەرە بە قوڵی

دەرگیـرە لەگـەڵ مەسـەلەی بووونـدا، بـوون لـە سـەر ئاسـتە ڕۆژانەییەکـەی، بـوون وەک ئـەوەی کـە لـە ڕێگـەی شـتەکانەوە خـۆی دەردەخـات، بـوون وەک ئەوانـی تـر. بـە وتـەی بابەکـی ئەحمـەدی، ڕۆمانەکـە هەڵگـری چیرۆکێکـی ڕوون نیـە کـە دەسـت بخەینـە سـەری و بـۆ خەڵکـی بگێڕینـەوە. ڕابـردووی کارەکتەرەکـە ڕوون نیـە. لـەو ڕووەوە بـە خـۆی دەڵێـت «یادەوەرییەکانـم لەگـەڵ دەمـی ئێسـتادا درووسـت دەکـەم، فـڕێ دراوم و تـوڕ دراومەتـە کاتـی ئێسـتاوە، سـودی نیـە کـە دەمەوێـت بگەمـە ڕابـردوو، ناتوانـم لـە خـۆم هەڵبێـم-ل١٠٩ ». یـان لـە دەسـتەواژەیەکی کۆمیـدی و هـاوکات غەمگینـدا دەڵێـت «ڕابـردووم لـە کوێـدا هەڵبگـرم؟ ڕابـردوو خـۆ لـە گیرفانـدا هەڵناگیرێـت-ل١٥٤». بـە وتـەی ئەلبێـر کامـۆ، ڕۆمانەکـە زیاتـر بریتییـە لـە مۆنۆلۆگـی ڕۆکانتێـن لەگـەڵ خۆیـدا. نـەک هـەر ئەوەنـدە بەڵکـو لـەوەش زیاتـر، ڕۆکانتێـن پەیوەندیـی خـۆی و شـتەکان ئەزمـوون دەکات پەیوەندییـەک کـە بـە تـەواوی مانـای پەیوەندیـی هەڵناگرێـت، چونکـە بـەر لـەوەی پەیوەنـدی بێـت هەڵهاتنـە تـا ئەوپـەڕی هەڵهاتـن. لێـرەدا بـە دەرفەتـی دەزانـم کـە سـەرنجێک لەسـەر مانـای هەڵهاتـن بخەمـە ڕوو. هەڵهاتـن بـۆ کارەکتەرەکـەی ئـەم ڕۆمانـە مانایەکـی ئەوتـۆی نیـە. ئـەو مـادام بیـر دەکاتـەوە، پێـی وایـە ناتوانێـت هەڵبێـت و خـۆی لـە شـتەکان قوتاربـکات. ناتوانێـت لـە ژێـر بـاری زەویـن و جەسـتە ڕا بـکات. ئـەو لـە کوێـوە و بـۆ کـوێ ڕا بـکات؟ هەمـوو لایـەک هـەر شـتە و هـەر کورسـی و مێـز و دیـوار و بـەردە. شـتەکان دەیخەنـە دۆخێکـی ترسـناک و سـەیرەوە. بوونـی شـتەکانی دەوروبـەری پەرێشـان و پەشـێوی دەکـەن. دەڵێـت «نابێـت شـتەکان لەمـس بکەیـن، چونکـە زینـدوو نیـن. مـرۆڤ بەکاریـان دەهێنێـت، دەیانخاتـەوە جێـی خـۆی، لـە ناویانـدا دەژی: بەسـودن، هـەر ئەوەنـدە و بـەس. کەچـی ئەوانـە لەمسـم دەکـەن و منیـش پێـم تەحەمـول ناکرێـت. دەترسـم لـەوەی کـە پەیوەندییـان لەگـەڵ دروسـت بکـەم، وەک ئـەوەی جانـەوەری زینـدوو بـن-ل٧٨». لێـرەوە، وردە وردە هەسـتی هێڵنـج لای ڕۆکانتێـن پەیـدا دەبێـت. هـەم لـە شـتەکان دەترسـێت و هـەم قێزیـش دەکاتـەوە و شـعورێکی سـەیر و نامـۆی تیـا دەبزوێـت. پێـی وایـە کـە شـتەکان زینـدوون و «جۆرێـک لـە کەسـایەتییان هەیـە-ل٦٩». بـۆ ئـەوەی پـتر لـە ماهیـەت و مەرامـی ڕۆمانەکـە تێبگەیـن، ئـەوا دەبێـت بچینـەوە لای چەمکێکـی گرنگـی سـارتەر. چەمکێـک کـە لـە بنەڕەتـەوە لێدانـە لـە لۆژیکـی دینـی و دیـدی عیرفانـی. چەمکێـک کـە نەفیکەری هـەردوو چەمکـی (واجـب الوجـود) و (ممکـن الوجـود)ـە. ئـەم دوو چەمکـە لـە کەلەپـوری دینـی و عیرفانیـدا ڕووبەڕێکـی گەورەیـان داگیـر کـردووە. یەکەمیـان بـە گشـتی گوزارشـت لـەوە دەکات کـە بـوون یـان خـودا واجیـب و زەرووره و دەبێـت هەبێـت. دووەمیشـیان تەعبیـرە لـەوەی کـە بـوون

و وجـود شـیاوەکین و دەشـێت هەبـن. بۆچوونێـک هەیـە و پێـی وایـە ڕەتکردنـەوەی یەکجارەکـی واجـب الوجـود شـتێکی مەحاڵـە، چونکـە ئـەوەی دەکرێـت نەبێـت و مەعـدووم بێتـەوە پێکهاتـە و بەشـە لێکدراوەکانـی شـتەکانە نـەک بنەچـە سـاکارەکەیان. واتـە شـتەکان دواجـار ناتوانن ببنـەوە بە عەدەمـی ڕەهـا. ئـەم بۆچوونەیـان مشـتومڕی لەسـەرە و دەکرێـت خوێنـەر بـە وردی لـە ڕۆمانەکەی سـارتەردا بـۆ وەڵامەکـەی بگەڕێـت کـە ئێمـە لێـرەدا توخنـی ناکەویـن. ئـەوەی دەمانەوێـت بـە خێرایـی ڕووناکـی بخەینـە سـەر ئەوەیـە، کـە سـارتەر دێـت و چەمکـی (ئیمکانـی نـا-زەروور) دەکاتـە ئەڵتەرناتیڤـی دوو چەمکەکـەی تـر. واتـە چیـتر ئـەو شـتانەی هـەن و لـە بوونـدان، واجیـب نیـن و دەکـرا نەبـن. بوونیـان زەروور نیـە و لەگـەڵ مرۆڤـدا جگـە لـە تەجـەلای ڕێکـەوت هیچـی تـر نیـن. هیـچ زەرورەتێـک و ناچارەکییـەک لـە پشـت بوونـەوە نیـە. مـرۆڤ و میکرۆبێـک و پەلکـە گیایـەک هەمـوو لـە بـوون و دونیـادا یەکسـانن، ئـەوەی کـە جیایـان دەکاتـەوە شـێوەی بوونیانـە. هەموویـان وەک یـەک نـا-زەروورن و وەک ئیمکانێکـی پەتـی هـەن و مەجبـور نەبـوون کـە هەبـن. لێرەوەیـە کـە یەکێـک لـە دیـدگا هـەرە گرنگەکانـی سـارتەر خـۆی دەردەخـات و ناوەڕۆکـی مرۆڤـی لەسـەر ڕۆ دەنێـت. مـادام کـە بـوون زەروور نیـە و مرۆڤیـش مومکینـی نـا-زەرووره، ئـەوا ئاگایـی مرۆڤیـش بـۆ خـۆی بـۆش و بەتاڵـە. یاخـود وەک ئـەوەی بابەکـی ئەحمـەدی لـە کتێبـە گرنگەکەیـدا دەربـارەی سـارتەر دەڵێـت: هیـچ خودێـک لـە ئاگاییـدا نیشـتەجێ نیـە، بەڵکـو دەبێـت درووسـت بکرێـت. ئـەوەی کـە خـود هیچـە، یەکسـانە بـەوەی کـە ئاگاییـش هیچـە. لێرەوەیـە کـە مـرۆڤ وەکـو ئاگایـی پێویسـتە پرۆژەکانـی خـۆی بینـا بـکات و ئـەم بەتاڵـی و ناتەواوییـە پڕبکاتـەوە. بـەڵام هەمـوو دەزانیـن کـە خـود لای سـارتەر پـڕ نابێتـەوە و بـە ناتـەواوی و لـە مەرگـدا دەوەسـتێت. دەکرێـت بڵێیـن کـە (ئیمکانـی نـا-زەروور) سـەرەتا و دەسـپێکی فەلسـەفەکەی بـووە. سـارتەر وتوویەتـی، لـە گەنجێتیـدا و لـە سـینەمادا بـەر ئـەم دۆخـە و ئـەم ئیشراقـە فەلسـەفییە کەوتـووە. تێگەیشـتووە کـە ڕووداوەکان هیـچ نەخشـە و لۆژیکێکـی ناوەکییـان نیـە، هیچ ژێرخانێکـی زەرووری نایانجوڵێنێـت و تەنیـا دەرکەوتـە و فینۆمینـەی پەتیـن. شـتەکان زیـادە و پـڕن و زۆر بـە سـادەیی دەکـرا بوونیـان نەبێـت. ڕۆکانتێـن دەسـت لـە زیـخ و بـەردی کەنـاری دەریـا دەدات و لەوێـوە هێڵنـج دێنـە دەسـتەکانییەوە. دونیـا و تەنەکانـی نـاوی لـە زەینـی ڕۆکانتێنـدا دەخزێـن و دەکـەون و ون دەبـن. بـە پێچەوانـەی جیهانبینیـی فەلسـەفی کۆنـەوە، شـتەکان چیـتر ڕەسـەنێتی و سـەرچاوە و پایەدارییـان نیـە. ئیـدی شـتەکان بریتـی نیـن لـە مەخلوقاتـی موقـەدەس و خـاوەن ئەسـڵ و فەسـڵ. ڕۆکانتێـن لـە کتوپـڕدا دێتـەوە سـەر بوونـی خـۆی و کێشـەی زەیـن. زەیـن و بیرکردنـەوە

وەک یەکەمیـن دەرگای هێڵنـج دەبینێـت. ناتوانێـت لـە زەیـن و بیرکردنـەوە و خـۆی هەڵبێـت. ئـەو دەڵێـت «ئەگـەر توانیبـام لـە بیرکردنـەوە بوەسـتم، زۆر بـاش بـوو. ئەندێشـە و بیـرەکان بـێ تامتریـن شـتن، تەنانـەت بـێ تامـتر لـە گۆشـتی لەش...جەسـتە هـەر ئەوەنـدەی یەکجـار دەسـتی کـرد بـە ژیـان، ئیـدی خـۆی بـۆ خـۆی دەژی. بـەڵام کـە دەگەمـە سـەر بیرکردنـەوە، ئـەوە منـم کـە بەردەوامیـی پـێ دەدەم. مـن بوونـم هەیـە. مـن بیردەکەمـەوە کـە بوونـم هەیە...ئـۆی! ئـەم هەسـتی بوونـە چ پێچەڵپێچێکـی دوور و درێژە...منـم کـە فراوانـی دەکەمـەوە، هێـواش هێـواش، بریـا دەمتوانـی خـۆم لـە بیرکردنـەوە بوەسـتێنم...-ل٢٠١». ڕۆکانتێـن لـە خۆیـەوە و بـۆ شـتەکان و تێکـڕای بوونیـش هۆکارێـک نابینێتـەوە. ئـەوەی هەیـە، هەیـە و بـەس! ئـەو دواجـار بـڕوا بـەو وەڵامـە گریمانکـراو و میتافیزیکیانـە نـاکات کـە گوایـا بوونیـان لێـوە درووسـت بـووە. ئـەو دواجـار لـە کافتریایـەک و بـە دەنگـی مۆسـیقایەک لـەو دۆخـە گـرژ و هێڵنجهێنـە ڕزگاری دەبێـت. سـارتەر لـە ڕێگـەی هێڵنجـەوە، بـوون لـە هەمـوو مانـا و زەروورەتێـک خاڵـی دەکاتـەوە. هەمـوو ئـەو دیـدە دینـی و تیۆلۆژییانـە ڕەت دەکاتـەوە کـە بـوون و مەخلوقـات بـە بەرهەمـی خـودا و کۆپیـی خـودا و جەوهـەری دووەم دەبییـن. بـوون چیـتر وەفـا و چاکـە و لوتفـی خواوەنـد نیە.ئیمتیـاز و غایەتـی بـوون و بوونـەوەران لـەوە تێناپەڕێـت کـە هـەن. تەنانـەت لای ڕۆکانتێـن زەمەنیـش ئەوەیـە کـە ئێسـتا هەیـە و بـەس. ڕابـردوو چیـتر نیـە و بـەردەوام لەبەردەمـی ئێسـتادا هـەرەس دەخـوات. هـەر شـتێک و هـەر وێنـە و ڕووداوێـک کەمـتر لـە چرکەیـەک لـە زەینـدا دەمێننـەوە. هەمـوو چرکەیـەک هەرەسـێکە و هەرەسـێکی تـری بـە دوادا دێـت. هەرەسـی پێشـوو کۆناکرێتـەوە، وێنـا ناکرێـت، لـە هێڵنجبوونـی خۆیـدا نوقـم دەبێـت. نوسـەری ئێرانـی، نرگـس فتحعلیـان، پێـی وایـە کـە (ئیلحـادی سـارتەر لـە ئیلحـادی کامـۆ کاملـترە: کەماڵێکـی هێڵنجهێـن. ئیلحـادی سـارتەر ساردوسـڕە و بـوون وەک ئـەوەی هەیـە دەبینێت...ئـەو وەکـو کامـۆ تـوڕە نیـە و تۆڵـە لـە ئاسـمان ناکاتەوە...کامـۆ پێـی وایـە شـتێک نیـە کـە دەبـوو هەبووایـە، بـەڵام سـارتەر پێـی وا نیـە دەبـوو شـتێک هەبێـت کـە ئێسـتا نیـە... سـارتەر تەنیـا وەسـف دەکات و هیـچ ...ڕۆکانتێـن دەڵێـت: هێڵنـج وازی لـێ نەهێنـاوم و پێـم وانیـە بـەم زووانـەش وازم لـێ بێنێـت، هێڵنـج نەخۆشـییەک یاخـود قەیرانێکـی ڕاگـوزەر نیـە، بەڵکـو خـودی خۆمـە). بوونـی شـتەکان بـۆ ڕۆکانتێـن خـۆی بـۆ خـۆی توندوتیژییـە. تاکـە پەیوەندیـی ئـەو بـە شـتەکانەوە، زیـادی و زیادەییـە. ئـەوەی کـە دار بەڕوویـەک و زیخێـک و ڕۆکانتێـن دەبەسـتێت بـە یەکـەوە، زیادەبوونـە. کاتێـک دەیەوێـت شـتەکان لـە زەینـی خۆیـدا بخاتـە پـاڵ یـەک و بەراوردیـان بـکات، هەڵدێـن و پـڕ دەبـن و دەکەونـە گۆشـەیەکەوە. شـتەکان لـە

شـوێنی خۆیانـەوە پـڕن و پـڕ دەبـن و هێڵنـج درووسـت دەکـەن. لای ڕۆکانتێـن هەمـوو شـتەکان ڕووو لـە کەوتـن و داخزانـن. درەختـەکان پێـش ئـەوەی بـەرەو ئاسـمان هەڵکشـێن، لـە کەوتـن و داوەشـاندان. درکـە فەلسـەفییەکانی ڕۆکانتێـن ڕسـتەی شـیعری لێدەکەوێتـەوە، ئـەو دەڵێـت: درەختـەکان نەیاندەویسـت بوونیـان هەبێـت، بـەڵام دواجـار نەیاندەتوانـی بـەر بـەوە بگـرن، کێشـەکە ئەمەیـە. ڕۆکانتێـن تووڕەیـە لـەوەی کـە بـوون لـکاوە پێیـەوە و لێـی نابێتـەوە. دەگاتـە ئـەوەی بڵێـت، هەمـوو لایەکـم هـەر بوونـە، بـە خـەرووار و بـە خەرمـان هـەر بوونـە، بڕێکـی بـێ کۆتـاو بـێ سـنوور لـە بـوون دەوری داوم و خەریکـە دەمخنکێنێـت. لای ڕۆکانتێـن، هێڵنـج هەمـوو شـوێنێکە و لـە هەمـوو شوێنێکیشـە. خـۆی دەڵێـت «هێڵنـج لـە نـاو منـدا نیـە، لـەوێ لەسـەر دیوارەکـە، لەسـەر بەنـی شـەرواڵەکە، لـە هـەر چواردەورم هەسـت پێدەکـەم، لەگـەڵ کافتریاکـەدا یـەک شـتن، ئـەوە منـم لـە ناویـدام-ل٩٠». لـەم تێکسـتەدا، سـارتەر هیـچ دیوێکـی شـاراوە بـۆ شـتەکان و تەنانـەت کاتیـش ناهێڵێتـەوە. شـتەکان هـەن و لێـرەن و خۆیـان بـۆ ئێمـە دەخەنـە ڕووو، هەندێـک جـار کەمـترن لـەوەش کـە خۆیـان دەخەنـە ڕوو: «چونکـە بـەردەوام لـە فەنـا و خلیسـکاندان». هـەر شـتێک کـە بـەر زەویـن دەکەوێـت، هـاوکات بـەر مەرگـی خۆیشـی دەکەوێـت. شـتەکان ئیـدی بـە پێـی لۆژیکـە دینییەکـە لـە خـوداوە هەڵناقوڵێـن و لـە عەدەمـەوە نەهاتـوون. شـتەکان خۆیـان لـە خۆیانـدا پـڕ و زیـادەن و دەخزێنـە عەدەمـەوە، یاخـود «بـە هەڵـواسراوی دەکەونـە نێـوان عـەدەم و وجـودەوە».

ئـەوەی کـە ڕۆکانتێـن تێـی دەکەوێـت، شـتێکی زۆر نامـۆ نیـە. چەمکێـک و گریمانەیـەک نیـە کـە سـارتەر بـۆ یـەک جـار ئیشـی لەسـەر کردبێـت و جێـی هێشـتبێت...نا...هێڵنج چەخماخەیەکـە و دەشـێت لـە پڕێکـدا داگیرمـان بـکات. گرژبوونێکـی عەقڵـی و هەسـتەکییە و ئەگـەری هەیـە لـە شـەوێکی تەنیـا و پیاسـەیەکی کورتـدا تێـی بکەویـن. گرژبوونێـک کـە مـرۆڤ هەنـدێ کات گومـان لـە ڕسـتە ناودارەکـەی مارکـس بـکات کـە دەڵێـت، دیـن تلیاکـی کۆمەڵانـی خەڵکـە. ئـەوە کام تلیاکـە کـە بـۆ ئەبـەد و بەرەهایـی هێڵنـج لەناودەبـات...کام تلیـاک؟!

# توندوتیژی؟

ئایـا توندوتیـژی بوونەوەرێکـی سـەربەخۆیە؟ ئایـا بـەر لـەوەی بکەوینـە نـاو قەیـران و زەبـر و زەربـەوە، بوونەوەرێـک هەیـە نـاوی توندوتیژی بێـت؟ واتە توندوتیـژی، خاوەنی ماهیەتـی خۆیەتی، یاخـود بەرهەمـی دوو کات و دوو شـوێن و دوو قەیرانـە؟ دیـارە گـەر توندوتیـژی سـەربەخۆ نەبێـت، ئـەوا بەرەنجامـی دوو لەحـزە و دوو دیـاردە و دوو بوونـەوەری تـرە. گـەڕان بـە دوای ئەم ڕیشـەیەدا سـەختە و پرسـیارەکە لـەو پرسـیارانەیە کـە سـەدان پرسـیاری تریـان لـە نـاو خۆیانـدا هەڵگرتـووە. نـەک تەنیـا پرسـیار، بەڵکـو ژێرخانێکـی گرنـگ و بەپیـت و ڕووناککەرەوەشـە بـۆ دۆزینـەوەی زۆر وەڵام دەربـارەی توندوتیـژی.

لێـرەدا بـە کورتـی، هـەردوو ئەگەرەکـە تاقـی دەکەینـەوە. توندوتیـژی هـەم وەک بوونەوەرێکـی سـەربەخۆ و ماهیەتـدار دەپشـکنین و هـەم وەک کائینێکـی پاشـکۆ و بـێ ماهیـەت. بـا ڕێـگای یەکەمیـان ئەزمـوون بکەیـن و بپرسـین، توندوتیـژی لـە کوێـدا وەک بوونەوەرێکـی خۆژێـن و سـەربەخۆ دەردەکەوێـت؟ دەشـێت ئـەوە بیـری خۆمـان بخەینـەوە کـە خەڵکـی ئاسـایی، نیگایەکـی لـەم جۆرەیـان هەیـە بـۆ توندوتیـژی. ئـەوان توندوتیـژی وەک دیاردەیەکـی یەکپارچـە و سـەربەخۆ دەبینـن. ئـەو کاتـەی کـە بـەر کردەیەکـی توندوتیـژ و هەواڵێکـی تیرۆریسـتی دەکـەون، ڕاسـتەوخۆ بـەر بوونەوەرێکـی یەکپارچـەش دەکـەون. واتـە لـە چـاوی ئەوانـەوە، توندوتیـژی کـۆی وێنەکـە دادەپۆشـێت. توندوتیـژی بـۆ ئـەوان بریتییـە لـە یـەک کـۆ و یـەک وێنـە و یـەک دیمەنـی داخـراو. توندوتیـژی لـەوە دەردەچێـت کـە بەریەککەوتـن و زیانێکـی سـادە بێـت، بەڵکـو دەبێتـە چوارچێوەیـەک کـە زۆر هـۆکار و زۆر گۆشـە و پرچـەی تـر قـووت دەدات. بـە کورتـی لای زۆرینـەی خەڵـک، توندوتیـژی بریتییـە لـە وێنەیەکـی توندوتـۆڵ و سـەربەخۆ، کە جـەلاد و قوربانیـش و زەمینە و ژێرخانـی کردەوەکـەش دەخاتـەوە نـاو خـۆی. دەشـێت لێـرەدا توندوتیـژی بچوێنیـن بـە ئاگـر لای

هیراکڵیتـۆس. لای هیراکڵیتـۆس، ئاگـر توخمێکی بنچینەیـی و گرنگـە کـە بـۆ ئـەوەی خـۆی زینـدوو بێـت، ئـەوا مادەیەکـی تـر دەکاتـە قوربانـی و خـۆی بـە زیندوویـی دەمێنێتـەوە. ئاگـر دەبێتـە ئـەو بوونـەوەرەی کـە سـیفەتەکانی خـۆی بەسـەر مادەکانـی تـردا دەبەخشـێتەوە و ڕەنگڕێژیـان دەکات. لـەوەش زیاتـر پـتر دەڕوات و مادەکانـی تـر، وردە وردە دەگۆڕێـت بـۆ خۆی.ئاگـر دەبێتـە شـا-مادە و شـا وێنـەی بەرچاومـان. لێـرەدا لـە مەبەسـتە تایبـەت و فەلسـەفییەکەی هیراکڵیتـۆس دوور دەکەوینـەوە و، دەگەڕێینـەوە بـۆ درکـی خەڵکـی دەربـارەی توندوتیـژی. توندوتیـژی بـۆ ئـەوان دەبێتـە ئـەو شـا-وێنەیەی کـە شـتەکانی تـر قـووت دەدات. ئـەوان لـە بـەردەم توندوتیژیـدا، بوونەورێـک دەبینـن کـە تـاک و سـەربەخۆ و تونـد و هەژێنـەرە. بوونەوەرێـک کـە هەبـووە و دیسـانیش هـەم دێتـەوە. توندوتیـژی دەبێتـە (فینۆمین)ێکـی پەتـی و پتـەو و خـاوەن بـوون. بـە منا شـۆپنهاوەرییەکەی، توندوتیـژی دەبێتـە جیهانـی ئـەوان و لـەو کاتـەدا ئاگاییـان داگیـر دەکات، وەک ئـەوەی کـە کتێبێـک دەبێتـە جیهانێـک بـۆ خوێنەرێـک لـە کاتـی خوێندنـەوەدا. لێـرەدا ئۆبێکتێـک هەیـە و نـاوی توندوتیژییـە و لەبـەردەم ئاگایـی زۆرینـەدا یەکپارچـە و سـەربەخۆیە و بـەدەرە لـە کەلێـن و گـرێ و گـۆڵ و ئاڵۆزییـە ناکۆتاکانـی...

گـەر لـەم تێڕوانینـەی زۆرینـە دووربکەوینـەوە و لـە نزیکـەوە سـەیری توندوتیـژی بکەیـن چـی دەبینیـن؟ نزیـک واتـە ئـەوەی کـە توندوتیـژی لـەو دیـدە فینۆمینۆلۆژییـە ڕزگاربکەیـن و تەنیـا وەک ئۆبێکـت و بابـەت سـەیری نەکەیـن. واتـە بڕێـک نـرخ بگەڕێنینـەوە بـۆ توندوتیـژی وەک سـوبێکت. توندوتیـژی هەمـوو کاتێـک و لـە هەمـوو جێگایەکـدا تەنیـا لـە دەرەوەی ئێمـەدا ڕوو نـادات. ڕیشـەکانی توندوتیـژی تـا ئاسـتێکی قـووڵ لـە نـاو هەمووماندایـە و لەوێشـەوە دەگوازرێتـەوە بـۆ نـاو دیاردەکانـی ڕۆژانـە. مـن نامەوێـت لێـرەدا توندوتیـژی بکەمـە ئەکتێکـی شەخسـی و ڕووداوێکـی سـوبێکتگەرا. نەخێـر، چونکـە توندوتیـژی تەنیـا ڕووداو نیـە و هەنـدێ جـار ڕووخسـاری تـری هەیـە و مـەودای گەورەتـر دەگرێتـەوە. کـەم نیـن ئەوانـەی کـە خـودی ژیـان وەک توندوتیـژی دەبینـن بەرامبـەر بـە ئینسـان. خۆکوژێـک لـە نامەیەکـدا نوسـیبووی: توندوتیـژی دەبێتـە هـۆی توندوتیژییەکـی تـر، مـن ژیانـم وەک توندوتیـژی تـووش بـوو، بۆیـە بەهـۆی توندوتیژییەکـی تـری وەک خۆکوشـتنەوە خـۆم ڕزگاردەکـەم. هەنـدێ جـار توندوتیـژی لـە زمانـەوە دەسـت پێـدەکات و ڕیشـەکانی لـە زماندایـە. هەنـدێ جـاری تـر، توندوتیـژی وەک هەسـتێکی تەڵـخ و نادیـار دەردەکەوێـت بەرامبـەر بەوانـی دی. جـاری واش هەیـە، دۆخێکـی کـپ و نەرمـی ئەپیسـتمۆلۆژییە و بریتییـە لـەوەی کـە مـرۆڤ زانیـن و ئاگایـی درووسـتی نیـە بەرامبـەر بـە شـتێک! لـە ڕاسـتیدا

مـەرج نیـە کـە توندوتیـژی بکەوێتـە دەرەوە و دووریـی ئێمـە و دیاردەکانـەوە. دەشـێت توندوتیـژی وزەیەکـی شـاراوە بێـت لەنـاو شـتێکی تـردا و هەمـان شـت بـارگاوی بکاتـەوە بـە خـۆی. بـۆ نموونـە واڵتـەر بنیامیـن لـە وتارێکـدا بەنـاوی (ڕەخنـە لـە توندوتیـژی)، بـاس لـەو وزە توندوتیـژە دەکات کـە یاسـا لـە خۆیـدا هەڵیگرتـووە. واتـە یاسـا دەبێتـە شـوێن و کێڵگـەی توندوتیـژی. واتـە لـەو کاتەشـدا کـە توندوتیـژی خـۆی دەئاخنێتـە نێـو شـتەکانی دی، دیسـان شـێوەی بوونەوەرێکـی سـەربەخۆ لـە خـۆی دەگرێـت. خۆشـاردنەوە و خۆئاوێتەکـردن لەگـەڵ شـتەکانی تـردا، زیاتـر گوزارشـتە لـەوەی کـە تـۆ هەیـت. تەعبیـرە لـەوەی کـە تـۆش بوونێکـت هەیـە و بـەر لـەوەی ڕوو بدەیـت و ببیتـە ڕووداو هـەر هەیـت. لـەم ڕووەوە توندوتیـژی کائینێکـی سـەربەخۆ و ئامادەیـە.

دەکرێـت لـە پەنجەرەیەکـی تریشـەوە سـەیری توندوتیـژی بکەیـن و وەک بەرەنجامـی دوو شـتی دی لێـی تێبگەیـن. دەشـێت توندوتیـژی تەنیـا لـەو کاتـەدا بوونـی هەبێـت کـە خـۆی دەخاتـە ڕوو. هەنـدێ جـار توندوتیـژی لـە شـێوەی کاردانـەوەدا خـۆی دەخاتـە ڕوو. دەکرێـت لـەم دۆخـەدا وەک بوونەوەرێکـی کاتـی و ناسـەربەخۆ سـەیری بکەیـن. زۆرجار شـۆڕش و تۆڵـە دوو فۆرمـی توندوتیژین و لـە شـێوەی کاردانـەوەدا خۆیـان دەردەخـەن. شـۆڕش و تۆڵـە، چەنـدە درێـژە بکێشـن و وێنەیـەک بـۆ خۆیـان درووسـت بکەن، هێشـتا هـەر مناڵ و بەرهەمـی دوو لەحـزە و دوو فیگەری ترن. شـۆڕش چەخماخەیەکـە لـە نێـوان دوو سـەردەم و دوو گوتـاردا. ڕەنگـە هـەردوو سـەردەمەکە و هـەردوو گوتارەکـە لەیـەک بچـن، بـەڵام دووخاڵـن و پێکـەوە بەشـدارن لـە خولقاندنـی لەحـزەی شۆڕشـدا. تۆڵـەش بـە هەمـان شـێوە، بەریەککەوتنـی دوو کـەس و دوو خاڵـە و لـە دەمـی بەریەککەوتنـدا توندوتیـژی لەدایـک دەبێـت.

گـەر سـەرچاوەی توندوتیـژی بگەڕێنینـەوە بـۆ شـتی تـر، ئـەوا توندوتیـژی لـەوە دەکەوێـت کـە دیاردەیەکـی سـەربەخۆ بێـت. هەندێـک جـار ڕیشـەکانی توندوتیـژی دەبەسـترێتەوە بـە تـرس و لاوازییـەوە. لـەم کاتـەدا توندوتیـژی هێنـدەی ڕۆڵـی ئەڵتەرناتیـڤ دەبینێـت، هێنـدە نابێتـە چوارچێـوە و بوونەوەرێکـی جیـا. بـۆ نموونـە کاتێـک ترسـی مـن لـە ئـەوی تـر دەگاتـە ئاسـتی گـرژی و پڕبـوون، ئـەوا ئـەو توندوتیژییـەی کـە درووسـت دەبێـت هـەر هەمـان ترسـەکەیە بـەڵام لـە فۆرمێکـی کامڵتـردا. واتـە ترسـێک هەیـە لـە منـدا و دێتـە دەرەوە و بـەر تـۆ دەکەوێـت و لێـرەوە توندوتیـژی لەدایـک دەبێـت. ئـەم وێنـە سـادەیەی توندوتیـژی، دەرگایەکـی گرنگـە بـۆ ئـەوەی پـتر لـە سرووشـتی توندوتیـژی تێبگەیـن. بـە مانایەکـی تـر، بـەر لـەوەی توندوتیـژی لەدایـک ببێـت، دەکرێـت ڕێگـە لـە گەشـە و تەقینـەوەی بگیرێـت. بـە دیوێکـی تـردا، گـەر توندوتیـژی ببەسـتینەوە

بـه چه‌پاندنـه‌وه، ئـه‌وا ده‌گه‌ینـه‌وه بـه هه‌مـان ئـه‌و ئه‌نجامـه‌ی کـه توندوتیـژی بوونه‌وه‌رێکـی ناسـه‌ربه‌خۆیه. چه‌پانـدن بـه مانـا هـه‌ره سـاده‌که‌ی بریتییـه لـه سـه‌ندنه‌وه‌ی زمـان لـه شـتێک، بـه‌ڵام زمان بـه مانـا گشـتییه‌که‌ی. کاتێـک شـتێک ده‌چه‌پێنرێـت، ئـه‌وا ئـه‌و کاتـه لـه زمـان ده‌خرێت و ده‌چێتـه دۆخـی قه‌تیـس بوونـه‌وه. یه‌کێـک لـه توندوتیژییـه ترسـناک و ناوه‌کییـه‌کان، توندوتیژیـی سـاته‌وه‌ختی چه‌پاندنـه. لـه‌م دۆخـه‌دا، شـته‌که له‌گـه‌ڵ خۆیـدا ده‌گاتـه پـڕی و ته‌قینـه‌وه و ئیـدی توندوتیـژی درووسـت ده‌بێـت. لێره‌شـدا توندوتیـژی زاده‌ی دوو پنـت و دوو جه‌مسـه‌ره. پنتێـک کـه چه‌پێـنراوه و پنتێکـی تریـش کـه ده‌یه‌وێـت لـه چه‌پانـدن ڕزگاری ببێـت. فرۆیـد، خۆکوشـتن وه‌ک توندوتیژیـی مـرۆڤ له‌گـه‌ڵ خۆیـدا ده‌بینێـت. خۆکوشـتن ده‌بێتـه جۆرێـک لـه توندوتیـژی. لـه‌م حاڵه‌تـه‌دا توندوتیـژی ده‌بێته به‌رهه‌مـی شـتێکی ده‌ره‌وه‌ی خـۆی. واتـه دونیـا و سـوبێکت به‌ریـه‌ک ده‌کـه‌ون و لـه ئه‌نجامـی ته‌قینـه‌وه‌ی چه‌پاندنه‌کـه‌دا توندوتیـژی دێتـه بـوون.

# «کۆتایی» لە عەقڵی دینیدا

سلاڤۆی ژیژەک لە گفتوگۆیەکدا، باس لە پێناسەیەکی کیرکەگۆرد دەکات بۆ مرۆڤ. ئەو پێناسەیەی کە مرۆڤ بوونەوەرێکی نەخۆشە تاکو کاتی مەرگ. مەخلووقێکی بیمارە و بیمارییەکەی تاکو لەحزەی مردن درێژدەبێتەوە. ژیژەک پاڵنەری پشت ئەم پێناسەیە ئاوەژوو دەکاتەوە و نەک مردن و کۆتایی، بەڵکو نەمری و ناکۆتا دەکاتە ژێرخانی ئەم پێناسەیە. واتە مرۆڤ بیمارە چونکە دەشێت کۆتاییەک لە ئارادا نەبێت. ژیژەک، پرۆسەی نوسینی خۆیشی وەک بەرهەمی ئەو پاڵنەرە دەبینێت. پاڵنەرێک کە ناکۆتا و غیابی کۆتایی درووست دەکەن. ئەو بە بۆچوونی خۆی، بۆیە دەنوسێت چونکە لە ناکۆتا دەترسێت و نائاگاییانە سڵ لەوە دەکاتەوە کە کۆتاییەک لە گۆڕێدا نەبێت. هەڵبەت ئەمە خاڵێکی غەریب و سەرنجڕاکێشە بە بەراورد لەگەڵ نیگای دیندا بۆ مەسەلەی کۆتایی. ( دین لێرەدا وشەیەکی مەجازییە بۆ ئسیلام کە تەنانەت لە دونیای ئێمەدا وشە گشتییەکانیشی کورت کردۆتەوە بۆ خۆی). دین و عەقڵی دینی، بڕێکی زۆر پێچەوانەی ئەم تێزەوەن. گەر وێنەکە تەواو چڕبکەینەوە، ئەوا عەقڵی دینی مەیلێکی موگناتیسیانەی بۆ وشەی (کۆتایی) هەیە. عەقڵی دینی، تێکڕا لەسەر پشتی وشەی کۆتایی ڕۆ نراوە و لەپێناوی ئەم وشەیەدایە یارییەکانی خۆی درێژدەکاتەوە. بیرمان نەچێت کە کۆتایی لێرەدا پێچەوانە و دژی ناکۆتا نیە. وەک دواتر ڕووناکیی دەخەینەسەر، ناکۆتاش حوکم و بەهای کۆتایی هەیە لە زەینییەتی دینی دا. ئەوەی کە دەربارەی کۆتایی زۆر باوە، تەعبیرە لە دوو فیگۆر. یەکەمیان فیگۆرێکی زەمەنییە و ئەوە زەمەنە بڕیاردەدات کە کۆتایی بخاتە کەی و کوێوە. دووەمیش، فیگۆرێکی لۆژیکییە و مەرج نیە ڕیزبەندیی زەمەنی بڕیاربدات شتەکان کەی دەگەنە کۆتایی، بەڵکو پێوەر و ڕیزبەندی و پێگەی تر دەبنە دەستنیشانکەری کۆتایی. لە یەکەمیاندا، کۆتایی بریتییە لە بەراوردکردنی

شـتێک و دیاردەیـەک بـە شـتێک و دیاردەیەکـی تـر. بریتییـە لـە بڕینـی حەتمیـی گەشـەی تـەواوی دیاردەیـەک و ڕووداوێـک تاکـو شـتێکی هـەرە بچوکـی نـاو ژیانمـان. بـەڵام کۆتایی وەکـو فیگۆرێکی لۆژیکـی شـتێکی جیاوازتـرە. کۆتایـی لێـرەدا پەیوەسـت نیـە بـە گەشـە و کات و مـەوداوە، بەڵکـو فیگۆرێکـی زەینییـە و دەشـێت هـەر لەسـەرەتاوە ئامادەبێـت. کۆتایـی لێـرەدا کۆکـەرەوەی دواخـاڵ و دواغایـەت نیـە. سیفەتێکی ڕاسـتەهێڵ ئاسـا و ڕێکـی نیـە. زۆرجـار وەکـو ڕووداوێکـی بـێ سیاق ڕوودەدات. هەنـدێ جـار خـۆی بـۆ خۆیەتـی و نابێتـە ئەڵقـەی نـاو زنجیرەیـەک. دەشـێت پـێ لەسـەر ئـەوە دابگریـن کـە عەقڵـی دینـی، دەچێتـە ژێـر یاسـاکانی فیگـۆری یەکەمـەوە. تەنانـەت لـە زۆر دۆخـدا، هـەوڵ دەدات فیگـۆری دووەم لـە فیگـۆری یەکەمـدا بتوێنێتـەوە. دیـن، لـە زۆر بـاردا وەک سیسـتەمێکی ڕێـک و یاسـامەند خـۆی پێشـکەش دەکات. سیسـتەمێک کـە ناتوانێـت بـێ لایـەن بێـت بەرامبـەر بـە پێگـەی (کۆتایـی). لـەوەش زیاتـر، هێنـدەی ڕوو لـە کۆتاییـە، هێنـدە خـۆی بـە سـەرەتاوە سـەرقاڵ نـاکات. سـادەترین ئەرگۆمێنـت بـۆ ئـەم تێڕوانینـە، بریتییـە لـەوەی کـە عەقڵـی دینـی عەقڵێکـە ئینتیـمای بـۆ ئەنجـام و وەڵامـی نەگـۆڕ هەیـە. دەیەوێـت جیهانبینیـی خـۆی هەرچـی زووتـرە مانیفێسـت بـکات و لـە ئاشـوبی زەینـی دووربکەوێتـەوە. لێـرەوە وشـەی کۆتایـی، وێنـەی هێمـن و پـڕ و خێـرا درووسـت دەکات. بـە کورتـی، عەقڵـی دینـی بـە وشـەی کۆتایـی ئـارام دەبێتـەوە، چونکـە کۆتایـی کۆکـەرەوەی کۆمەڵێـک وشـەی تـرە کـە بـۆ سرووشـتی مـرۆڤ ئاشـنا و ئارامیبەخشـن وەکـو: ئامانـج و تێربـوون و ئۆقرەگرتـن. هەریـەک لـەو سـێ وشـەیە دەتوانـن وشـەی کۆتایـی بئاخننـە نـاو خۆیـان و تەنانـەت خۆشـیان وەک یەکێـک لـە ڕووخسـارەکانی کۆتایـی دەربکـەون. گـەر کۆتایـی لـە دونیـا دەربکەیـن، ئـەوا عەقڵـی دینـی لـە شـوێنی خۆیـدا دەبێتـە هەڵـم و دەتوێتـەوە. وشـەی کۆتایـی، وەکـو دالێـک دەبێتـەوە بـە مەدلولـی زۆر دۆخ و زۆر پنتـی دی وەک بێدەنگکـردن و حەقیقـەت و قایـل کـردن. کۆتایـی بـەو مانایـە دێتـەوە کـە هەمووەمـان گەیشـتووین و دەگەینـە کۆتایـی. واتـە خاڵێکـی مەلمـوس و کۆنکرێتـی و شـمولی هەیـە و ناتوانیـن لێـی دەربچیـن. لـە ڕاسـتیدا، مـەرج نیـە عەقڵـی دینـی بـە شـێوەیەکی ئاگایانـە و هۆشـیارانە کاری لەسـەر ئـەم تێرمـە کردبێـت، بەڵکـو خـودی تێرمەکـە بـۆ عەقڵـی دینـی کـە عەقڵێکـی تەمەڵـە، مایـەی ئاسـانکارییە. عەقڵـی دینـی بەرگـەی سـەیرووره و گۆڕانـی بـەردەوام و خلیسـکانی ئەبـەدی ناگرێـت. گومـان بـۆ خـۆی فۆرمێکـە لـە خلیسـکان. نیهیلیـزم و پووچـی و قەلـەق و ئەرگۆمێنتکارییـش دیسـان فۆرمێکـی تـرن لـە خـزان و پاشەکشـە و ونبوونـی کۆتایـی. ئـەو کۆتاییـەی کـە لـەو کۆنسـێپتانەدا ئامـادەن، کۆتاییەکـی بەتـاڵ و دووبـارە و بازنەییـن.

کۆتاییەکـن کـە عەقڵـی دینـی تێـر ناکـەن و ناتوانـن سـیناریۆ و یارییەکانـی دیـن هەڵسـوڕێنن. تەنانـەت وشـەی ناکۆتـاش کـە بـۆ خـودا و ئەبەدییـەت و گـەردوون بەکاردێـت، لـە خەیاڵـی دینیـدا لـە مانـای کۆتاییـەوە نزیکـە. دیـن ناتوانێـت ڕاسـتەوخۆ دینـداران بانگهێشـتی ناکۆتـا بـکات، بـە مەرجێـک بـە بانگـەوازی کۆتایـی و مـوژدەی کۆتاییـدا نەڕۆیشـتبێت. ناکۆتـا، واتـە دانانـی کۆتایـی بـۆ هەمـوو کۆتاییـە بچوکـەکان. واتـە موتڵەقێـک هەیـە و تێکـڕای شـتە نیوەناچڵەکانـی مـرۆڤ دەگەیەنێتـە کەمـاڵ و کۆتایـی. فرۆیـد لـە سـەرەتای کتێبـی (شارسـتانییەت و نیگەرانییەکانـی)دا، ئامـاژە بـۆ تێڕوانینێکـی ڕۆمـان ڕۆلان دەکات. درووسـتتر وایـە بڵێیـن هەسـتێک نـەک تێڕوانینێـک. هەسـتێک کـە بـێ بـن و ناکۆتـا و ئۆقیانووسئاسـایە. ڕۆمـان ڕۆلان پێـی وایـە کـە چیـتر پێـوەری ڕاسـتەقینە بـۆ دیـاری کردنـی کەسـی دینـدار، ئیـمان و وەهـم نیـە. بەڵکـو دینـداری ڕاسـتەقینە ئـەو کەسـەیە کـە ئـەم هەسـتەی تیـا بێـت، گەرچـی هەمـوو ئیـمان و خەیاڵاتێکـی تـر ڕەت بکاتـەوە. ئـەم هەسـتە، بـەردەوام لـەو نابێتـەوە و پێـی خۆشـە نـاوی بنێـت (ئەبەدییـەت و جاویدانەگـی). ئـەو پێـی وایـە کـە دیـن و کڵێسـاکان لـەم هەسـتەوە سـەرچاوەیان گرتـووە. پێـی وایـە ئەمـە تاکـە سـەرچاوە و زادگای ڕاسـتەقینەی دینـە. گەرچـی ئەمـەی ڕۆمـان ڕۆلان هەڵوەسـتەیەکی سەرنجڕاکێشـە، بـەڵام پێویسـتە کەمێـک وردتـر بکرێتـەوە. سـەرەتاش ئـەو پرسـیارە قـوت دەبێتـەوە کـە ئایـا دیـن چـۆن ئـەم هەسـتە ئۆقیانوسـییە وەردەگرێـت؟ ئاخۆ دیـن ئـەم ئەبەدییەتـە ڕێک وەک هەسـتێکی دەرە-کات و ڕەهـا و پـڕ خورپـە وەردەگرێـت؟ گـەر ئـەو دیسـپلینە عەقڵـی و عاتیفـی و وێنـە ئاسـنینانەی دیـن بیـری خۆمـان بخەینـەوە، ئـەوا تێدەگەیـن کـە نەخێـر دیـن تێگەیشـتنی دی دەبەخشـێتە ئەبەدییـەت. عەقڵـی دینـی ناتوانێـت ئەبەدییـەت بـە ماناکـەی (ڕۆمـان ڕۆلان) ئـاوەڵا بـکات و سرووشـتی بیهێڵێتـەوە. عەقڵـی دینـی، ئەبەدییـەت تەلبەنـد دەکات و دایدەماڵێـت لـە هـەر شـعورێکی خۆڕسـک و سـیحراوی. زۆرجـار ئەبەدییـەت هێنـدە بچـوک دەبێتـەوە لـە عەقڵـی دینـی دا، کـە دەبێتـە کۆتاییەکـی سـادە و میکانیکـی.

ئاشـکرایە کـە کۆتایـی، چەمکێـک نیـە کـە تەنیا دیـن کاری پێ بـکات. مێژووی فەلسـەفە لـە هەناوی خۆیـدا، سـەروکاری زۆری لەگـەڵ ئـەم چەمکـەدا هەیە. کێشـەی حەقیقـەت و میتافیزیـک و زانین و ململانێکانـی تریـش، گەمەکردنـن لەگـەڵ (کۆتایـی)دا. کۆتاییـەک کـە هەیـە و ناوترێـت. کۆتاییـەک کـە گـەرای سـەرەتایەکی تـری لـە خۆیـدا هەڵگرتـووە. کۆتاییـەک کـە پەیوەسـت دەکرێتـەوە بـە گەشـە و بوونبەسـتەوە: وەک کۆتایـی مێـژوو. کۆتاییـەک کـە هـەر بـە فـۆرم کۆتاییـە و لـە ناوەڕۆکـدا خـۆی نەفـی دەکاتـەوە: بـەو شـێوەیەی کـە پەیوەندیـی فەلسـەفە و کۆتایـی لـەم هاوکێشـەیەدا

چڕبکەینـەوە: فـۆرم، نـاوەڕۆک نەفـی دەکاتـەوە و ناوەڕۆکیـش فـۆرم نەفـی دەکاتـەوە. دەشـێت کۆتایـی ئـەو (ئەنجام)ـە نەبێـت کـە دیـن بـە بەرهەمـی (هـۆ)ی دەزانێـت و هەبوونـی زەروورەت و بەدیهییـە. لای هیـوم، هـۆ و ئەنجـام (علـە و معلـول) زرووەرەتێکـی ناوەکـی نیـە لـە نێوانیانـدا. هـۆ و ئەنجـام، بریتیـن لـە ڕاهاتنـمان لـە ڕێگـەی ئەزموونـەوە. چیـتر پەیوەندییەکـی ڕاسـتەوخۆ ناکەویتـە نیوانیانـەوە، بـۆ نمونـە جوڵانـی تۆپـی بلیاردێـک، بەرەنجامـی ڕاسـتەوخۆی لێدانـی تۆپـی یەکـەم نیـە. ئـەوە ئێمەیـن ڕاهاتوویـن بـەو هاوکێشـە زەینییـەی کـە ئەنجـام دەبەسـتینەوە بـە هـۆکارەوە. ئـەم دیدگایـەی هیـوم، لـە فیگـۆری دووەمـەوە نزیکـە کـە دەربـارەی «کۆتایـی» باسـمان کـرد. مەبەسـتمان لەمـە، ئـەوە بـوو کـە عەقڵـی فەلسـەفی نرخـی گـەورە لـەسر کۆتایـی و ئەنجـام دانانێـت. ئـەو کاتەشـی بایـەخ بـە کۆتایـی دەدات، وزەیەکـی نەفیکردنـەوە ئامادەیـە و یارییەکـە ئاڵۆزتـر دەکاتـەوە. بـە دەربڕینێکـی تـر، کۆتایـی لـە فەلسـەفەدا پـتر وەسـیلەیە نـەک ئامانـج. دواتـر تێزێکـی تـر دێـت و ئـەم کۆتاییـە دەکاتـەوە بـە سـەرەتا، بـەڵام سـەرەتایەکی نـەزۆک و زەمەنـی نـا! لـە زەینـی دینـدا، کۆتایـی بریتـی نیـە لـەو سـاتەوەختەی کـە هاتـن و نەهاتنـی نادیـارە. کۆتایـی ئـەو گەرەنتـی و دەرگا دەسـتەمۆیەیە کـە دیـن پێـش ئـەوەی بیکاتـەوە، دەزانێـت کـەی دایخسـتووە. ئەبەدییـەت لـە عەقڵـی دینیـدا ئیـدی بـە مانـای ناکۆتـا نیـە، بەڵکـو زیاتـر گوزارشـتە لـە کۆتایـی. ئەبەدییـەت، پـتر خاڵێکـی وەسـتاوی زەمەنییـە و عەقـڵ و لۆژیکـی دینـی دەگاتـە غایەتـی خـۆی. واتـە ئەبەدییـەت بـۆ مـرۆڤ بـە گشـتی و عەقڵـی دینـی بـە تایبەتـی، خاڵـی ئۆقرەگرتـن و هێمنـی و وەسـتانە. خاڵێکـە کـە ئیـدی درێـژ نابێتـەوە. داتاشـین و وێناکردنـی خـودی چەمکەکـە، بـۆ خـۆی مانـای تێربـوون و ڕزگاربوونـە لـە شـلۆقی و فـەوزا. گەرچـی دونیـا پـڕە لـە کۆتایـی و حەکایەتـی کۆتایـی، بـەڵام مـەرج نیـە هەموویـان لەگـەڵ عەقڵـی دینیـدا وێـک بێنـەوە. بـێ ئـەوەی زۆر وردبینـەوە تێدەگەیـن کـە دیـن لێـرەدا وەڵامـی ئاسـنینی خـۆی هەیـە. ئـەو کۆتاییانـەی کـە سـازگار نیـن لەگـەڵ ڕوئیـای دینـدا، دیـن کۆتاییەکـی گەورەتریـان بـۆ درووسـت دەکات کـە دەشـێت قەدەر و چارەنـووس و حیکمەتـی ئیلاهـی بێـت. یاخـود دێـت و لـە بەرامبـەر ئـەم کجـۆرە کۆتاییانـەدا، جـۆرە کۆتاییەکـی دی قـوت دەکاتـەوە. بـۆ وێنـە، ڕەنگـە ئـەم پرسـیارە بێتـە بەردەمـمان کـە بۆچـی دینێکـی وەک ئیسـلام کۆتاییەکـی وەک خۆکوشـتن ڕەت دەکاتـەوە؟ وەڵامەکـە قورس و دوورەدەسـت نیـە. لەبـەر ئـەوەی کـە خۆکوشـتن کۆتاییەکـی سـاختەیە و ملکەچـی یاسـاکانی دیـن نابێـت، ئـەوا دیـن فۆرمێکـی تـری کۆتایـی دێنێـت و دەیخاتـە تەنیشـت ئـەم جـۆرە کۆتاییـەوە. دیـن کۆتاییەکـی تـری هەیـە و نـاوی شـەهادەت و خۆبەختکردنـە و دەبێتـە ئەڵتەرناتیڤـی ئـەو جـۆرە کۆتاییـەی

تـرەوە کـە سـاختە و قەدەغەیـە. عەقڵـی دینـی، جـۆرە کۆتاییـەک بەرهـەم دەهێنێـت کـە خاوەنـی سـەنتەرە. ئـەو کۆتاییانـە ڕەت دەکاتـەوە کـە مەرکـەز و چەقیـان تیـا ون دەبێـت. لـە جیهانبینیـی ئـەودا، کۆتایـی خـۆی دەبێتـە سـەنتەر. کۆتایـی دەبێتـە ئـەو چەقـەی کـە دیاردەکانـی تـر بـە دەوریـدا دەخولێنـەوە و مانـا و حیکمەتـی خۆیانـی لێـوە وەردەگـرن. کۆتایـی ئـەو شـتە نیـە کـە کۆتایـی بێـت. خۆکوشـتن لـەم دیـدەوە، پەرشـکردنەوەی کۆتاییـە. تەنیـا شـەهیدبوون و جیهـادە کـە کۆتایـی تۆکمەتـر و درێژتردەکەنـەوە و تەنانـەت دەیگەیەننـە دوا مەقامـی خـۆی. دەرفەتێکـی گونجـاوە گـەر لێـرەدا عەقڵـی دینـی بەراوردبکەیـن بـە خۆراکـی یابانـی. ڕۆلان بـارت لـە کتێبـی (ئیمپراتۆرییەتـی نیشـانەکان)دا باسـی سـفرە و خواردنـی یابانـی دەکات. خواردنێـک کـە بـێ سـەنتەرە و هیـچ پارچەیـەک ڕەنـگ و پێگـەی پارچەکـەی تـر داگیرنـاکات. هەریەکەیـان ئارایشـتێکن بـۆ ئـەوی تریـان. هەمـوو خواردنـەکان لەسـەر مێـزی نانخـواردن، هاوشـان و بـێ نـەزم و بـێ قووڵاییـن. خواردنێـک کـە کـە هیـچ خاڵێکـی ئاشـکرای تـری نیـە جگـە لـە دەسـتپێکردنی خـۆی. خواردنێـک کـە پاشـکۆ و پەراوێـزی هیـچ خواردنێکـی تەنیشـتی نیـە و سـەنتەر دەتوێتـەوە. دواجـار بـە وتـەی ڕۆلان بـارت، دەقێکـە و کۆتایـی نیـە. ئـەم سیفەتانەی خۆراکـی سـەر سـفرەی ژاپۆنـی، ڕێـک پێچەوانـەی عەقڵـی دینیـن. پـتر نیشـانەیەکی بەتاڵـن، وەک ئـەوەی فیگۆرێکـی ڕێکخـراو و سەنتەردۆسـت بـن.

گـەر بپەڕینـەوە بـۆ سـەر ڕۆڵـی پەیامبـەران، ئـەوا پەیامبـەران کێـن جگـە لـەو موسـافیرانەی کـە پەیمانـی کۆتایـی بـۆ مـرۆڤ دێنـن؟ پەیامبـەران مانیفێسـتێک بـۆ مـرۆڤ دێنـن کـە نـەک ئاماژەی کۆتایـی، بەڵکـو خـودی کۆتاییـە. ئـەوان کۆتایـی دەکەنـە کلـک و پاشـکۆی هـەر وەزیفەیەکـی ڕۆژانـەی دینـداران و مـرۆڤ. هـاوکات کۆتایـی دەکەنـە ئـەو (کل) و هەمەکییەتـەی کـە (جـزْ ) و وەزیفـە بچوکەکانـی تیـا کۆدەبێتـەوە. هـەر لێـرەوە چەمکـی خـوداش، بـۆ مـرۆڤ کۆتاییـە و بـۆ خـودا خۆیشـی ناکۆتایـە. بـەڵام وەک پێشـتر تیشـکمان خستەسـەری، ناکۆتـاش تەنیـا فـۆرم و ڕووخسـارەکەی بـە مـرۆڤ دەگات و تەعبیـرە لـە وەسـتان و ئۆقـرەی زەینـی. کۆتایـی لـە هەنـاوی خۆیـدا، دەلالەتـە لـەوەی وێنەیـەک هەیـە و کامـڵ بـووە. نەخشـەیەک هەیـە و ئاوسـە بـە مانـا و زمـان و غایـەت و ڕێکـی. ناکۆتـا، گەرچـی دیوێکـی تیۆلۆژیشـی هەبێـت، هێشـتا هـەر دەرەنەخشـە و ماندووکـەرە بـۆ عەقڵـی دینـی. ناشـکرێت ئەوەمـان بیـر بچێـت کـە هەمـوو کۆتاییـەک بـۆ خـۆی کورتکردنەوەیەکیشـە. کۆتایـی واتـە ئـەوەی سـەرەتا و دواخاڵـی شـتەکانمان لێـوە دیـارە. واتـە وێنەیـەک هەیـە و کورتکـراوەی وێنەیەکـی ئاڵۆزتـر و نەگیراوتـرە. سـادەترین نمونـە بـۆ ئـەم

کورتکردنەوەیـە دەشـێت کورتکردنـەوەی شـوێن بێـت لـە عەقڵـی ئیسـلامدا. حـەج وێنەیەکـی ڕوونـی ئـەم کورتکردنەوەیەیـە کـە شـوێن و ماڵـی خـودا کـورت دەکاتـەوە بـۆ سـادەترین فیگـۆر. ئیسـلام لـەو وێنـە عاسـی و بـێ نیهایـەت و تـا ڕادەیـەک نالۆژیکییـەی ماڵـی خـودا هەڵدێـت و لەسـەر زەوی وێنەیەکـی سـاکاری شـوێن دەکێشـێت.

لـە لایەکـی تـرەوە، گـەر نیگایەکـی خێـرا بـە پەیوەندیـی زمـان و عەقڵـی دینیـدا بخشـێنین، سـەرەداوێکمان دەسـت دەکەوێـت دەربـارەی چـەق داکوتانـی ڕیشـەکانی کۆتایـی. بـە تێڕوانینـە دێریداییەکـە بێـت، دەقـە دینییـەکان بـە لۆژیکـی دەنـگ نـوسراون و ناکەونـە بازنـەی نوسـینەوە. دەنـگ، ڕۆح و مێژوویەکـی میتافیزیکیانـەی هەیـە و لـە حـزوور و ئامادەبوونـدا دەژی. دەنـگ، مانایەکـی ئامـادەی دەوێـت. لۆگـۆس لـە ڕیشـەکەیدا کۆمەڵێـک مانـای هەیـە وەکـو قسـە و عەقـڵ. دێرێـدا بناغـەی کەلەپـوری فیکـری ڕۆژئـاوا دەگەڕێنێتـەوە بـۆ لۆگـۆس. لۆگـۆس لـە خۆیـدا کۆکـەرەوەی قسـە و عەقڵـە و لەوێشـەوە تینـوی درووسـتکردنی حەقیقـەت و مانایەکـی ئامـادە و بەردەسـت. تەنانـەت سـەرەتای ئینجیلـی یۆحەنـا بـەم شـێوەیە دەسـت پێـدەکات: لەسـەرەتادا لۆگـۆس بـوو. زۆرینـەی تەفسـیرکارانی کتێبـی پیـرۆز، لۆگۆسـیان بـە (وشـە-کەلیمە) وەرگێـڕاوە. بـە کورتـی، تێکسـتە دینییـەکان ڕۆحێکـی حزوورگـەرا و کۆتاخوازیـان لـە خۆیانـدا هەڵگرتـووە. زمـان وەک وەسـیلەیەک بەکاردەهێنـن تاکـو بگەنـە مانایەکـی جێگیـر و کۆتاییەکـی مەلموس. زمانـی دینـی زمانێکـی بارگاوییـە بـە لۆگۆسـێکی ڕادیـکاڵ. لۆگۆسـێک کـە کۆتاییخـواز و سیسـتەمکار و دژە دواخسـتنە. گەرچـی هایدگـەر پێـی وایـە لۆگـۆس لـەوە دێرینـتر و ڕیشـەدارترە کـە بـە قسـە و لۆژیـک و عەقـڵ وەربگێڕدرێـت، کەچـی هێشـتا دەتوانێـت ڕۆحـی زمانـی دینـی ڕوون بکاتـەوە. عەقڵـی دینـی، زمانێـک دەخولقێنێـت کـە سـیفەتی ڕاسـتەهێڵی هەیـە و مـەودای وشـە و مانـا، ڕاسـت و ڕاسـتەوخۆیە و عەودالـی ئەوەیـە وشـەکەی بگاتـە کۆتایـی. هـەوڵ دەدات دەسـت بەزمانـەوە بگرێـت و وشـەی زۆر بـە خەسـار نـەدات. ڕیتۆریـک و ڕەوانبێژیـی تێکسـتی دینـی، پـتر پەیوەندیـی بـە نەخشـاندنەوەی کۆتاییەکانـەوە هەیـە. لـە بەلاغەتـی ئـەو دەقانـەدا، دووبـارە و چەندبـارە کۆتاییـەکان مەکیـاژ و ئارایشـت دەکرێنـەوە. ئـەو ئارایشـتانە، ئیدیعـای تەئویـل و تەفسـیریان هەڵنەگرتـووە، بەڵکـو لاواندنـەوەی ئـەو مانـا و حەقیقـەت و کۆتاییانـەن کـە دیـاری کـراون. خوێندنـەوەی قورئـان بـە دەنـگ و ئـاوازەوە، نیشـانەی ئـەوەن کـە تێکسـتەکە زادەی لۆژیکـی دەنـگ و میتافیزیکـی حـزوورە. بەرهەمهێنانـەوەی دەنگـە لـە دەنگـدا، بەرهەمهێنانـەوەی کۆتاییشـە لـە کۆتاییـدا.

هـاوکات بـەو ڕاسـتییە سـادەیەش دەگەیـن، کـە ترسـی دینـدارە (خوێنـەوارەکان) لـە دیالـۆگ و خوێندنـەوەی فەلسـەفی، پەیوەندیـی بـەوەوە هەیـە کـە کۆتاییـەکان تێکدەچنەوە. کۆمەڵـگای ئێمە فۆبیایەکـی گـەورەی هەیـە بەرامبـەر بـە «دەسـت پێکردنـەوە». ئـەو بـە خەیاڵـی کۆتاییەکانـەوە دەژی، نـەوەک ون ببێـت و دەگاکانـی نەسـتێکی زەبەلاحـی مێژوویـی بکرێنـەوە. ئـەو کۆتایـی خـۆش دەوێـت، چونکـە کۆتایـی دەکەوێتـە شـوێنە ڕووکـەش و سـەرتوێژ و تەنکەکانـەوە، ئـەو لـە قووڵایـی دەترسـێت چونکـە قوڵاییـەکان وەفایـان بـۆ کۆتایـی نیـە. قوڵاییـەکان زۆرجـار، بنـک و دواخـاڵ و دوا سـنوریان نیـە.

سەرچاوە:
١. ژاک دریدا و متافیزیک حقور، محمد چیمران، چاپ اول، ١٣٨٦.
٢. دکارت تا دریدا، پیتر سجویک، ت: م. ا. رچاچادە، چاپ اول، ١٣٨٨.
٣. امپراتوری نشانەها، بارت،رولان، ت: ناێر فکوهی، چاپ سوم، ١٣٨٦.

# له ستایشی نەخۆشی دا:

کاتـێ نەخۆشـین لـەزەت لـە شـتە چکۆلـەکان وەردەگرین...دونیـا چکۆلـە دەبێتـەوە بـۆ مەرگـی ئێمە...نەخۆشـی لەزەتـی خـۆی هەیـە: لـەزەت هیـچ نیـە جگـە لـە قەتیسـکردنی ئـازار. نەخۆشـی هەڵماڵینـی سـڕە سـەتحییەکانی ئـازارە. ڕەنگـە ئـازار خـۆی هیـچ نەبێـت! ڕەنگـە زەینـی بخەینـە سـەر و نەمێنێـت و پـەرش بێتـەوە: چونکـە ئـازار ناتوانێـت هێنـدەی زەیـن پەتـی و دلـڕەق بێـت. نەخـۆش زمـان ئەتـک دەکات...نەخـۆش سـێکس لەگـەڵ زمانـدا دەکات: زمـان تەنیـا بـە شـەهوەتی نەخـۆش تێـر دەبێـت...

نەخۆشـی گەیشـتنە بـە نائاگایـی (بـەڵام ئـەو کاتـەی کـە هێشـتا بەئاگایـن). نەسـت پێکهاتەیەکـی وەک زمانـی هەیە(لاکان)...نەخۆشـی دەرگای نەسـت دەکاتـەوە لـە نـاو زمانـدا.

هەرکاتێـک خوداکـەی نـاوەوەت نەخـۆش کـەوت ئـەوا بزانـە مولحیدیـت!: مـرۆڤ لـە نەخۆشـیدا کەڵکەڵـەی خودابـوون دەکەوێتە سـەرییەوە (بە مەرجێـک نەیچەپێنێت)...خودا خۆی نەخۆشـییەکی خاوە.

نەخۆش بە...نەخۆشی وەک ئاوێنەیە...نا: خودی ئاوێنەیە...

# گەر نەمکوژیت قاتڵیت!*

کێ لە ئێمە ئامادەیە پەیمانێکی سەخت دەرهەق بە خۆی ئیمزا بکات؟ کام نەخۆش ئامادەیە تاکو ئازار بە مەرگ بگۆڕێتەوە؟ ئایا پێوەرەکانی ئەم مامەڵەیە، هەمان پێوەری قازانج و زیانن؟ پێت باشتر نیە کە، کەلتور و سیاسەت و دین دەست لە پەیمانەکە وەرنەدەن؟ پێت خۆش نیە گەر بۆ یەکەمجار و دواجاریش بێت، بەو وەهمەوە سەربنێیتەوە کە ئیدی لە تۆڕەکانی کەلتور و سیاسەت و دین دەرچوویت؟ بەڵام زۆریش دڵنیا و دڵخۆش مەبە، چونکە لە ڕاستیدا بۆچونێک هەیە و پێی وایە مەرگیش ڕوویەکی ئۆبێکتیڤی هەیە و بە سیاسی دەکرێت. بە مانایەکی تر، مەرگی تۆ قاچێکی لە ناو ئۆبێکتە بێ شومارەکانی دونیادایە وەک سیستەمەکان و گوتارەکان. دیارە (تۆ)ش دەزانیت کە پەیمانەکە دیوێکی تری هەیە. ئەو دیوەی کە چیتر ڕووت و تیۆری نیە و بە تەواویش مەلموس و کۆنکرێت نیە. دیوێکی سوبێکتیڤە و دەخزێتە بنک و بناوانی. پەیمانەکە دەشێت بەو کیسەیە کۆتایی بێت کە «ئیڤان»ی تێکەوت. مەبەستمان لە ئیڤان ئیلیچی کارەکتەرە بەناوبانگەکەی تۆڵستۆییە لە داستانی (مەرگی ئیڤان)دا.. ئیڤان ئیلیچ لەو کیسە تاریکە دەترسا کە لە سنورە بێ سنورەکانی کۆتایی ژیانیدا خەریکبوو تێی بەردەبووەوە، بەڵام هۆکاری ترسەکەشی نەدەزانی. ئەو کیسەیە کۆکەرەوەی ئەو ساتە سوریالی و تاریک و غەریبەیە کە پێدەچێت نەخۆشەکان لە کۆتاییەکانی سەرەمەرگدا تێی بەربنەوە. لەو لەحزانەدا بە زۆر مانا مرۆڤ هێشتا دیلی زمانە، بەڵام گرژبوون و پەرتەوازەبوونی زمان. دەتوانین بە مانایەک لە ماناکان بڵێین، ئەمەیە سنوری نێوان ئەبستراکت و کۆنکرێت! ئەمە ئەو چرکە شل و نیمچە-تیۆرییەیە کە ڕاڤە هەڵناگرێت. لە پاش پەیمانەکەوە دەشێت بە سوریالییەتێکی کورتدا تێپەڕین و ئازار بگۆڕین بۆ چێژ- بەڵام چرکەساتی پێش پەیمانەکەش بۆ هەموومان جێی هەڵوەستەیە: چونکە پەیمانێکە

کـە بـە فـۆرم و ڕووخسـار مەرگـی لـێ دەکەوێتـەوە و بـە ناوەڕۆکیـش چاوەڕێیـن ئارامیـی لـێ بکەوێتـەوە. بـەڵام ئـەوەی کـە دواجـار لـە هەمبـەر پەیمانەکـەدا دەمانوەسـتێنێت زاڵبوونـی فۆرمـە بەسـەر ناوەڕۆکـدا. واتـە مـەرگ وەک ئـەو فۆرمـە بەتاڵـە خـۆی پیشـان دەدات کـە هیـچ قوڵـی و نـاوەڕۆک و ناواخنێـک ناگرێتـە خـۆی. مـەرگ جگـە لـە فـۆرم هیچـی تـر نیـە، چونکـە جگـە لـە خۆنیشـاندان هیچـی تـر ناخاتـەوە.

لە ٢٢-٩-١٩٦٦ لـە باکـوری ئوسـترالیا، نەخۆشـێکی شـێرپەنجە بـە یارمەتـی پزیشـک و لـە ڕِێگـەی یاسـاوە خـۆی دەکوژێـت. بـە پێـی ئـەو ڕاپۆرتـە، ئـەوە یەکەمیـن مەرگـی ڕێ پێـدراوە کە پزیشـک لە ڕێگـەی یاسـاوە کۆتایـی بـە ئازارەکانـی نەخۆشـێک دەهێنێـت. ئەتانـازی (Euthanasia) نـاوی ئـەو جـۆرە مەرگەیـە کـە بەسـەر نەخۆشـێکی بـێ چارەسـەردا پیـادە دەکرێـت و بـە نیەتـی ڕزگارکردنـی، دەمرێنرێـت. ئـەم جـۆرە مردنـە، هێشـتا نەکراوەتـە مادەیەکـی یاسـایی سـەرتاپاگیر و گەردوونـی. ئـەوەی کـە ڕێگـری دەکات لـە بـە یاسـایی کردنی، کۆمەڵێـک فاکتەری سیاسـی و کەلتـوری و دینیین. هەندێـک کـەس ئەوەشـی بـۆ زیـاد دەکـەن کـە کێشـەکە ڕەهەندێکـی تەکنینکـی و میکانیکـی هەیـە و چۆنیەتـی مراندنـی نەخۆشـەکەش بایەخـی خـۆی هەیـە. لـەم چرکەیـەدا کـەم نیـن ژمـارەی ئـەو نەخۆشـانەی کـە لـە نەخۆشـخانەکانی دونیـادا، تـاڵ و تەنیـا دەیگوزەرێنـن. تاڵییـەک کـە ئومێـدی چاکبوونـەوە و شـیفای لـێ ناکرێـت و یاسـا و کەلتـور و عەقیدەکانـی زۆرێـک لـە وڵاتانیـش «ئەتانـازی» ڕەت دەکەنـەوە. گەرچـی مشـتومڕ هەیـە لەسـەر بـە یاساییکردنی «ئەتانـازی»، بـەڵام کەمیـش نیـن ئـەو ڕێژەیـەی کـە پێشـوازیی لـێ دەکـەن. پێشـوازیکەران، لـە قەشـە و فەقیهەکانـەوە دەگرێتـەوە تاکـو بیرمەندانـی ئەخـلاق و پزیشـکان. بەشـێکی مشـتومڕەکە لەسـەر ئەوەیـە کـە ئایـا ڕەزامەنـدی و دوابڕیـاری نەخۆشـەکە بـە هەنـد وەربگیرێـت یـان نـا. ئاخـۆ بڕیـاری کەسـانی نزیکـی نەخۆشـەکە لـە کوێـدا و چـۆن وەربگیرێـت. لەگـەڵ ئەمانەشـدا، نابێـت ئەوەمـان بیربچێـت کـە پیادەکردنـی «ئەتانـازی» بەبـێ پرسـی نەخۆشـەکە بـە کوشـتن (قەتـڵ) دەژمێردرێـت.

لـە ڕاسـتیدا کێشـەکە بـۆ کەلتـور و دونیـای ئێمـە زۆر قورسـترە. ئـەوەی کێشـەکەی قـورس کـردووە زنجیرەیـەک فاکتـەر و ڕیشـەی قوڵـن کـە ڕووبەرێکـی گـەورەی دەوێـت بـۆ تاوتـوێ کـردن. مرۆڤـی نـاو کەلتـوری ئێمـە، ژیـان و مردنـی لـە یـەک دەچـن. ژیـان و مـەرگ بۆ ئـەو ڕیزێـک تابـۆ و جەبر و ئـازارن. مردنیشـی وەک ژیانـی، لـە دەسـتی ئەوانـی تـر و لـە نـاو کۆنتێکسـتی ڕەقـی ژیانـی ئەوانـی تردایـە. هەمـوو فۆرمەکانـی یاسـا لـە دونیـای ئێمـەدا، دەسـتیان کـردووە بـە دەسـتی یەکـدا بـۆ ئـەوەی مافـی مەرگیشـمان لـێ زەوت بکـەن. ئـەم یاسـایانە لـە ژێـر فڕوفێڵـی ڕەتکردنـەوەی مەرگـی

جەستەییدا، چەندین مەرگی ڕەمزی و ڕووپۆشکراو لە مرۆڤی ئێمەدا دەچێنن. ڕەتکردنەوەی مەرگی خۆویستانەی نەخۆش، هەندێک دەلالەتی جیاجیا دەدات بە دەستەوە. دەشێت یەکیان ئەو ڕاستییە دیالەکتیکییە بێت کە ڕەتکردنەوەکە لە خۆیدا هەڵی گرتووە. کە پێمان دەڵێت مەمرە و بۆت نیە بمریت، دەلالەتێکی ناونشینی لە خۆیدا شاردۆتەوە. دەشێت بەم جۆرە ڕەتکردنەوە کەلتوورییەکە لە چەپاندن ڕزگاربکەین و دایڕێژینەوە: مادام بۆتان نیە بژین، بۆشتان نیە بمرن. یاخود بەم شێوەیەی تر: مەمرە چونکە نەژیاویت!

لە فیلمی (the sea inside)دا، دیوە فەلسەفییەکەی ئەم کێشەیە ڕاماندەگرێت. فیلمەکە تەرخانە بۆ کێشەی نێوان (رامون)ـی ئەکتەری سەرەکی و دادگا. (رامون) لە تەمەنی گەنجییەوە تووشی ئیفلیجبوون دێت و دەکەوێتە سەر جێ. دوای ئەوەی کە ئومێدی چاکبوونەوەی نامێنێت، دەیەوێت خۆی بکوژێت، بەڵام دادگا ڕێگەی نادات. لەم نێوەندەدا، قەشەیەک هەیە و ئەویش بە هەمان شێوە ئیفلیج و دەردەدارە. بەڵام ئەوەی کە (رامون) و قەشەکە لێک جیادەکاتەوە، سەیرکردنیانە بۆ ژیان و مەرگ و ئازادی. لە گەرمەی دیالۆگی هەردووکیاندا، دوو ڕستە لە دایک دەبێت کە بە جۆرێک لە جۆرەکان، ناوکی فەلسەفیی کێشەکە کورت و پوخت دەکەنەوە. کاتێک کە (رامون) داوای ئازادی دەکات بۆ ئەوەی خۆی بکوژێت و لەو بێهودەییە بێتە دەرێ، لەگەڵ کابرای قەشەدا دەرگیر دەبێت. قەشەکە بە (رامون) دەڵێت، ئازادییەک کە ژیانت لێ بسێنێتەوە کەی ئازادییە!؟ (رامون)ش هەمان ڕستە ئاوەژوو دەکاتەوە و دەڵێت، ژیانێک کە ئازادیت لێ بسێنێتەوە کەی ژیانە؟! لێرەوە دەزانین کە کێشەکە لە بونبەستدا دەژی و ڕیشەیەکی هەڵواسراوی هەیە. تێدەگەین کە ئازادی و ژیان چۆن ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە! دەگەنە جێیەک کە بە ڕوونی نازانین ئازادی گرنگە یاخود ژیان؟ ئایا پەیوەندی ئازار بەم دوو چەمکەوە چیە و چۆنە؟ ئاخۆ ژیان لەو ئازارە گرنگترە کە نەخۆشەکە دەیچێژێت؟ ئایا هەر بە ڕاست ئازادییەک کە ژیانت لێ بسێنێتەوە ئازادییە؟ لەوەش گرنگتر، ئایا دواخستن و پێشخستنی مەرگ هیچ پەیوەندییەکی بە ئازادییەوە هەیە؟ گەرچی وەڵامی ئەم پرسیارانە بۆ بە یاساییکردنی کێشەکە گرنگە، بەڵام (رامون) لە فیلمەکەدا وەڵامێکی پوخت و ئامادەمان بیردەخاتەوە. ئەو دەڵێت: ژیان مافە نەک ئەرک. واتە ژیان بەخششێکە و دەتوانین ئازادانە مامەڵەی پێوە بکەین. نەک ئەوەی ئەرک و ئیجبار بێت و نەتوانین ئەم ئیجبارە بشکێنین.

(امید مهرگان) نوسەر و وەرگێڕی ئێرانی، وتارێکی بە ناونیشانی (سیاسەتی مەرگ: ئیلیاس،

فۆکۆ، ئاگامبێـن) نووسـیوە. میهـرەگان لـەو وتـارەدا، لێکچواندنێکـی قەشـەنگ درووسـت دەکات لـە نێـوان مەرگـی نەخۆشـە بـێ چارەسـەرەکان و هۆمۆسـاکەردا. هۆمۆسـاکەر تێزێکـی بەناوبانگـی فەیلەسـووفی ئیتالـی، جۆرجیـۆ ئاگامبێنـە و بـە مانـای (مرۆڤـی پیـرۆز) دێـت. هۆمۆسـاکەر ئـەو کەسـانە بـوون کـە لـە ڕۆمـای دێریندا، کوشـتنیان سـزای لەسـەر نەبـووە. واتـە کوشـتنیان وەک تاوان نەدەبیـنرا و نەدەهاتنـە نـاو پانتایـی یاسـاوە. هۆمۆسـاکەر ناکرێتـە قوربانـی و لـە هـەردوو لا نەفییـە و خـوداش قبوڵـی نـاکات. گـەر نەخۆشـە بـێ چارەسـەرەکانی ئەمـڕۆ، هۆمۆسـاکەرەکانی دوێنـێ بن، ئـەوا لێـرەوە بـە دیـدی ئاگامبێـن مـەرگ سیاسـی دەبێتـەوە. ڕیشـەکانی ئـەم سیاسیبوونە دەکەونـە هەنـدێ جێـگاوە کـە ئاگامبێـن زۆر بـە وردی دەیپشـکنێت. بـە کورتـی، مـەرگ لێـرەوە دەخرێتـە نـاو یاسـاوە بـۆ ئـەوەی کوشـتنی هۆمۆسـاکەرەکانی ئەمـڕۆ بخرێتـە دەرەوەی یاسـاوە. دەشـێت ئـەم هۆمۆسـاکەرانەی ئەمـڕۆ، بسـتێک زیاتـر بچنـە پێشـەوە و سـەرباری ڕزگاربوونـی خۆیـان، مـۆری خۆیـان بـدەن لـە پەیمانەکـە. مۆرێـک کـە بەشـێکی گرنگـی پەیمانەکـە پێکدەهێنێـت و ئیڤـان ئیلیـچ زووتـر بـە چەنـد وشـەیەک دەری بڕیـوو: «بەڵـێ، مـن هەمووتانـم خسـتۆتە زەحمەتـەوە، هەمـوو بێتاقەتـن». گـەر هەمـوو ڕەهەندێکـی شـەهادەتئامێزانە و شەهیدئاسـا لـە نەخۆشـەکان دابماڵیـن و بـە سـادەیی بیاننێریـن بـۆ مـردن، ئـەوا دیسـان ناتوانیـن لـەو ڕسـتەیەی ئـەوان کـەم بکەینـەوە کـە دەنگدانەوەیەکـی شەهیدئاسـای هەیـە. ڕسـتەکە دیسـان لـە زاری ئیڤانـەوە دێتـە دەرێ و بـێ ئـەوەی بـە مەرگـی ئەتانازیـدا تێپەڕێـت، شەهیدئاسـایانە دەڵێـت: «کـە مـردم ئیـدی وەزعەکـە باشـتر دەبێـت».

دەبێـت دان بـەوەدا بنێیـن کـە تاکـو فۆرمـی ژیانمـان باشـتر نەکەیـن، ئـەوا ناتوانیـن مەرگیشـمان باشـتر بکەیـن. بـە وتـەی (نۆربێـرت ئیلیـاس)، چۆنیەتیـی ژیانـت ، چۆنیەتیـی مردنیشـت دیـاری دەکات. ئیلیـاس لـە کتێبـی (تەنیایـی سـەرەمەرگ)دا، تەنیایی نەخۆشـەکانی ئەمڕۆمـان بیردەخاتەوە. پەیوەندیـی جەسـتە و شارسـتانییەت و مـەرگ دەوروژێنێـت. بـە دیـدی ئـەو، نەخۆشـەکانی ئەمـڕۆ، سـەرباری پێشـکەوتنی دۆخـی تەندرووسـتی، کەچـی تەنیاتـر دەمـرن. نەخۆشـەکان لـە ساتەوەختی گیانـەڵادا، ئیـدی لـە سیسـتەمی کۆمەڵایەتـی دەردەچـن و دەکرێنـە دەرێ. سـەرباری تەنیاییەکـەی خۆیـان، مردنیـش بیـری ئێمـە دەخەنـەوە. دیـارە بیرخسـتنەوەی مـردن بۆخـۆی فۆرمێکـە لـە تابـۆ و زۆرجـار مرۆڤـی ڕۆژئاوایـی لـە بیـری خـۆی دەباتـەوە. پێدەچێـت بۆچوونـە کۆمەڵناسـییەکانی ئیلیـاس بەتـەواوی بەسـەر نەخۆشـەکانی ئێمـەدا پیـادە نەبـن و کۆنتێکسـتی کۆمەڵایەتـی و ژینگەیـی ئێمـە جیاوازتـر بێـت. وەختـە بڵێیـن کـە نەخۆشـەکانی ئێمـە، هێشـتا بڕیـار نیـە ببنـە

هۆمۆساکەر و پیرۆزیی خۆیان لە دەست بدەن. لەوەش زیاتر، جەستەی نەخۆشەکانی ئێمە هەڵگری خەرمانەیەکی تابۆئاسایە و مردن ناتوانێت بێ نرخی بکات. تەرمی مردووەکامنان موبارەکن و لەگەڵ پیرۆزییەکی کەلتوری و دینیدا دۆنادۆن دەکەن! مرۆڤی ئێمە گەرچی نایەوێت لەو تەنیاییەی مرۆڤی غەربیدا بمرێت، بەڵام خەریکە هێدی هێدی لە گۆشەیەکی نەخۆشخانەکاندا تەنیایانە سەردەنێتەوە. هەر لێرەوە، پرسیارێکی تر کە کەلتوری ئێمە لە خۆی بکات دەشێت ئەوە بێت، لە داهاتوودا ئەم تەنیاییە نابێتە بەهانەیەکی زیاتر بۆ ئەوەی ئەتانازی قبوڵ بکەین؟ ئەتانازی خۆی تەنیا نیە و لەپاڵ هەندێ دیاردەی تردا وەڵامی جیددییان دەوێت. لەباردبردنی کۆرپەلە، یەکێکە لەو دۆسیە هەڵواسراوانەی تر، کە دوور بێت یاخود نزیک کەلتووری ئێمەش دەخاتە بەردەم بڕیاردان. هەندێک دەنگی ناو کەلتوری مەسیحیەت، ئەتانازی ڕەت دەکەنەوە چونکە مەسیییەت بە دینی ژیان دەزانن. ئەو ڕستەیەی عیسای مەسیحیان لە بیرە کە وتوویەتی، من «ژیانم بۆ هێناون نەک مەرگ». ئەم ڕستەیە لەو ڕستانەیە کە دینەکانی تریش بێ دوودڵی هەڵی دەبژێرن و دەیکەنە مانشێتی خۆیان، بەڵام ئەم قسەیە بۆ ئەمڕۆ نە بەهایەکی تیۆریی گەورەی هەیە و نە نرخێکی پراکتیکی و واقیعییش. گەر زیادەڕەوی نەبێت، بەهایەکی شیعریشی نیە. دواجار درووشمێکی کز و غەریبە و بۆ دونیای ئەمڕۆ کۆمیدییە. ئەو ژیانەی کە ئەوان بۆ ئێمەی دێنن، لە زۆر بارادا پێچەوانە دەبێتەوە و دەبێتە مەرگ. لە بەر هیچ نا، تەنیا لەبەر ئەوەی کە دین بە ناهەق دەست بۆ تیۆر دەبات. هەلومەرجی تیرۆیزەکردن هەلومەرجێکی سەخت و نامۆیە بە عەقڵی دینی. بە کورتی، ئەوەی ئەوان حیسابی تیۆری بۆ دەکەن، هیچ نیە جگە لەو ڕستەیەی سەرەوە و ئەو مێژووەش کە دەکەوێتە دوای ڕستەکەوە. ئێستا ئیدی ڕستەکە بە ئاوازێکی تا ڕادەیەک تراژیدییەوە سەردەردەهێنێتەوە و شارستانییەتی نوێ پێمان دەڵێت: «مەرگم بۆ هێناون نەک ژیان». مەرگێک کە ئەمجارەیان ناومان ناوە ئەتانازی و بەبێ بانگەشەی قەبە و ناقۆڵا، دەتوانێت بڕێکی زۆر ژیانی لە خۆیدا هەڵگرتبێت!

# جەستە دوو ڕۆحی هەیە

## یەکەم، جەستە دوو ڕۆحی هەیە:

لـە دونیـای ئێمـەدا، گوزارەیەکـی بـاو هەیـە و دەڵێـت (ڕۆح خۆشەویسـتە). لێـرەوە بـە دیـوە زمانەوانییەکەیـدا بـاز بەسـەر جەسـتەدا دەدرێـت و مەحەبـەت بـۆ (ڕۆح) دەردەبڕدرێـت. وەکـو ناوەڕۆکیـش، هەمـوو ژیـان کـورت دەکرێتـەوە بـۆ مانـەوە. هەمـوو پرۆسـە ورد و گرنگـەکان لـە ژێـر درووشـمی زیندوویـی و مانـەوەدا تـرۆ دەکرێـت. بـە کورتـی هـەر ئەوەنـدە بـەس نیە کـە بمێنیتەوە و ڕۆحـت پارێـزراو بێـت. کێشـەکە لەوێدایـە کـە بزانیـن ڕۆحـە ڕاسـتەقینە و بینراوەکـە لـە کوێدایـە. پێویسـتە ماسـک و ڕیـای ئـەم گوزارەیـە داماڵیـن و گوزارەیەکـی کەمێـک ڕاسـتگۆتری لـێ درووسـت بکەیـن. بـۆ ئەمـەش پەنـا بـۆ ڕسـتەیەکی گرنگـی ڤیتگنشـتاین دەبەیـن و بـۆ بەرژەوەندیـی خۆمـان دەیپشـکنین. لـە ڕاسـتیدا ڕسـتەکە ڕسـتەیەکی ئاسـایی نیـە، بەڵکـو بەهـا و حورمەتـی ئـەوەی هەیـە کـە نـاوی بنێیـن یەکێـک لـە (موناجاتـە زەینی)یەکانـی ڤیتگنشـتاین. ئـەو دەنوسـێت (دەم و چـاو، ڕۆحـی جەسـتەیە). دەتوانیـن بـەر لـە هـەر فێلێکـی دینـی و غەیبانـی، ڕۆحـی دیکـە بـۆ جەسـتە دابنێیـن. ئیـدی جەسـتە خاوەنـی ڕۆحێکـی ڕۆژانەییـتر و نزیکـتر و بینراوتـرە. ڕووخسـار یاخـود دەم و چـاو، ئـەو ڕۆحەیـە کـە بـێ درۆ و ڕیـا دەتوانیـن وەک ڕۆحـی ڕاسـتەقینەی جەسـتە قبوڵـی بکەیـن. ڕووخسـار تەنیـا دەلالـەت نیـە لـە دەمێـک و لوتێـک و دوو چـاو، بەڵکـو هەمـوو شوناسـە ڕەمـزی و کۆمەڵایەتـی و ئینسـانیەکان لـە خۆیـدا کۆدەکاتـەوە. دەم و چـاو، ئـەو ڕۆحـە مەلمـوس و خۆشەویسـتەیە کـە ناتوانیـن دانـی پیـا نەنێیـن. لـە ژیانـی کەلتوریـی ئێمـەدا، ڕووخسـار وەک ڕۆحـی گرنـگ و ڕاسـتەقینە ئامادەیـە و کەلتورەکـە پـڕە لـە ئامـاژەی ڕۆژانەیـی. هـەر زۆر بـە سـادەیی، کێشـەی شـەرەف لـە کەلتـوری ئێمـەدا کێشـەی دەم و چـاوە. شـەرەف واتـە دەم و

چاوێکی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژیت هەیە و ناتەوێ بیدۆڕێنیت. تەنانەت زۆرجار ئامادەین کە ئەو ڕۆحە ناونشین و غەیبی و تەقلیدییە، بکەینە قوربانی ئەو ڕۆحەی کە ڤیتگنشتاین باسی دەکات. زۆرجار کوشتن و کوژاندنەوەی ئەو ڕۆحە باوە هەڵدەبژێرین بۆ ئەوەی دەم و چاوی کۆمەڵایەتی و کەلتوری نەدۆڕێنین. ئێستا دەتوانین گوزارە باوەکە بگۆڕین بۆ ئەم گوزارەیەی تر کە هەموومان لە ژێرەوە قبوڵمان کردووە: دەم و چاوی جەستە خۆشەویستە. دەتوانین ئەوەشی بۆ زیاد بکەین کە: کە ئەمت دۆڕاند، ئەوی تریشیانت دۆڕاندووە. واتە دۆڕاندن و برینداربوونی ڕۆحە ناونشین و باوەکە، دۆڕاندن و برینداربوونی ڕۆحە ڤیتگنشتاینییەکەشی بە دواوە دەبێت.
کەم نین ئەو چیرۆکانەی کە لە دونیای ئێمەدا، تەعبیر لە ئەولەویەتی ڕۆحە ڤیتگنشتاینییەکە دەکەن. هەموو ئەو چیرۆک و ڤیدیۆیانەمان دیوە کە تیایدا مرۆڤی ئێمە چ شەڕێک لەسەر ڕووخساری خۆی دەکات. بەرامبەر بەوەی کە پەلاماری ڕووخسار (شەرەف)ــی دراوە، دەکەوێتە تۆڵە لە ڕووخساری ئەوی تر. دەکەوێتە ئەتک کردن و کوشتنی ڕووخساری ئەوی تر. گەرچی پەلاماری جەستەی دەدات و حەرەمی جنسیی ئەوی تر دەشکێنێت، بەڵام لە ڕاستیدا پەلاماری دەم و چاوی دەدات. پەلاماری ئەو ڕووخسارە کۆمەڵایەتی و هەستیارەی دەدات کە جارێکی تر بە زەحمەت پیشانی کۆمەڵگا دەدرێتەوە. ئەوەی کە هەموومان خۆشمان دەوێت ئەو ڕۆحە دونیایی و بینراوەیە کە دەکەوێتە پێش ڕۆحە خوداییەکەوە. دەکەوێتە پێش ئەو ڕۆحەوە کە مردن دەبڕێت و بڕیارە جەستەی لەسەر زیندوو بکرێتەوە. دونیای ئێمە پڕە لە گوزارەی درۆزن و ڕووکەش، ئەو گوزارانەی کە دەبنە سەرقاپ بۆ گوزاری قوڵتر و زیندووتر.
وێنەی کەس و کاری ئەو کچانە بێننەوە بەرچاوتان کە پەلاماری جەستەی کوڕێک دەدات. کێشەکە لەوێدا نیە کە دەستدرێژی دەکرێتە سەر جەستە و ئەتک دەکرێت، لە ڕاستیدا ئەوە ئیشە ڕەمزییەکەیە. کێشەکە لەوێدایە کە نیەت و مەرامی ڕاستەقینەی ئەتککەرەکان ئەوەیە ڕووخساری بکوژن. ڕۆحە بینراو و دونیاییەکە بکوژن. بۆ نمونە گەر ئەتکی تر هەبووایە و شوێنی هەستیارتر هەبووایە ئەوا ئەتککەرەکان دەستیان بۆ ئەو شوێنە دەبرد. لەزەت لێرەدا لەزەت نیە لە خودی ئۆبێکتی جنسی، بەڵکو لەزەتە لە ئەتککردن. بەم مانایە، کەلتوری ئێمە لەزەت وەک لەزەت بەکارناهێنێت. لەزەت دەبێتە جێگرەوەی شتی تری وەک تۆڵە و ئەتک و ناموس. لە سیاقی کەلتوریی ئێمەدا ئەتکی نێرینە گەورەترین ڕێگایە بۆ ئەوەی بچیتەوە سەر ڕووخساری و بیکوژیت. لە ڕووداوێکی وەهادا، کوشتن ئاسانترە بەڵام بچوکتریشە. دەکرا

کـوڕە بکوژرێـت و ڕۆحـە ناونشـینەکەی بکوژێنرێتـەوە، بـەڵام ئـەوەی بـۆ تیرۆریسـتە کەلتورییـەکان گرنگـە کوشـتنی ڕۆحـە ڕاسـتەقینەکەی جەسـتەیە. گـەر دیـوی نـاوەوەی کێشـەکە بخەینـە ڕوو، ئەوا بەشـێک لـە ڕووی ڕاسـتەقینەی شـەرەف لـە کۆمەڵـگای ئێمـەدا کەشـف دەبێـت. تاک لـە کۆمەڵگای ئێمـەدا دوور و نامۆیـە بە جەسـتە، سـادە و ڕاستەوخۆدەسـتی بە جەسـتەی ڕەگەزەکەی تـردا ناگات. کاتێکیـش لـە جەسـتەی کەسـێکی خـۆی نزیـک دەبنـەوە، ئیـدی بـە مانـا دەروونشـیکارییەکەی، تووشـی ئیرەیـی دەبێـت. ئـەو چەپاندنـەی کـە هەڵیانگرتـووە، ئـاوەژوو دەبێتـەوە بەسـەر ئـەوی تـردا. دەیەوێـت ئـەوی تریـش لـە هەمـان چەپاندنـدا بـژی. ئیرەییەکـی کەڵەکەبـوو و سـەرکوتکراو هەیـە و ناهێڵێـت ئەوانـی تـر لـە جەسـتەی کەسـی مەحـرەم نزیـک ببێتـەوە. نزیـک بوونـەوە لـە کەسـانی نزیـک، کردنـەوە و بەرەڵابوونـی ئـەو ئیرەییـە نوسـتووەیە. ئەمـە ڕیشـەیەکی قـووڵ و سـایکۆلۆژیی کێشـەکەیە.

دواجـار ئەوانـەی کـە تونـد دەسـت بـە نامـوس و شـەرەفەوە دەگـرن، ئەوانـەی کـە ڕووخسـاری کـوڕە تیـرۆر دەکـەن، دەگەڕێنـەوە و ئـەم ڕسـتانەیان پێیـە: بـاش بـوو نەمانکوشـت ئەگینا ڕزگاری دەبوو...سەرشـۆڕی (ڕووخسـارکوژی) لـە فیشـەک و کوشـتن گرنگـترە...

## دووەم، جەستەیەک لەوێدا کەوتووە:

مـرۆڤ لـە سـەرەتاوە کـە لـە دایـک دەبێـت جەسـتەیەکی بـێ نـاوە و، کاتێکیـش کـە دەمرێـت ناوێکـی بـێ جەسـتەیە. ئەمـە حەکایەتـی هـەرە سـادەی جەسـتە و ئینسـانە. ناولێنـان بـە مانایـەک لـە مانـاکان، ڕێزگرتنـە لـە بوونـەوەری ناولێـنراو. دەشـێت ئـەو بوونـەوەرە مـرۆڤ و جەسـتە بێـت یاخـود درەخـت و دیـاردە و شـتەکانی تـری نـاو دونیـا. لـەم دیدگایـەوە سـەرەتا کـە دێینـە دونیـاوە، حورمەتێکـی ئەوتـۆی جەسـتە ناگریـن. تۆزێـک درەنگـتر نـاوی جەسـتە دەنێیـن. مـرۆڤ چیـە جگـە لـە خۆهەڵواسـین بـە جەسـتەدا. لـەو کاتـەوە کـە ناوێـک دەلکێنین بـە جەسـتەوە، ئیـدی ئەرکەکانی جەسـتە دەسـت پێـدەکات. جەسـتە ناچـارە تـا سـاتەوەختی مـردن، سـیزیفانە وەزیفەکانـی خـۆی پیـادە بـکات. سـەرباری ئـەو قـەدەرە شـومەی کـە جەسـتە هەیەتـی، دونیـای ئێمـە وەفایەکـی ئەوتـۆی بـۆ جەسـتە نیـە. بەشـێکی زۆری ئـەم بێوەفایـە بـۆ جەسـتە، دەگەڕێتـەوە بـۆ پەیـام و میراتـی خـودای ئیسـلام بـۆ دونیـای ئێمـە. دەشـێت خـودا ڕقـی لـە جەسـتە بێـت. خـودا جەسـتە

بـۆ خـۆی هەڵنابژێرێـت (لم یلـد ولم یولـد). خـودا تەنیـا ڕیزێـک نـاو دەلکێنێـت بـە خۆیـەوە و جەسـتە نەفـی دەکاتـەوە. دەشـێ خـودا جەسـتەیەکی بەردیـن و بتیـن بـۆ خـۆی هەڵبژێرێـت، بـەڵام پارادۆکـس دەبێتـەوە لەگـەڵ ئلوهیەتـدا و لـەم دۆخـەش هەڵدێـت. جارێکـی دی جەسـتەی ئینسـان بـۆ خـۆی هەڵدەبژێرێتـەوە و دێتـە نـاو جەسـتەوە و لـەم جەستەیەشـدا یەکسـەر لـە خاچ دەدرێـت. خـودا گـەردوون دەکاتـەوە بـە جەسـتەی خـۆی، بـەڵام مرۆڤەکانـی نـاوی نابنـەوە بـە بەشـێک لـەم جەسـتەیە و لـە خودابوونـی خۆیـان سـڵ دەکەنـەوە.

دەشـێت بەشـێک لـە گومانـی مـرۆڤ بەرامبـەر بـە حەکایەتـی زیندووبوونـەوە، بگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو ئیهانەیـەی کـە بـە جەسـتە دەکرێـت. خـوداکان دوای مەرگیـش جەسـتە نابەنـەوە بـۆ خۆیـان. هەموومـان بەشـداریی ئـەو مەراسـیمانەمان کـردووە کـە جەسـتە دەبەیـن بیشـارینەوە. بـەر لـە شـاردنەوەش بێوەفایـی خوداکانمـان بـۆ دەردەکەوێـت بەرامبـەر بـە جەسـتە. جەسـتەیەک لەوێـدا کەوتـووە و پـاش ئـەو هەمـوو وەزیفەیـە سـارد و سـاکت کوژاوەتـەوە. لـە چیرۆکێکـی خەیاڵیـدا، پیرەمێردێکـی ئیمانـدار هەیـە و دەکەوێتـە نـاو گومـان و تورەیـی و هەڵچوونێکـی ناوەکییـەوە. ئـەم پیرەمێـردە خەیاڵـی ئـەوە دەکات کـە سـبەینێ دەمرێـت و جەستەشـی هـەر لەسـەر زەوی دەمێنێتـەوە. ئـەو بیـر لـەوە دەکاتـەوە کـە یەکەمیـن بەڵگـەی زیندووبوونـەوە و ڕێزگرتنـی جەسـتە، دەبـوو لەوێـوە دەسـت پـێ بـکات کـە جەسـتە لەوێـدا تەخـت و تەنیـا نەکەوێـت. دەبـوو خـوداکان لەگـەڵ مردنـدا جەسـتەش بگوازنـەوە و سـەنگ و حورمەتـی ڕابگـرن. ئـەو پیرەمێـردە بـەو خەیاڵەوە دەژیـا کـە دەکـرا جەسـتە بفڕێـت و ببرێـت بـۆ سـەرزەمین و دونیـا و مەلەکـوت. بـەر لـەوەی لەوێـدا بکەوێـت، بەرزبکرێتـەوە بـۆ ژیانێکـی تـر. هەڵبـەت بـەر لـەوەی کـە جەسـتە لەوێـدا بکەوێـت. بـەر لـەوەی مـەرگ تـان و پـۆی دابگرێـت و وێنەیەکـی تـرۆ و بـێ کەڵکـمان بداتـێ لەسـەر جەسـتە. ئـەو دەکەوێتـە نـاو ئـەو گومـان و تەفسـیری تـرەوە: ئـەو کاتـەی کـە جەسـتە لەوێـدا دەکەوێـت، ساتەوەختی کەوتنـی دونیایەکـی تریشـە. لای ئـەو چـۆن دەبێـت دونیـا هـەر هێنـدە جێـی جەسـتە بێـت کـە عیبـادەت و سـێکس و خـواردن و سـەما و سـەردان و نمایـش و چالاکییـە ڕەمزییەکانـی تیـا بگوزەرێنێـت. جەسـتەیەک هەبـووە، ژیانـی هەڵگرتـووە و مەرگـی پـێ هەڵناگیرێـت. جەسـتەیەک کـە لەوێـدا کەوتـووە، بـە هیـچ ئەڵتەرناتیڤێکـی دی قەرەبـوو ناکرێتـەوە. یـان وەک خـۆی دەڵێـت: ئـەم قـوڕە هەرگیـز ناشـێلرێتەوە و جەسـتەیەکی تـری لـێ درووسـت ناکرێـت. دیـدی ئـەم پیرەمێـردە لـەو چیرۆکـە خەیاڵییـەدا، دیدێکـە کـە مـرۆڤ دەخاتـە سـەر زۆر خەیاڵاتـی تریـش.

## سێیەم، جەستە دەبێتە دەق:

ئەمڕۆ جەستە لە زۆر باردا سیفەتەکانی دەق وەردەگرێت. جەستە زمانی هەیە و وەک دەق دەژی. هەم بەشدارە لە درووستکردنی مانادا و، هەم لە تێکدانی ماناشدا. لە ڕۆمانسیەتی کلاسیکدا جەستە وەک دیواری نێوان دوو ڕۆح سەیردەکرێت. عاشقەکان گیانێکن لە دوو جەستەدا. مانایەکن لە دوو تێکستدا. نوسەرێکن لە دوو دەقدا. پێشتر، نوسەرێکت لە دوو دەقدا دەدۆزییە و ناوت لێدەنان نوسەری فلان و فلان دەق. ئەمڕۆ، دەقێکت هەیە لای فلان و فلان نوسەر. جەستە لە دونیای کاڵاپەرستیی ئەمڕۆدا، چیتر دیوار نیە. ئەو دیوارە نیە کە ڕۆحی زیندانی کردبێت، بەڵکو ئەو دیوارەیە کە زۆرترین ڕەنگ و جل و کاڵای پیادا هەڵدەواسرێت. جەستە دەبێتە دیواری ڕیکلام و کاڵا و مادەی ئاڵوگۆڕ. دەبێتە کاغەز و گوێزەرەوەی فرەمانایی. جەستە دەبێتە دەق و شوێنی تەئویلی جیاواز. شوێنی تاتۆ و لۆگۆ و تابلۆ. ئەمڕۆ ئەم دەقە، نەشتەرگەری و «جرح و تعدیل» دەکرێت. بەلاغەتەکەی دەبێتە جوانکاری (تجمیل) و دوورکەوتنەوە لە «وەزن!!» و سەرپێچیکردنی قافیە. جەستە لەمڕۆدا پتر دەقێکی فۆرمالیستی یە و پشت بە (سڕینەوەی ئاشنایی- اشنا زدایی) دەبەستێت. ڕەنگ و سیما و چرکە ئاشنا و باوەکان دەسڕێتەوە. ماناش لە فۆرمدا بەرهەم دێنێتەوە. فۆرمی قژ و چاو و ورگ و سینە جێی مانا کلاسیکییەکان دەگرنەوە. جەستە ئەبستراکت دەبێتەوە بۆ ڤیدیۆ و وێنەی زۆر و زەبەندە. هەر فۆتۆ و ڤیدیۆیەک هەڵگری نوسخەی زۆر و خوێنەری زۆر و ڕاڤەی زۆرن. جەستە دەبێتە فۆتۆ و لە ژیانی شەخسی هەریەکەماندا ئەلبومێک جەستەی تری لێ درووست دەکرێت. جەستە لەم فۆتۆوە بۆ ئەو فۆتۆی تر جەستەیەکی ترە! جەستە لە فەیسبوکدا هەموو جۆرەکانی دەق بەرهەم دێنێتەوە: لە دەقی سوریالییەوە بۆ دەقی بێ نوسەر و دەقی دزراو.

ئەمڕۆ سەرمایەداری بە جۆرێکی تر پرۆلیتاریا بەرهەم دەهێنێتەوە: لە ڕێگەی بە ڕیکلامکردنی جەستەوە. جەستە پتر دیوە مەجازی و میتافۆرییەکەی خۆی تۆخ دەکاتەوە و دەلکێتە وشەی جۆراوجۆرەوە، وەکو جەستەی کۆمەڵایەتی، جەستەی نەتەوەیی، جەستەی شار، جەستەی خۆژێن و...هتد.

دواجار جەستە ناوێکی ترە بۆ مرۆڤ خۆی، زۆرجار ناوێکی ماقوڵتر. ڕۆژانە جەستە مەسرەف

دەکرێـت. جەسـتە لێرەوە بـۆ ئـەوێ مانـای نـوێ وەردەگرێت.جەسـتە زینـدان ناچـار دەکات کـە لە دایـک ببێـت (بـە ڕووخسـەتی فۆکـۆ). جەسـتە لـە گوتـاردا مانـا و شـوناس وەردەگرێـت. جەسـتە لە ماڵەوە و قوتابخانە و زیندان و هەڵبژاردن و خۆپیشـاندانـدا مەسرەف دەکرێت. جەسـتە لە کەشـێکی وەک خۆپیشـاندانـدا، دەبێتـەوە بـە موراديفـی مـرۆڤ و بگـرە زیاتریـش. خۆپیشـاندان کۆبوونـەوەی جەسـتەکانە. نوسـینەوەی جەسـتەکانە. خۆپیشـاندان پیشـاندانی جەسـتەیە: جەستەپیشـاندان نـەک خۆپیشـاندان، جەسـتە یەکسـانە بـە خـۆ (خـود)، خـۆ بـەو هەمـوو ئاڵۆزییـەوە دێتـەوە ژێـر مانـا و چەتـری جەسـتە. ناکرێـت لـە ماڵـەوە دابنیشـین و ناوەکانمـان بنێریـن بـۆ خۆپیشـاندان: جەسـتە شـتێکی لـە مـرۆڤ زیاتـرە.

## چوارەم، جەستە کاتێ جێمان دەهێڵێت:

ئـەوە جەسـتەی ئـەوی تـرە کـە جێـمان دێڵێـت. ئێمـە تـا کـوێ و چ جێگایـەک لەگـەڵ جەسـتەدا دەڕۆیـن؟ دەشـێت یادەوەرییـەک دوایـن خاڵـی پچڕانـی نێـوان مـن و جەسـتەیەکی تـر بێـت. دەشـێ مردنـی مـن دابـڕان و جیابوونـەوەی جەسـتەی مـن و ئـەوی تـر بێـت. گـەر ئـەم ئەگەرانـە بخەینـە لاوە و دوای ڕێ و ڕەسـمە کەلتورییـەکان بکەویـن، ئـەوا هەمیشـە جێیـەک هەیـە و تیایـدا ماڵاوایـی لـە جەسـتەی یەکتـر دەکەیـن. دەشـێ بـەر لـەوەش کـە جەسـتەی ئـەوی تـر بکەوێـت و بمرێـت، ماڵئاوایـی لـە جەسـتەی بکەیـن. زۆر جەسـتە هەیـە دەڕۆن و نەمـردوون و غوبارێـکمان بـۆ جـێ دەهێڵـن. وێنەیەکـی زەینیـمان بـۆ جـێ دەهێڵـن و چیـتر لـە جەسـتەبوون چوونەتـە دەرێ. کەسـمان ناتوانیـن تەنیا بەرگەی وێنەکانـی جەسـتە بگریـن. جەسـتە کـە بـوو بـە وێنـە، دەشـبێتە یـادەوەری. جەسـتە جەسـتەیە و بـەس...
ئـەو کاتـەی کـە جەسـتە جێـمان دێڵێـت، تـەواو خاکـی دەبێتـەوە. خاکـی بـەو مانایـەی کـە خـۆی ڕووت و سـادە دەکاتـەوە و بـەو مانایـەش کـە (دەگەڕێتـەوە سـەر ئەسـڵی خـۆی کـە خۆڵـە، کـە نـاو خۆڵە...لـە دونیـای ئێمـەدا). لـە دونیـای ئێمـەدا، جەسـتەکان دەنێردرێـن بـۆ نـاو خـاک. لـە هەنـدێ کەلتـوری تـردا جەسـتەکان بـە ئاگـر ماڵئاوایـی دەکـەن. لای ئێمـە جەسـتە جـۆرە پیرۆزییەکـی هەیـە و ناسـوتێنرێت. دەشـێ پەیوەندیـی بەوەشـەوە هەبێـت کـە لـە سـیحری ئاگـری جەهەنـم کـەم نەبێتـەوە. ئـەو ئاگـرە دوادەخـات بـۆ دونیایەکـی دواتـر و جەسـتە دەخاتـە بـەردەم ئـەو ئەگـەرەی

کـە تووشـی ئاگرێکـی گەورەتـر ببێـت. لـە نەریتـی ئیسـلامدا، جەسـتە وەکـو تـۆو دەچێنرێـت و دەخرێتـەوە نـاو زەمینـی دایـک. لێـرەوە جەسـتە دەڕواتـەوە بـۆ نـاو جەسـتە. چونکـە بـە قەولـی باشـلار، زەوی وەک منداڵدانـی دایـک گەرمـە. جەسـتە پێـش ئـەوەی نـاو بنرێـت و پـێ بخاتـە سـەر زەوی لـە نـاو جەسـتەیەکی تـردا بـووە و بەشـداربووە لـە ماناپێدانـی جەسـتەیەکی تـردا.
لـە دوادواییەکانـی سـەدەی حەڤـدەدا، شـاعیرێک بـە نـاوی (کریسـتیان هۆفـمان فـۆن هۆفمانـس والـدۆ)، شـیعرێک دەنوسـێت کـە ناونیشـانێکی وەک (عومـری کورتـی جوانی)ـــی هەیـە. شـاعیر ئـەم شـیعرە لـە وەسـفی داڕزانـی جەسـتەی مەعشـوقەکەیدا دەنوسـێت. شـیعرەکە، بـە وتـەی نۆربێـرت ئیلیـاس، بـۆ خەڵکـی ئەمـڕۆ ناڕۆمانسـی و ناقۆڵایـە و بەدسـەلیقەیی شـاعیرەکەی پیشـان دەدات. شـاعیرێک بـەو جـۆرە سـارد و بێڕەحمـە وەسـفی جەسـتەی مەعشـوقەکەی دەکات کـە چـۆن شـی و شـیتاڵ دەبێتـەوە. ئـەم شـیعرە دەکرێـت ئـەو دواسـنورە بێـت کـە دەکەوێتـە نێـوان ئێمـە و جەسـتەی
ئەوانی ترەوە پاش مەرگ. ئەمە وەرگێڕانێکی خێرا و سەرپێیی شیعرەکەیە:

عاقیبەت مەرگی ڕەنگ پەڕیو، لەگەڵ گوزەشتی ئەیامدا

مەمکەکانت بە سەرپەنجە ساردەکانی دەژەنێت

لەعلی لەبی دڵخوازت عاقیبەت کاڵ دەبێتەوە

بەفری شانە گەرمەکانت دەبێتە زیخی ساردوسڕ

ڕۆشنایی چاوانی دڵڕفێنت/ وە جوڵەی ئەو دەستە نەرمانەت

کە دڵی عالەمی ڕفاندبوو/ هەڵدەوەرن ئەمما زۆر زوو

پرچت/ کە ئەمێستا گۆیەکی درەخشانی لە زێڕ بردووە

بە سوڕانی زەمانە، دەبێتە چەپکێکی بێ ڕەنگ و ڕوو

ساقی زیوینت/ جا لارولەنجەی شیرینت

هەموو لە خاکدا ڕادەکشێن/ ئا لەو هەمووە، هیچ دەمێنێتەوە

ئەمێستا کەسێ وەسفی حوسن و جەماڵی خودابیت ناکا

عاقیبەت هەمووی دەبێتە عەدەم

ئەمما ئەو دڵە ڕەقەت هیچی لێ نایێ

چونکە خوی ئەڵماسی گرتووە

# لایکەکانی «خودا» لە فەیسبوک

زۆرجـار داهێنانـەکان لـە سـەری بـێ خوداکانـەوە دێنـە دەرێ، بـەڵام دەبنـە شـوێنی خۆنمایشـکردنی خـوداکان. زۆرێـک لـە زانـاکان لـە خـودا دوور دەکەونـەوە، بـۆ ئـەوەی پـتر جێگـەی خـودا قایـم بکـەن. ئەمـەش ئـەو ڕسـتە شـەعبییەمان بیردەخاتـەوە کـە دەربـارەی هەندێ شـت دەڵێت: تـا زیاتر دوورکەویتـەوە، زیاتـر دێـت بـۆ لات. فەیسـبوک لـەو داهێنانانەیـە کـە بـێ خودایـەک دایدەهێنێت و دواتـر دەبێتـە یەکێـک لـە ماڵەکانـی خـودا.

ئەمڕۆ لـە دونیایەکـی وەک دونیـای ئێمـەدا، خـودا تەنیـا بـە کەعبـە و مزگەوتەکانـەوە ناوەسـتێت و دەیـان ماڵـی ئەلیکترۆنـی درووسـت دەکات. بـە واتایەکـی تـر، ماڵـە مەلموسـەکانی خـۆی دێنێتـە نـاو فەزایەکـی مەجازییـەوە. ئامادەبوونـی ئیماندارانیـش لـەم ماڵانـەدا، ئامادەبوونێکـی جیاوازتـرە. دەچنـە ژوورەوە و بـە تەنیشـت ئـەوی تـری بـێ بـاوەڕەوە، ئامـادەن. بەریـەک دەکـەون و یـەک نابینـن. سرووتـەکان لـە ماتریاڵـەوە دەگۆڕێـن بـۆ نوسـین و وشـە و حـزووری ئەبسـتراکت. پاسـەوانی ئەلیکترۆنیـی تـر درووسـت دەبـن، تەنانـەت لـە زۆر بـاردا پەیامبـەری ئەلیکترۆنـی تازەتریـش سـەرهەڵدەدەن. عیبـادەت لـە فەیسـبووکدا، جـۆرە عیبادەتێکـی تـرە. (کـە وەک ئـەوە وایـە لـە ئەنتەرنێتـدا گـوێ لـە ڕادیـۆ بگریـن). لایـک و کۆمێنـت دەبنـە نیشـانە و جێـی فەتـوا و تەکفیـر دەگرنـەوە. هەنـدێ دیـاردە ئاسـۆیی دەبنـەوە و لـە سـتوونیبوون دەکـەون. دۆعـا و نزاکانمـان بـەر لـەوەی بـۆ خـودای بنێریـن، بـۆ ئیمانـدارە شـەریکەرەکانی تەنیشـتمانی دەنێریـن ( تکایـە شـەیری بکـەن!- خوایەگیـان قبوڵـی بکـەی!). دۆعـا لـە هێڵێکـی سـتوونییەوە دەبێتـەوە بـە هێڵێکـی چەمـاوە و دێتـەوە نـاو فەیسـبوک و ئامانجەکەشـی دەبێتـە زیادکردنـی ئەنـدام. ئایدۆلۆژیـا بـە دیویێکـدا کار لەسـەر ژمـارە و چەندێتـی دەکات. موسـوڵمانان هـەردەم گـوێ قوڵاغـی ئـەوەن کـە ئەندامێـک زیادبکاتـە سـەر دینەکەیـان. زۆرجـار کار دەگاتـە درۆ و بوختـان و بڵاوکردنـەوەی

هەواڵی کۆمیدیش. هەڵبەت هاوکات، دینەکانی تر و تەواوی ئۆرگانە ئایدۆلۆژییەکانی تریش زیاتر لەسەر ژمارە ئیش دەکەن. دینگۆڕین، ژمارەگۆڕینیشە. من زیاد دەکەم و ئەوی تر کەم دەکات. لە فەسیبووکدا، لایکەکان دەبنە پێوەری ژمارە و ئەندام. خودا تەنیا لایکی ناوێت، کۆمێنتیش زۆر گرنگ نیە چونکە پتر لە چۆنێتییەوە نزیکە تاکو چەندێتی: ئیمانت تاقی بکەوە و شەیری بکە.

لێرەوە دۆعا دەبێتە درووشمێکی ئایدۆلۆژی و کۆمیدی: لە خودا بپاڕێوە دۆعاکەمان زیاتر شەیر بکرێت! لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە دۆعاکە دێتە دەرەوە و ناوەومان جێدەهێڵێت. دۆعا دەبێتە بابەت و ئۆبێکتێک لە دەرەوەی ئێمە. هەر لەبەر ئەمەشە کە ژیژەک نمونەی ئەو دۆعاکارە «تبتی»یانە دێنێتەوە کە دۆعاکەیان بە نوسراوێک دەخەنە ناو ئامێرێکی سوڕێنەرەوە و دەیسوڕێننەوە. واتە پرۆسەی دۆعاکە کردنەکە لە دەرەوەی خۆت و بە شێوەیەکی میکانیکییە بە ڕێوە دەچێت. دۆعا لێرەدا بە ئۆبێکت دەکرێت. ئەم بە ئۆبێکت کردنە، درێژ دەبێتەوە بۆ ناو فەیسبووکیش. دۆعاکانمان دەنێرین بۆ دەرەوەی خۆمان و لەوێ دەیسوڕێنینەوە و شاشەی کۆمپیوتەرەکە لە بری ئێمە دۆعاکە دەخوێنێت. دۆعا لە ڕاز و نیازەوە، دەبێتە پەیام و ڕیکلام و بانگەشە. مۆنۆلۆگەکانی ناو مرۆڤ، دەچنە ناو پەڕەکانی فەیسبوکەوە و دابەش دەکرێن. لە بەرامبەردا نەک دیالۆگ درووست نابێت بەڵکو ئیمزایەکی ئەلیکترۆنی سەرهەڵدەدات و دەکەوێتە دەرەوەی مۆنۆلۆگ و دیالۆگەوە: لایک. نا-ئایدۆلۆژیترین ئەکتی ئیمانی دەبێتە ئایدۆلۆژیترین ئەکت. بۆیە فەیسبووک نەک تەنیا ژینگەی بەرهەمهێنانەوەی ئایدۆلۆژیاکانە، بەڵکو خۆیشی خەریکە دەبێتە ئایدۆلۆژیا.

ڕەنگە هەندێ لە دۆعاکاران و دۆعانووسانی فەیسبووک بێنە قسەو بڵێن، دۆعا کەین و بەینی خۆمان و خودایە و بەس. بەڵام ئەو باگراوەند و ڕەنگ و چوارچێوانەیان بیردەچێت کە لە فەیسبووکدا دەیبەخشنە دۆعاکانیان. وێنەی گوڵ و فرمێسک و زەخرەفەی پشت دۆعاکانیان بیردەچێت. مرۆڤ لەم دۆخەدا دەکەوێتە سەر کەڵکەڵەی مناڵێتی و دەشێ بڵێت: خودا چیتر پێوەری خۆی لە بەزەییەوە دەگۆڕێت بۆ پێوەری ستاتیکا. ڕازاوەترین دۆعا، دەبێتە گیراترین دۆعاش!

فەیسبوک شینە بەڵام جیا لە ئاسمان. فەزا و فراوانی و ونکردنەکانیان لە یەک دەچن. زۆرجار ئەو هەستە دامانده‌گرێت، کە هەردووکیان تا ناکۆتا درێژ دەبنەوە. هەردووکیان لە چەمکی پەیوەندیدا، مانای ناکۆتا بەرهەم دێنن. ئەویان لە بەر فراوانییەکەی، ملکەچی پەیوەندی

نابێـت. ئەمیشـیان، دیسـان لـە بـەردەم لێشـاوی پەیوەندییەکانـدا هەسـتێکی ناکۆتامـان دەداتـێ. ئـەوێ جێـگای خـودا و شـتە موبـارەک و باڵاکانـە، ئێـرەش نەیارانـی خـودا و ئیسـلام و پەیامبـەران. دەنگـە نادیـار و نەشـازەکان، دەتوانـن بنوسـن و هێـرش بکـەن و ئـەم فـەزا شـینە بشـێوێنن! خـودا چـاری نیـە و لێرەیـە. هـەم لێرەیـە و هـەم لەوێشـە. بـە زاراوە باوەکـە، ئـەوێ واقیعـە و ئێـرەش مەجـاز. هـاوکات دەپرسـین کـە فەیسـبوک چ جـۆرەماڵێـک دەبەخشـێتە خـودا؟ بـە دەربڕینەکـەی مایـکڵ هایـم، (خـودا) لـە نێـوان ئـەم جیهانـە واقیعـی و مەجازییـەدا چـی لێدێـت؟ پرسـیارێکی قـورس و درێژخایەنـە. بـە هەرحـاڵ چالاکییـەکان بەردەوامـن و پرسـیار هەڵناگـرن. پرسـیارەکان بـۆ شـتی تـر و حەکایەتـی تـرن. ئـەم فـەزا مەجازییـە، قەبیلەیەکـی سـەیرتر لـە ئیمانـداران درووسـت دەکات کـە جیایـە لـە قەبیلەکانـی نـاو مێـژوو. لێـرە بـە تەنیشـت یەکـەوە، دەسـت بـە ئیمانـی یەکـترەوە دەگـرن و دەسـت لـە تەنیایـی یـەک هەڵدەگـرن. وەک ئـەوەی مـەک لۆهـان و دواتریـش بـاس دەکرێـت، دەتوانیـن لـەم گونـدە جیهانییـەدا هـەم تەنیـا و هـەم لـە نـاو قەرەباڵغییەکەشـدا بیـن. ئیمانـدارە هەسـت ناسـکەکان تەنیـان لـەوێ. ئـەوەی تەنیاییەکەیـان دەشـکێنێت، لایکێکـی ناوەخـت و کۆمێنتێکـی سەرلێشـێواوە. جارجاریـش، بـە کلیکێـک ئیمانـی خۆیـان تـازە دەکەنـەوە. یـان کۆمێنتێـک دەنوسـن و دەشـکرا هـەر نەینوسـن. ((بـڕوات بـە خـودا هەیـە؟ خـودا خـۆی ئـاگای لـە دڵمـە/ ئـەرێ تـو بـاوەر دکـەی کـو دێ دونیـا خرابیـت؟ نەخیـر الا بـەس خـودێ دزانێـت)). بـەم شـێوەیە خـودا و ئاخیرزەمـان دەخەنـە دەنگدانـەوە.

زمـان بـۆ کەرەسـتە و شـتەکانی دەوروبەرمـان حوکمـی ڕۆحـی هەیـە. زمانیـان بـدەرێ و ڕۆحـت دەدەنـێ و بـۆت دێتـە قسـە. لـە پەیجێکـدا وێنـەی لاپتۆپێـک هەیـە و لەسـەری نـوسراوە: (ئـاگات لـە خـۆت بێـت، لـە ڕۆژی قیامـەت دەبمـە شـاهید لەسـەر تـۆ). زمـان دەدرێتـە لاپتۆپێـک و ڕۆحـی وەبـەر دێتـەوە و چاومـان لـێ ناترووکێنێـت. ئەمـە کۆنترۆڵـی ئایدۆلۆژیـی ئیمانـە بەسـەر فەیسـبوکەوە. دەیەوێـت لاپتۆپەکانمـان بکاتـە شـاهید و جاسـوس بـە سـەرمانەوە. شـاهینی نەجەفیـش لـە گۆرانییەکـدا دەڵێـت: (ئەمـڕۆ دونیـا کـورت بۆتـەوە لـە لاپتۆپەکەمـدا، شـەوان لـە فەیسـبوکدا بێـدار و ڕۆژان بێخـەوم). لەبـەر ئەمەیـە کـە نیـگای دینـی، لاپتـۆپ وەک ئـەو جیهانـە دەبینێـت کـە عیبـادەت و لایـک و کۆمێنتـی تیـا کۆدەبێتـەوە. تەنیـا کـردارە سـوبژێکتیڤەکانمان ناپشـکنێت و نایکاتـە شـاهید، بەڵکـو لـە ئۆبێکتەکانیشـدا شـاهید و چـاوی تـر دەدۆزێتـەوە. تەنیـا چـاو و گـوێ و عـەورەت شـایەت نیـن بەڵکـو لاپتـۆپ و کاڵا و میدیاکانیـش دەبنـە ئاوێنـە و جاسـوس. پێویسـتە بترسـین و لایکـی پەیجـی بێدینـان نەکەیـن. کۆمێنتـی خراپـەکاران بسـڕینەوە و

بلۆکیان بکەین. (ئیمانداری ڕاستەقینە خۆی تووشی ئەم سەرێشەیە ناکات و هەر لە پێشەوە ڕیکویستەکەت قبوڵ ناکات!!). بیرمان دەچێت کە پێشتر سویێکت و بکەری چالاکییەکانمان بووین لە فەیسبوکدا، کەچی ئێستا لاپتۆپەکەمان دەکەینە بکەر و شاهید. لەوەش کۆمیدیتر ئەوەیە، کەسمان ناپرسین کە دۆعاکانمان چۆن فەنا و پاسیڤ بوونەوە؟ مەگەر سەرقاڵی غەزا و جیهادی فەیسبووکیانە نەبووین؟ تۆ بڵێی ئیمانمان نەبووبێت؟! ڕەنگە بە ئەدرەسێکی ترەوە هاتبینە ناو فەیسبووکەوە؟!. لاکان دەڵێت، عەشق بریتییە لە بەخشینی ئەو شتەی کە نیمانە. دەشێ ئەم تێزەی لاکان بۆ عاشقانی خوداش لە فەیسبوکدا ڕاست بێت. دەشێت ئیمانمان نەبێت بۆیە بەخشیومانە! گەر ئەمەشیان بە جیددی وەرنەگرین، ئەوا تێزەکەی تری نزیکە لە ڕاستییەوە: هیچ ئەوێکی تری ئەوی تر لە ئارادا نیە.

ئەنتۆنی ئیستۆپ لە کتێبی (نەست)دا، سەرنجێکی قەشەنگ لەسەر کێشەی خواست دەخاتە ڕوو. ئەو پێی وایە کاتێ منداڵ داوای شتێک دەکات، هاوکات داوا و داخوازیی خۆشەویستیش دەکات. کە دەڵێت (شیر...)، تەنیا شیری ناوێت. خۆشەویستی و دان پیانانیشی دەوێت: شیرم بدەرێ، چونکە منت خۆش دەوێ. ئەمە ڕێگایەکیشە بۆ تێگەیشتن لە شەیرەکان و لایکەکانی خودا لە فەیسبوکدا. لە هەناوی هەر شەیر و لایکێکدا، شتێکی تریش نوستووە. خواستێکی تر خەوتووە و ئەمر دەکات خۆشەویستی بنێرین. گەرچی بڕیارە هیچ دین و پەیامبەرێکی تر بەڕێوە نەبێت، بەڵام ئەگینا دەشیا ئایەتێکی لەم جۆرە لە خوداوە بۆ ئیماندارانی فەیسبوک بنێردرێت: لایکم بکەن، چونکە منتان خۆش دەوێت.

دەشێ ئەمڕۆ فەیسبوک گۆڕان بە سەر مانای «سونەت»یشدا بێنێت. دەشێ سونەت چیتر ئەنجامدانی ڕکاتێکی زیاتر و کردەوەیەکی یەدەک نەبێت. ئەمڕۆ دەتوانین سەرێک لە فەیسبوکەکەمان بدەین و سونەتێکیشی لەگەڵدا ئەنجام بدەین. دەتوانین لە جیاتیی خێر و حەسەنەیەک، لایکێک بکەین، نوێژێکی ئەلیکترۆنی بکەین. نوسینی کۆمێنتێک زانینی زۆری ناوێت بۆ برییایان و خوشکانی فەیسبووک، سونەتەکەیان لە دەست نوێژێک ئاسانترە. لە فەیسبوکدا ئیمانی پەتی تەجەلا دەبێت! لە کۆمێنتێکدا ( تەلاوەتێکی ئەلیکترۆنی) نوسرابوو: تا کەمتر سونەت لێرە ئەنجام بدەیت، زیاتر ڕقت لە خۆتە. برایەکی (نا-موسوڵمان)یش بۆی نوسیبوو: تا کەمتر بزانیت، زیاتر بڕوات بە خۆتە. ماوەیەک دواتر، هەمان کەس ئەم کۆمێنتەشی نوسی، کە گوزارشتە لە دۆخی سایکۆلۆژی و مەعریفیی خوێندەواری ڕاستەقینە: تا زیاتر بزانیت، کەمتر بڕوات بە خۆتە.

کامـۆ لـە یاداشـتێکی کورتـی نـاو یاداشـتەکانیدا دەنوسـێت: مـن لـەو کەسـانەم کـە «پاسـکاڵ» دەیانگۆڕێـت، بـەڵام ئیمانداریـان نـاکات. دەکرێـت لـە ڕسـتەکەی سـەرەوەدا، نـاوی پاسـکاڵ بسـڕینەوە و وشـەی فەیسـبوک بخەینـە جێگـەی. دەکرێـت ڕسـتە تازەکەمـان، سـتراتیژیی ڕاستەقینەی دانیشـتووانی نـاو فەیسـبووک دیـاری بـکات. واتـە دەکرێـت ئەمـە، خاڵـی سـەرەتامان بێـت لـە مامەڵەکـردن لەگـەڵ فەیسـبووکدا. دەکرێـت فەیسـبوک ىمانگۆڕێـت، بـەڵام ئیماندارمـان نـەکات. ئیـدی لـە ئیمانـی دینییـەوە بیگـرە تـا هەمـوو فۆرمـە بچـوک و گەورەکانـی ئیـمان. لـە ئیمانـی ئایدۆلۆژییـەوە بیگـرە تـا دەگاتـە ئیمانـی گەورەمـان بـە خـودی زانسـت و فەیسـبوک خـۆی. وێـڕای ڤایرۆسـە ئایدۆلۆژییـەکان، فەیسـبوک خـۆی دالێکـی بەتاڵـە و بـە کۆمێنـت و پەیـج و لایکـی دڵپـاکان پڕنابێتـەوە. لـەوەش غەمگینانەتـر ئەوەیـە کـە هەمـوو لایکەکانـی خـودا، ناتوانـن لایکێکـی ڕاسـتەقینە و واقیعـی بەرهـەم بێنـن دەرهـەق بـە مـرۆڤ.

کەواتە لایکێک بۆ مرۆڤ، گەر دوو دڵیشن ئەوا قەیدی نیە: لایکی خۆتان بکەن!!!

# 1

# From the Absurdity to Resistance

Waleed Omer